WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11 20ی خەرمانانی 2714 (750) دینار

# "رووداوەکەی چیای شنگال جینۆسایدە"

**رووداو – سلێمانی**

ئارام ئەحمەد، وەزیری پێشووی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەوەی لە چیای شنگال بەسەر ئێزدییەکاندا هات "جینۆسایدە". چونکە هەرەشەی کۆمەڵکوژی لە ئارادایە بۆ ئەوەی لە ئاینەکەیان پەشیمان ببنەوە "داعش بە ئاشکرا و بێ پەردە دەیەوێ ئێزدییەکان لەناو ببات و کۆمەڵکوژیان بکات بە پاساوی ئاینی". ئارام ئەحمەد دەڵێت ئێستا کاتەکە گونجاوە بۆ ئەوەی دۆسیەیەک بۆ بەجینۆسایدناسانی ئێزدییەکانی شنگال بجولێندرێت چونکە وای دەبینێ سەردەمە سیاسییەکە و پێگەی کوردیش جیاوازە لە ساڵی 1988 "بەڵام باشترە هەر لەئێستاوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە دەستپێبکرێ و وای تێدەگەم بەزوویی پشتگیری دەکرێ، چونکە شیعە و بەشێک لە سوننەش بۆ خۆیان گیرۆدەی دەستی داعشن".

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، ماوەی 2 کاژێر لەگەڵ بەرپرسی لیژنەی مافی مرۆڤی یونامی کۆبوونەتەوە و پێیانگوتوون کە ئەوە کارەساتێکی مرۆییە لەو ناوچەیە دەقەومێ.

2



## "عەرەبەکان دوو جوانترین کچی ئێزدییان برد"

5

**بارزانی لە وتارێکدا**

## کورد پێویستی بە هاوکاریی ئەمریکایە

21



**ڤیان دەخیل:**

## پێیانگوتم حەقی خۆتانە واتان بەسەربێت

7



چاودێرێکی سیاسی: پارتی لە شنگال دەبێتە میوانێکی عاقڵ

# YPG هێزێک لە گەنجانی ئێزدی دروست دەکات

3





ڕووداو
ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11



## فەرهاد پیربال: چیدی عێراقی نیم

**ڕووداو – هەولێر**

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا فەرهاد پیربال، نووسەر و ڕووناکبیر، کە ئێستا بەهۆی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەرییەوە زیاتر لەو ناونیشانەی هەڵگرتووە و بووەتە وێنەکێش و سینەماکاریش، ڕەگەزنامە عێراقییەکەی سووتاندو ڕایگەیاند: "من چیدیکە عێراقی نیم". پیربال گوتی "ئەگەر داعشێک عێراقی بێت، نوری مالیکییەک عێراقی بێت، فوئاد مەسعومێک سەرۆک کۆماری عێراق بێت، کە دەبێتە سێ پارچە، من لێرەوە ڕایدەیگەیەنم کە ڕەگەزنامەکەم دەسووتێنم چیدی عێراقی نیم". گوتیشی "شەرمەزارییە خۆت بە عێراقی بزانی".

## نەتەوە یەکگرتووەکان زانیاری مەترسیداری لەسەر دەستکەوتووە

# "ڕووداوەکەی چیای شنگال جینۆسایدە"



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

هێشتا فرمێسکی چاوی ئێزدییەکان لە چیای شنگال نەگیرسابووەوە، باراک ئۆباما، خشتەی هەندێک لە دیدار و دانیشتنەکانی هەڵوەشاندەوە و بەرەو شوێنی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و کتوپڕ ملی ڕێگای گرتەبەر، دوای زیاتر لە کاژێرێک گفتوگۆ و ڕاوێژکردن لەگەڵ تیمەکەی لە کۆشکی سپی، جیهان ئۆبامایەکی دیکەیان بینی قسەی دەکرد. ئەو پیاوە ڕەشتاڵەیەی لەوەتەی بووەتە سەرۆکی ئەمریکا، هەمیشە خۆی لە بڕیارەکانی جەنگ بەدووردەگرێ. ئیدی دوای قسەکانی ئەو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەوتنەخۆ.

سەرۆک ئۆباما، بەڕوونی و بێ پەردەی سیاسی و دیبلۆماتی قسەی دەکرد لەبارەی کوردەوە و گوتی "هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە سەرکەوتووە کە حەزدەکەین ببینین، تەساموحی بەرامبەر مەزهەبەکانی دیکە و ئاینەکانی دیکە هەیە، بەئاستێک کە حەزدەکەین لەشوێنەکانی دیکەش ببینین، بۆیە پێمانوایە دەبێت دڵنیابین کە ئەو ناوچەیە بەپارێزراوی دەمێنێتەوە". ئەوە زرنگانەوەی هاواری ئێزدییەکان بوو لە گوێی کۆشکی سپیدا، کاتێک دەپاڕانەوە بۆئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هانایانەوە بچێ.

ئێستا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵە بە دۆکیۆمێنتکردنی تەواوی تاوان و وێنە و زانیارییەکانی تایبەت بە قەڵاچۆکردنی کوردی ئێزدی و دەیەوێ لەو ڕێگایەوە دۆسیەی بە جینۆساید ناساندنی شنگال لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە. سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "جارێ دەستمان بە دۆکیۆمێنتکردن کردووە و ئەوە قۆناغی یەکەمە".

بەبڕوای سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، بەچڕی سەرقاڵن بە بینینی ئاوارەکان و قوربانییەکان، چ ئەوانەی لە چیای شنگالەوە ڕزگاریان بووە و چ ئەوانەش لە شوێنەکانی دیکەوە کوشتوبڕی چەکدارەکانیان بینیوە "دەمانەوێ لە زمانی خۆیانەوە هەموو شتەکان دۆکیۆمێنت بکەین، دواتر دەیکەینە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و بە هەموو دونیا و بەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا بڵاوی دەکەینەوە".

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، ماوەی 2 کاژێر لەگەڵ بەرپرسی لیژنەی مافی مرۆڤی یونامی کۆبوونەتەوە و پێیانگوتوون کە ئەوە کارەساتێکی مرۆییە لەو ناوچەیە دەقەومێ و "شوورەییە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەماشای خەڵک بکەن کە لە تینوێتی و برسێتی و گەرمادا بمرن"، گوتیشی، کۆرنیلیۆس ناکبی، بەرپرسی مافی مرۆڤی یونامی پێیراگەیاندوون " ئەو دیمەن و زانیارییانەی ئێمە دەستمانکەوتووە لەبارەی کوشتوبڕی ئێزدییەکانی شنگالەوە، زۆر لەوە مەترسیدارترن کە ئێوە دەیزانن، بەڵام لەبەر کاریگەریی زانیارییەکان ناتوانین باسی بکەین".

هەرچەندە پەرلەمانتاران هەوڵی زۆریان داوە لەگەڵ نێردەی یونامی کە زانیارییەکانی لای خۆیان ئاشکرا بکەن، بەڵام ڕەتیانکردووەتەوە بەهۆی کاریگەریی قورسی دیمەن و زانیارییەکان .بەڵام سۆران عومەر دەڵێ " لەهەوڵی خۆمان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی هەموو زانیارییەکان دۆکیۆمێنت بکەین و کۆیانبکەینەوە و ئەو دۆسیەیە بەرەو ڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بورووژێنین".

لەرۆژی 2 ئابەوە، هەزاران کوردی ئێزدی ناوچەی شنگال و دەوروبەری کە بە سەروو 100 هەزار کەس مەزەندە دەکرێن و بە گوتەی پەیامنێری ڕووداو، بەرەکات عیسا، کە بۆ خۆیشی یەکێک بوو لەوانەی لەو چیایە گیری خواردبوو، نزیکەی هەزار کوردی موسڵمانیشیان تێدا بووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە، نزیکەی 20 هەزار کەس ڕزگارکراون و دەگوترێ کە 500 ژن و کچیش لەلایەن چەکدارانی داعشەوە تاڵانکراون و براونەتە موسڵ.

سۆران عومەر دەڵێ، بەپێی نوێترین زانیاری، ئەو کچ و ژنانە گواستراونەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار لە هۆڵێکی بەرامبەر میوانخانەی نەینەوا "بەڵام ئەو کارەساتە بەشێوەیەکە ناگێڕدرێتەوە، ڕووداوەکان جەرگبڕن".

ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە "پەرلەمان دەتوانێ لای خۆیەوە ئەوە وەک جینۆساید رابگەیێنێ، وەک چۆن هەڵەبجە و ئەنفالیشی بە جینۆساید ناساند، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی"، بێستون فایەق، هەروەها گوتی کە پەرلەمان سوورە لەسەر ئەوەی کاری خۆی بکات و پێشیوایە کاتێک کورد دەیەوێ ئەو تاوانە وەک جینۆساید بناسێنێ، پرۆسەکەی ئاسانتر لەهەڵەبجە و ئەنفال دەچێتە پێشەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێ ، "دیمەنەکان هەموو دونیا بینی، بەڵگەکان ڕوونن و ئۆباما و بەشێک لەسەرکردەکانی هێنایە دەنگ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وورووژاند".

کورد چەند ساڵێکە سەرقاڵە بە دۆسیەی هەڵەبجە و ئەنفالەوە تاوەکو وەک جینۆساید بیناسێنێ، هەنگاوەکان دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی تێپەڕاندووە و چاوەڕوانی کۆدەنگی ڕۆژئاواییەکان دەکات. وا ئێستا کوشتاری ئێزدییەکانیش دێتە ڕێی. بێستون فایەق، دەڵێ، گوتارەکەی ئۆباما و بڵاوکراوەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆخۆیان دەبنە کارتی بەهێز بۆ ئەو دۆسییە.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەوەی لە شنگال ڕوویدا تایبەتمەندیی جینۆسایدی هەیە؟ ئارام ئەحمەد، وەزیری پێشووی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێ "بەڵێ". چونکە وەک ئەو باسیکرد، هەڕەشەی کۆمەڵکوژی لە ئارادایە بۆ ئەوەی لە ئاینەکەیان پەشیمان ببنەوە "داعش بە ئاشکرا و بێ پەردە دەیەوێ ئێزدییەکان لەناو ببات و کۆمەڵکوژیان بکات بە پاساوی ئاینی".

وەزیری پێشووی شەهیدانیش هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانرێ بەخێرایی دۆسیەی شنگال بجوڵێنرێ، چونکە وای دەبینێ سەردەمە سیاسییەکە و پێگەی کوردیش جیاوازە لە ساڵی 1988 "بەڵام باشترە هەر لەئێستاوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە دەستپێبکرێ و وای تێدەگەم بەزوویی پشتگیری دەکرێ، چونکە شیعە و بەشێک لە سوننەش بۆخۆیان گیرۆدەی دەستی داعشن".

# تورکیا 12 هەمین سەرۆک کۆماری هەڵبژارد



**ڕووداو– هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە 10/8/2014 هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە تورکیا و باکووری کوردستان بەڕێوەچوو. بەپێی ئەنجامە بەراییەکانیش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئەو وڵاتە بە بەدەستهێنانی نزیکەی 52%ی دەنگەکان بووە 12 هەمین سەرۆک کۆماری تورکیا. ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغلۆ، کاندیدی هاوبەشی پارتی گەلی کۆماری و بزووتنەوەی نەژادپەرست نزیکەی 39%ی دەنگەکان و سەلاحەددین دەمیرتاشیش وەک پاڵێوراوی پارتی دیموکراسیی گەلان نزیکەی 9% ی دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە، دەنگدانە بۆ سەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە. پێشتر سەرۆک کۆمار لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە هەڵدەبژێردرا، بەڵام لە ئەنجامی ئەو قەیرانەی ساڵی 2007 بۆ هەڵبژاردنی عەبدوڵڵا گیول دروستبوو، پارتی داد و گەشەپێدان بە گۆڕانکارییەکی دەستووری کە لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە پەسەند کرا، مافی دیاریکردنی سەرۆک کۆماری لە هۆڵی پەرلەمانەوە بۆ دەنگدانی گشتی گواستەوە.

بە درێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان زۆربەی شار و شارۆچکەکانی تورکیا گەڕا و کۆبوونەوەی جەماوەری سازکرد. گرنگترین ئەو پەیامانەی ئەردۆغان دەیدا بە لایەنگرانی، دووپاتکردنەوەی ئامانجەکانی تورکیای نوێ بوو. هاوکات باسی لە بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاشتی دەکرد و جار و بار گاڵتەئامێزانە ڕەخنەی لە ڕکابەرەکانی دەگرت.

ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغلۆ بە بەراورد لەگەڵ 2 کاندیدەکەی دیکە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا چالاکی کەمتر بوو. تەنها چەند کۆبوونەوەیەکی کەمی جەماوەری سازکرد، لە بری ئەوە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پیاوانی کار و ڕێکخراوە پیشەییەکان کۆدەبووەوە. درووشمی ئیحسان ئۆغلۆ بۆ هەڵبژاردن "نان و چاندن" بوو. لایەنگرانی دەیانگوت "بۆ بەدەستهێنانی نان دەنگ بدەن بە ئەکمەلەددین".

هەرچی سەلاحەددین دەمیرتاشە، توانی هەڵمەتێکی فراوان و سەرنجڕاکێش بەڕێوەبەرێت و دەنگی خۆی بگەیەنێتە زۆربەی دانیشتووانی تورکیا لە باکووری کوردستانەوە هەتا ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە. دەمیرتاش ئەوەی دووپات دەکردەوە کە هەردوو کاندیدەکەی دیکە، لەبەرەی دەوڵەتن و نوێنەرایەتی ستاتوکۆ دەکەن. بەڵام ئەو لە بەرەی خەڵکە و نوێنەرایەتی گەل دەکات.

سەلاحەددین دەمیرتاش توانی لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتە سەرکەوتووە ئەنجامێکی باشتر بەدەست بهێنێت بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دەنگەکانی پارتەکەی کە لە دوایین هەڵبژاردندا نزیکەی 6% بوو.

لەگەڵ گواستنەوەی سندوقەکانی دەنگدان لەناو هۆڵی پەرلەمانەوە بۆ بەردەم گەل و بە تایبەتی لەگەڵ سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ کۆشکی کۆماری، پێگەی ئەو کۆشکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیادا بەهێزتر دەبێت، بەو پێیەی پارتی داد و گەشەپێدان گۆڕانکاری دەستووری بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانیی تورکیا بە جددی خستووەتە بەرنامەی کاری خۆیەوە و ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی 2015 یەکلاکەرەوە دەبن لەسەر ئەگەری گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی یان نیو سەرۆکایەتی.

# هەڵەبجەییەکانیش باسی حکومەتی خۆجێیی دەکەن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو– سلێمانی**

لەمیدیا کوردییەکاندا ناوی هەڵەبجە وەکو پارێزگا دەهێنرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا پارێزگابوونی هەڵەبجە تەنیا وەکو بڕیارێکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە، قایمقامی هەڵەبجە دەڵێ "بارودۆخی ئەمنی و شەڕەکانی ئەم دواییەی سنوورەکانی باشووری کوردستان، کارەکانی پارێزگای هەڵەبجەی دواخست". 3 ڕۆژ بەر لەیادی 26 ساڵەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، لە ڕۆژی 13/3/2014، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری بە پارێزگابوونی شارەکەی بەفەرمی دەرکرد، هەرچەندە لەسەرەتادا کێشەی لەلایەن 3 قەزاوە بۆ دروستبوو کە ناچنە سەر ئەو پارێزگا نوێیە، بەڵام دوای دیاریکردنی سنووری پارێزگاکە لەڕووی ئیدارییەوە، هیچ بەرەوپێشچوونێکی دیکەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

ڕێباز کەمال، سەرۆکی دەستەی چاودێریی پارێزگای هەڵەبجە، باس لەوە دەکات کە کارو چالاکییان هەیە لەبەرەوپێشچوونی کاری بەپارێزگابوونی شارەکەیان و دەڵێ ، بارودۆخی کوردستان لەسەر ڕێڕەوی خۆی نییە، پارێزگای هەڵەبجە بەدەر نەبووە لەو بارودۆخ و قەیرانەی ڕووی لە کوردستان کردووە.

هاوکات گوتی کە لەگەڵ ئەوەی ئەو بارودۆخە ڕووی لە کوردستان کردووە، ئەوان دەستەوئەژنۆ دانەنیشتوون، "بەڵکو لیژنەیەکمان دروستکردووە لە حیزب و دامودەزگا و ڕێکخراوەکان". گوتیشی، ئەوەشمان لەبەرچاوە کە پارێزگای سلێمانی بۆخۆشی لە قەیراندایە و تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئیدارەی نوێی پارێزگاکە پێکبهێنرێت و دەبێ چاوەڕوان بین یەکلایی ببێتەوە، بۆیە هاوکاری حکومەت دەکەین لەو قەیرانەدا".

ڕێباز کەمال، سەرۆکی دەستەی چاودێری پارێزگای هەڵەبجە، دەڵێ چاوەڕێ دەکەن تاوەکو بارودۆخەکە بڕێک ئارام دەبێتەوە "دواتر سەردانی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، تاوەکو بزانین کارەکانی هەڵەبجە لەکوێدا ڕاوەستاوە، سەردانی پەرلەمانیش دەکەین بۆ ئەوەی لیژنەیەک دروست بکات بۆ چاودێریی ڕاپەڕاندنی کارەکانی پارێزگای هەڵەبجە".

"بڕیار وابوو دانیشتنەکانی پێکهێنانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە یەک پرۆژە بێت، بەڵام هەڵەبجە پشتگوێ خرا، لایەنە سیاسییەکان کەمتەرخەم بوون"، ئەوە تێبینی ڕێباز کەمال، سەرۆکی دەستەی چاودێری پارێزگای هەڵەبجەیە لەسەر دواکەوتنی جێبەجێکردنی کاری پارێزگاکەیان.

حیزبەکانی سنووری هەڵەبجە کە کاری ڕێکخستن دەکەن لە سنوری پارێزگاکەدا، 8 حیزبی سیاسین، سەرجەمیان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی حکومەتی خۆجێیی پارێزگاکە بەتەوافوق پێکبهێنن. ئەکرەم ئەنوەر، بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "لەم سنوورە دەنگی حیزبەکان نزیکن لەیەکەوە و زۆرترین دەنگ زیاتر لە 10 هەزار دەنگە، لەبەرئەوە هیچ حیزبێک بێبەش نابێت لە وەرگرتنی پۆست، دەنگە کەمەکانیش پۆستیان بەردەکەوێت". هەرچەندە ئەو کێشانەی ڕوویان لە کوردستان کردووە کارەکانی پارێزگاکەی دواخستووە، بەڵام بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو لە هەڵەبجە باس لەوە دەکات کە وەک حیزبەکان و ئیدارەی شارەکە لە جوڵە و گفتوگۆدان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، گوتیشی "لایەنە سیاسیەکان پێش جەژن کۆبووینەوە و یاداشتێکی 3 خاڵیمان ئامادەکردووە کە خۆی لە 3 خاڵدا دەبینێتەوە و ئاراستەی حکومەتی دەکەین". ئەوان لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوانی پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش دەکەن بۆ ئەوەی بە زوویی کاربکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، بۆئەوەی پارێزگار و ئیدارەی پارێزگا نوێیەکەی کوردستان دیاری بکرێن، لەگەڵ دیاریکردنی بوجەی پارێزگای هەڵەبجە.

ئەرکان حەسەن، قایمقامی قەزای هەڵەبجە، بەداخەوەیە کە بارودۆخی کوردستان کارەکانی پارێزگای هەڵەبجەی دواخست "چاوەڕوانی ئارامبوونەوەی ئەم وەزعە دەکەین". هەروەها گوتیشی "کێشەمان نییە چۆن پارێزگار دادەنرێت، دانانی پارێزگارمان داناوە بۆ حیزبەکان".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11

## بارزانی: سوپاس ڕووحانی



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا کە بۆ حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێرانی ناردووە، بەناوی خۆی و گەلی کوردستان سوپاسی ئەو هاوکاری و پشتیوانییە دەکات کە ئێران پێشکەشی هەرێمی کوردستانی کردووە. لە نامەکەدا بارزانی دەڵێت "یارمەتییەکانتان سەلماندی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەک چۆن لە ڕابردوو و لە ڕۆژانی تەنگانەدا دۆست و یارمەتیدەری نزیکی گەلی کوردستان بووە، ئێستاش دۆست و برای گەلی کوردستانە و ئەوەیان مانایەکی زۆری هەیە و جێگەی پێزانینە".

# YPG لە شنگال هێزێک لە گەنجانی ئێزدی دروست دەکات



**چاودێرێکی سیاسی:**

### پارتی لە شنگال دەبێتە میوانێکی عاقڵ

**بەرپرسێکی پارتی:**

### ئەو قسانە لە خەون دەچن

**عوبێد ڕەشافایی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسێکی ئەمنی پارتی ڕایدەگەیەنێت، یەکینەکانی پاراستنی گەل، ڕەوشی شنگالیان قۆستووەتەوە و خەریکی دروستکردنی هێزێکی چەکدارین لە گەنجانی ئێزدی ناوچەکە، چاودێرێکی سیاسیش ئەمە بە "مەترسی" دەزانێت.

هەر لەیەکەم ڕۆژی داگیرکردنی قەزای شنگال لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە شەوی 2014/8/3، بەپێی قسەی شایەتحاڵێک لەباشووری چیای شنگال، چەند شەڤانێکی YPG بینراون لەنێو خەڵکدا و گوتوویانە "ئێمە وەکو پێشمەرگە جێتان ناهێڵین".

خەلەف عەلی، کە یەکێکە لە ئاوارەکانی چیای شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "بەرە بەرە چەکدارانی یەپەگە لە چیا زیاد دەبوون، خەڵک زۆر تووڕەبوون، برسی بوون و تینوو بوون، ئەوانیش لەنێو خەڵکدا دەهاتن و دەچوون و دەیانگوت پێشمەرگە خیانەتی لێکردن و پارتی یەک شەهیدی بۆ ئێزدییەکان نەدا".

سوعاد ژنێکی تەمەن 45 ساڵە، دایکی 8 منداڵە، لەلایەن شەڕڤانانی YPG ڕزگارکراو گەیەنرایە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو ژنە دەڵێت لەوێ ژنە شەڕڤانێک کێک و شیری بەسەر منداڵەکاندا دابەشکرد و گوتی "ئەوە هاوکاریی ئۆجەلانە و خۆشتان دەزانن مەسعود بارزانی ئێوەی هەرزانفرۆش کرد، ئەمە لەبیر نەکەن".

ئێستا میدیای سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان کارلەسەرناشیرینکردنی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە، ئەمەش بە قسەی چاودێران ڕێگەخۆشکردنە بۆ جێگیرکردنی گەریلاکانی PKK لە ناوچەی شنگال.

خەیری شنگالی، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئێستا لە گوندێکی ڕۆژئاوای کوردستانە، گوتی "هەڤاڵانی YPG مەشق بەو گەنجە ئێزدییانە دەکەن و چەکیان دەدەنێ و ڕەوانەی چیای شنگال و ناوچەی سنوونێیان دەکەن".

خەیری شنگالی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە تاوەکو ڕۆژی دووەمی ڕووداوەکانی شنگال زیاتر لە 500 گەنجی ئێزدی براونەتە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بە سەرپەرشتی یەپەگە بچن شەڕی داعش بکەن و گوتی "هەمووومان دەزانین پێشمەرگە خیانەتی لە شنگالیەکان کرد و بەرگریی نەکرد".

لەبارەی هەماهەنگیی ئەو هێزە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە، ئەو بەرپرسەی یەکێتی گوتی: "هیچ هەماهەنگیمان نییە".

ژنێکی ئاوارەی چیای شنگال کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بەمەرج هێزەکانی یەپەگە هاوکارییان کردین و بە هاوسەری منیان گوت، ئەگەر نەچێت بۆ شەڕی داعش لەگەڵ ئەوان، ئەوا ئێمە بە ئۆتۆمبێل نابەنەوە باشووری کوردستان، بۆیە ئێستا مێردەکەم بە ناچاری لەگەڵ ئەواندا دەجەنگێت".

چاودێرێکی سیاسی لە دهۆک کە پێی باش نەبوو ناوی بهێنرێت، گوتی "دروستکردنی ئەو هێزە لەلایەن یەپەگەوە مەترسییەکی گەورە نییە لەسەر داهاتووی شنگال، بەڵام دەبێتە ئەمری واقیع و پارتیش لە داهاتوودا ناچارە هەماهەنگی لەگەڵ بکات، لەبەرئەوەی خەڵکی ناوچەکەن".

ئەو چاودێرە گوتی بە دروستکردنی ئەو هێزە کە پێدەچێت نزیک بێت لە 10 هەزار چەکدار "ئیدی پەیەدە دەیەوێت نفوزی هەبێت لە شنگال و بەهیچ شێوەیەک ناهێڵێت تەنیا پارتی حوکمداری موتڵەقی شنگال بێت و تەنیا دەبێتە میوانێکی عاقڵ".

ئاشتی کۆچەر، بەرپرسی ئاسایشی زاخۆ کە بە نوێنەرایەتی پارتی لەگەڵ دوو سەرکردەی دیکە چەند ڕۆژێکە لەڕێی ڕۆژئاواوە چووەتە چیای شنگال، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەڤاڵانی یەپەگە بەئاشکرا باسی دروستکردنی ئەو هێزەیان لە لای ئێمە کرد، بەڵام ئێمە ناهێڵین یەک هەنگاو بەبێ ئێمە بنێن".

ئەو بەرپرسەی پارتی قسەکانی ئەو چاودێرەی بە خەون وەسفکرد و گوتی "خەیاڵە ئەوان بەو هەنگاوە بیانەوێت حوکمداری لە شنگال بکەن، قارەمانی وەک قاسم شەشۆ و قاسم سمێر خاوەنی شنگالن کە هەم پێشمەرگەنە و هەمیش پارتین".

سەبارەت بە قۆستنەوەی بارودۆخی ئێستای شنگال کە تەنیا ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی ئاوارەکانی چیای شنگال ڕۆژئاوای کوردستانە، ئاشتی کۆچەر نەیشاردەوە کە بەرپرسانی یەپەگە "قسەی ناشرین" بە پێشمەرگە دەڵێن و دەخوازن بە "خائین" لەقەڵەمیان بدەن و وێنەی ئەوان ناشیرین بکەن.

کۆچەر نەیشاردەوە کە هەموو ئەو شتانە دەزانن، بەڵام گوتی "جارێ هیچ کاردانەوەیەکمان نابێ".

بەپێی سەرچاوەیەکی تایبەتی ڕووداویش، لەسەر ئەو ڕەوشە فازڵ میرانی پێش چەند ڕۆژێک پەیوەندی بە جەمیل بایکەوە کردووە و پێیڕاگەیاندووە کە ئەوان ڕازی نابن بەو جموجوڵەی یەپەگە. ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییە دوای ئەوە هات کە هێزێکی تایبەتی کۆماندۆ بە فڕۆکە چووبوو بۆ چیای شنگال بۆ هاوکاریکردن و ڕزگارکردنی ئاوارە گیرخواردووەکان، بەڵام هێزەکانی یەپەگە لەسەر چیای شنگال ڕێگەیان پێنەدابوون و پێیانگوتبوون کە دەبێ بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، چونکە ئێمە پێش ئێوە هاتووین و نابێت بێنە ئێرە، بۆیە پارتی بەو هەڵسوکەوتە زۆر تووڕە بووە.

**ئەمریکا پشتیوانی سەرۆک کۆمارە**

# مالیکی داوای لێپێچینەوە لە فوئاد مەعسوم دەکات

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- بەغدا**

نووری مالیکی سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەر و سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، درەنگانی شەوی ڕابردوو ڕایگەیاند کە فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆمار دەداتە دادگا ، بەڵام ئەمریکا یەکسەر هاتە دەنگ و ڕایگەیاند کە ئەوان پشتیوانی لە سەرۆک کۆمار دەکەن .

مالیکی لەو وتارەدا کە لە ڕێگەی کەناڵی عێراقییەی حکومییەوە پێشکەشی کرد، باسی تەواوبوونی ماوەی دەستووریی ڕاسپاردنی سەرۆکی حکومەتی نوێی کرد. مالیکی گوتی کە ئەو "لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەخلاقی و شەرعی"، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی کۆمار و دادگای فیدراڵی " لە بەزاندنی دەستوور لەم کاتە ترسناک و هەستیارەدا کە وڵات پێیدا تێدەپەڕێت" ئاگادار دەکاتەوە.

ئەوەش دوای ئەوە هات کە کۆدەنگییەک دروستبوو لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی عێراق بۆ دروستکردنەوەی تەوافوق لە عێراقدا کە پێویستە ڕێگە بە مالیکی نەدرێت بۆ جاری سێیەم بببێتەوە سەرۆک وەزیران ، ئەویش بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات خۆی بببێتەوە بە سەرۆک وەزیران .

مالیکی هۆشداری دا کە "بارودۆخی ئەمنی خراپتر دەبێت و کارەساتی گەورە ڕوودەدەن و زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندیی باڵای گەلی عێراق دەکەوێت". گوتیشی "ئێمە لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختداین کە ترسناکترە لەهەموو قەیرانەکان و بەرەنگاربوونەوەکانی دیکە کە چەندین ساڵە دووچارمان بوونە".

بەڕای مالیکی "بەڕێز سەرۆک کۆمار دووجار دەستووری پێشێل کردووە، جارێک بە درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ڕاسپاردنی کاندیدی گەورەترین کوتلەی نێو ئەنجوومەنی نوێنەران کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کۆتایی هات، جاری دووەمیش کاتێک سەرۆک کۆمار سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کاندیدی دەوڵەتی یاسا ڕانەسپێرێت کە گەورەترین کوتلەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانە بەپێی ئەوەی لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە حوکمی لەسەر دراوە".

مالیکی ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕۆژی دووشەممە (ئەمڕۆ) لە دادگای دەستووری سکاڵا لەسەر د.فوئاد مەعسوم تۆمار دەکات لەبەرامبەر پێشێلکردنی دەستوور لەپێناو حیساباتی سیاسی و پاراستنی بەرژەوەندی گرووپێکی دیاریکراو، لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی باڵای گەلی عێراق .

هەروەها داوای لە سەلیم جبووری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کرد لێپرسینەوە لە فوئاد مەعسووم سەرۆک کۆماری عێراق بکات بەهۆی ئەو پێشێلکردنە ڕاشکاوانەی دەستوور.

بەڵام برێت ماک گوێرک ، یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق ، هەڵوێستەکەی مالیکی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند " ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لە هەڵوێستی سەرۆک کۆماری عێراق فوئاد مەعسوم دەکەین، وەک پارێزەری دەستووری عێراق ". هەروەها گوتی " ئێمە پشتیوانی کاندیدێک دەکەین بۆ سەرۆک وەزیران کە کۆدەنگیی نیشتمانیی لەسەر بێت".





مالیکی لە وتارەکەیدا گوتی ئەوەی سەرۆک کۆمار دەیکات "کودەتایە لەسەر دەستوور و پرۆسەی سیاسی" ، بەڵام شرۆڤەکاران ئەو هەڵوێستەی مالیکی بە هەوڵدان بۆ کودەتای سیاسی لێکدەدەنەوە .

مالیکی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆشداریی ئەوەی دا کە ڕانەسپاردنی خۆی بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت " وڵات بەرەو دابەشبوون دەبات و ئەزموونی دیموکراسی لەباردەبات ". بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی "ئێمە گەشبینین بەوەی لە شەڕی بەرگریکردن لە دەستوور سەردەکەوین ".

بەپێی زانیارییەکان تووڕەبوونی مالیکی بەهۆی ئەوەیە کە ئەمڕۆ بڕیاربوو حەیدەر عەبادی لە لیستی دەوڵەتی یاسا بکرێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو، بۆیە بەو شێوە توندە ئەو خیتابەی دا .

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، دوای وتارەکەی نووری مالیکی ، چەند کەسێک لە لیستی دەوڵەتی یاسا کە مالیکی سەرۆکایەتی دەکات ، پەیوەندییان بە د.فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراقەوە کردووەو پێیانڕاگەیاندووە کە ئەو وتارەی مالیکی ، گوزارشت لە بۆچوونی خۆی دەکات و دەربڕی بۆچوونی ئێمە نییە .

هەر دوای وتارەکەی مالیکی ، پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو بەنێو کۆڵانەکانی شاری بەغدادا بڵاوکرانەوە، کە ئەوە وەک ڕاگەیاندنی "باری نائاسایی" لێکدرایەوە . لە هەمانکاتدا هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە هێزەکانی مالیکی کۆشکی کۆمارییان گەمارۆ دابێت .

بەڵام سەرچاوەیەک لە نووسینگەی سەرۆک کۆمار ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە " بارودۆخی کۆشکی کۆماری ئارامە و هیچ هێزێکی مالیکی کۆشکی کۆماریی گەمارۆ نەداوەو گاردی کۆماریش لە ئامادەییدان بۆ پاراستنی کۆشکی کۆماری"، هەروەها لە درێژەی لێدوانەکەیدا ڕایگەیاند کە ئەو هەواڵانەی تەلەڤزیۆنە عێراقییەکان بڵاویانکردەوە سەبارەت بە گەمارۆدانی کۆشکی کۆماری لەلایەن گاردی پاراستنی سەرۆک وەزیرانەوە، "دوورن لە ڕاستی".

ڕووداو
راپۆرت
ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11

## شوانێکی عەرەب دوو پێشمەرگە ڕزگار دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

دوو پێشمەرگە، کە ئەرکی پێشمەرگایەتییان لە بەنداوی موسڵ بووە، دوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر بەنداوەکە، لە ڕۆژی 7ی ئابی 2014، لە هێزەکانی خۆیان دادەبڕێن و ونده‌بن. بەڵام لەلایەن شوانێکی عەرەب بە چەکەوە حەشار دەدرێن، پاش دوو ڕۆژ لە حەشاردان و پێدانی خواردن و خواردنەوە، شوانەکە نایەڵێت چەکدارانی داعش پێیان بزانن، پاشتریش ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە ناو پێشمەرگە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕووداو، یەکێک لەو پێشمەرگانە خەڵکی دەڤەری سۆرانە.



لەسەر سکاڵای چەند مامۆستایەک

# لێکۆڵینەوە لە خەرجکردنی 2 ملیار دیناری پەروەردەی گشتی هەولێر دەکرێت

**سالح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران و سکاڵای چەند مامۆستایەک، وەزارەتی پەروەردە لێژنەیەک پێکدێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە خەرجیی کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و پەروەردەی ناوەندیی هەولێر.

بەپێی نووسراوی ژمارە 10250 لە ڕۆژی 2014/6/12، وەزارەتی پەروەردە بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی داوە بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل جەمیل، بەڕێوەبەری تەجهیزات لە وەزارەت و ئەندامێتی هەریەک لە عەبدولڕەحمان خدر، یاریدەدەری یاسایی و دەشتی سدیق فەرمانبەر لە چاپخانەی وەزارەت "بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کڕینی سەرجەم کەلوپەلەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندیی هەولێر".

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە 38729 لە ڕۆژی 2014/12/4 بڕیاری داوە بە پێکهێنانی لێژنەیەکی پێنج کەسی بۆ خەرجکردنی بڕی 1 ملیار و 581 ملیۆن دینار بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر. هەر هەمان ڕۆژ و بە نووسراوی ژمارە 38730 بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لێژنەیەکی دیکەی پێنج کەسی پێکهێناوە بۆ خەرجکردنی بڕی 730 ملیۆن و 750 هەزار دینار بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.

مامۆستا حەمەدەمین ئەحمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندیی هەولێر پشتڕاستیکردەوە کە لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی پێکهاتوون و گوتی "بیستوومانە لێژنەیەک لەسەر ئێمە پێکهێنراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ نەکردووین و هیچ نووسراوێکیشمان بەدەست نەگەیشتووە".

ناوبراو گوتیشی "ئێمە لە خەرجییەکانی خۆمان دڵنیاین و هەرکاتێک لێکۆڵینەوەکە دەستپێبکرد ئێمەش وەڵامی خۆمان دەبێت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لێژنەکە زۆر بە وردی و چڕی دەستی بەکارەکانی کردووە و ڕەنگە لە دوو هەفتەی داهاتوودا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بداتە لایەنی پەیوەندیدار.

هەر بەپێی زانیاری (ڕووداو) لێژنەکە گومانی "گەندەڵی" لە خەرجکردنی پارەکان دەکات. لێژنەکە ڕەنگە داوا بکات لێکۆڵینەوە لە خەرجی پەروەردەی پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بکرێت.

بورهان ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە پشتڕاستیکردەوە کە ئەو لێژنەیەی لەسەر خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گتشی پەروەردەی هەولێر و پەروەردەی ناوەندی هەولێر لەسەر داواکاری ئەنجوومەنی وەزیران بووە. بورهان ئەرگۆشی گوتی "کۆمەڵێک مامۆستا چوونەتە ئەنجوومەنی وەزیران سکاڵایان لەسەر خەرجی کەلوپەلی پەروەردەی گشتی هەولێر هەبووە.

ئەوانیش ئێمەیان لێ ئاگادار کردەوە، ئێمە لە هەنگاوی یەکەم بە باشمان زانی بەدواداچوون بکەین، فەرمانبەرێکی بەشی یاساییمان بۆ ئەو کارە ڕاسپارد، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کردبوو کە پێویستە لێکۆڵینەوە لە خەرجییەکان بکرێت، ئێمەش بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان دا".

سەبارەت بە کارەکانی لێژنەکە بورهان ئەرگۆشی گوتی "لێژنەکە کاری باشی کردووە و بەڵگەنامەی پێویستیان کۆکردووەتەوە، ڕەنگە پێویستیان بە سەردانێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر هەبێت".

دەگوترێت جگە لە وەزارەتی پەروەردە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەنیازن لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بکەن، بورهان ئەرگۆشی لەوبارەیەوە گوتی "ئەوان هێشتا دەستبەکارنەبوون و چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەکەن".

سەبارەت بە بوونی گەندەڵی لەو دۆسیەیەدا، بورهان ئەرگۆشی گوتی "ناکرێت پێشوەختە بڕیاری لەسەر بدەین، بەڵام بابەتەکەمان زۆر بە جددی وەرگرتووە، چونکە لەسەرووی خۆمانەوە نووسراو هاتووە، لە ئەنجامی بەدواداچوونی سەرەتاییش گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت".

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەی بەوەدا کە گلەیی هەبووە لەوەی ئەو کەلوپەلانەی کڕدراون وەکو پێویست نەبوون، بۆ نموونە ئەو قەنەفانەی بۆ قوتابخانەکان کڕدراون لە جۆری باش نەبوون، تەنانەت هەندێکیان بردووەتەوە بۆ ئەوەی چاکتری بکەن و بیگۆڕن.



فەرمانی کارگێڕی
ب/داناني لێژنه
بکر کریم حسن
بەڕێوەبەری گشتی



فەرمانی کارگێڕی
ب/داناني لێژنه
بکر کریم حسن
بەڕێوەبەری گشتی

### پەروەردەکانی سلێمانی و دهۆکیش دەگرێتەوە

بەپێی زانیاری (ڕووداو)، هەمان ئەو بڕە پارەیەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر خەرجکراوە، بۆ پەروەردەی دهۆک و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانیش خەرجکراوە. لێژنەکەی وەزارەتی پەروەردەش ڕەنگە داوا بکات لێکۆڵینەوە لە خەرجییەکانی پەروەردەی ئەو سێ شارەش بکرێت.

بورهان ئەرگۆشی لەوبارەیەوە گوتی "هەرچەندە هیچ گلەییەکمان لەسەر ئەو پەروەردانە بۆ نەهاتووە، بەڵام بە نیازین بە دواداچوون بۆ خەرجییەکانی ئەوانیش بکەین".

### کورسی قوتابیان ڕەفز دەکرێتەوە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ کەرتی پەروەردە تەرخانکردووە، وەزارەتی پەروەردە بڕیاری دا بەو 10 ملیۆن دۆلارە کورسی و مێز بۆ قوتابخانەکان بکڕێت.

دروستکردنی ئەو کورسیانە لە ڕێگەی تەندەرەوە درایە کۆمپانیایەک، بەڵام بەپێی زانیاری (ڕووداو) لێژنەی وەرگرتنی کورسییەکان بەهۆی خراپیی کواڵێتی کورسییەکان، وەرگرتنی کورسییەکانی لەو کۆمپانیایە ڕاگرتووە.

بورهان ئەرگۆشی وردەکاری کڕینی کورسییەکانی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی "بڕی 10 ملیۆن دۆلارمان لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ دابینکرابوو بۆ دروستکردنی 300 هەزار کورسی تاک و 150 هەزار کورسی جووت. پرۆژەکە خرایە تەندەرینەوە و بۆ کۆمپانیای کارۆخ دەرچوو".

لەسەر ئەو پرۆژەیە کۆمپانیایەک بە ناوی سەدەف سکاڵا تۆمار دەکات، بەڵام وەک بورهان ئەرگۆشی گوتی، کۆمپانیای کارۆخ یاداشتێکی پێشکەش بە وەزیری پێشوو کرد و گوتی لەبەرئەوەی پرۆژەکە لە هەموو کوردستان بۆ من دەرچووە، ئامادەم 400 ملیۆن دینار لە نرخی گرێبەستەکە دابەزێنم، وەزیریش ڕازی بوو لەسەر گرێبەستەکە.

بەڵام کۆمپانیای سەدەف بەوە ناوەستێت و دۆسیەکە دەباتە دادگا، بورهان ئەرگۆشی گوتی "دۆسیەکە ئێستا لە دادگایە".

دوای ئەوەی کۆمپانیاکە بەشێک لە کارەکانی تەواو دەکات و کورسییەکان ئامادە دەکات، لێژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ وەرگرتنی کورسییەکان، بەڵام لێژنەکە کورسییەکان ڕەتدەکاتەوە. چونکە کۆمپانیاکە کورسییەکانی بەپێی ئەو مواسەفاتە دروست نەکردبوو کە لە گرێبەستەکە بۆی دیاری کرابوو. بورهان ئەرگۆشی دەڵێت کۆمپانیاکە بەپێی گرێبەستەکە کارەکەی نەکردووە "کۆمپانیاکە لەسەر ئەو کارە غەرامەکراوە، جارێک بە 90 ملیۆن دینار و جارێکیش بە 67 ملیۆن دینار".

ئەرگۆشی ئاماژەی بەوەشدا تاوەکو ئێستا 17 هەزار کورسی لە کۆمپانیاکە وەرگیراوە بەوانەی کێشەیان هەیە و ئەوانەی کێشەیان نییە "دواتر ژمارەیەکی زۆر لە کورسییەکان وەرنەگیران، چونکە لێژنەی وەرگرتنی کورسییەکان پێیان پەسەند نەبوون".

سەبارەت بە چارەنووسی گرێبەستەکە، بورهان ئەرگۆشی گوتی "ڕەنگە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنینەوە". بەڵام گوتی "کۆمپانیایەکە تاوەکو ئێستا یەک فلسی بۆ خەرج نەکراوە".

دەبێ بەغدا بەشە بودجەی کورد بۆ 19 % زیاد بکات

# ژمارەی دانیشتووانی باشووری کوردستان 6 ملیۆنی تێپەڕاندووە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پسپۆڕانی بواری پەروەردە چاوەڕوان دەکەن لە مانگی داهاتوودا، کاریگەریی هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ باشووری کوردستان دەربکەوێت و بە دووریشی نازانن لە پارێزگای سلێمانی، گرفت بۆ پرۆسەی خوێندن دروست ببێت بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا کەمپ بۆ ئەو ئاوارانە دروست نەکراوە.

بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سلێمانی، دەڵێ هەڵمەتێکیان دەستپێکردووە بەنێو خێزانە ئاوارە عەرەبەکانی پارێزگای سلێمانیدا بۆ ئەوەی بزانن ژمارەی خوێندکارە ئاوارەکان چەندن و پێویستیان بەچەند خوێندنگە و مامۆستا و کەرەستەی خوێندن دەبێت. بەڵام دڵنیاشە لەوەی کە ئەمە پرۆسەیەکی قورسە "چونکە تاوەکو ئێستا بە دروستی ژمارەی خێزانە ئاوارەکانیشمان لانییە".

عوسمان مستەفا، دەزانێ کە خەرجی و پێداویستییەکانی خوێندنی نزیکەی 10 هەزار خێزانی ئاوارە لە پارێزگای سلێمانی، باری سەرشانی حکومەت قورس دەکات و ئاسان نییە وەزارەتی پەروەردە ئەو هەموو خەرجییەی پێ هەڵسوڕێت، بۆیە دەڵێ، داوایان لە ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکان و یونسێف کردووە بێن بە دەم وەرزی خوێندن و ئاوارەکانەوە لە هەرێمی کوردستان "کێشەی بینای خوێندنگە و مامۆستا و پەرتووک و کەرەستەکانی دیکەی خوێندنمان هەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆخۆی لەلایەن بەغداوە گەمارۆ دراوەو فشاری زۆری لەسەرە".

بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سلێمانی دەڵێ تەنانەت کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆی کە ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقن، ماوەی 80 ڕۆژە مووچەیان وەرنەگرتووە "کەچی ئاوارەکانیش بەردەوام هاوکارییان دەوێت".

بەپێی ئەو ئامارە نافەرمیانەی لەلایەن دامودەزگا پێوەندیدارەکانی باشووری کوردستانەوە بڵاودەکرێنەوە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی ڕوویان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کردووە، یەک ملیۆنی تێپەڕاندووە و کەمترینیشیان لە سلێمانی گیرساونەتەوە. ئەمە لە کاتێکدا هێشتا پرۆسەی ڕووکردنە باشووری کوردستان لەلایەن ئاوارەکانەوە بەردەوامە.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی هاتنی ئاوارەکان بەسەر بازاڕ و نیشتەجێبوون و دەرمانەوە بە خێرایی دەرکەوتن، بەڵام گرفتی خوێندن قورستر دەردەکەوێ، بەو پێیەی وەزارەتی پەروەردە بۆخۆی گرفتاری کەمیی بینای خوێندنە.

عوسمان مستەفا، بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سلێمانی، تێبینی کردووە، زۆربەی ئاوارەکان لە ژن و منداڵان پێکدێن "ئەمەش وا دەکات بڵێین 60%ی ئەو ئاوارانە لەوانەن کە دەخوێنن و دەبێ پێویستی خوێندنیان بۆ دابین بکرێت".

کەمال نووری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، دەڵێ هەر بە گەیشتنی ئاوارەکان ئەوان کێشەیان بۆ دروستبووە "لە دەرەوەی ناوشاری سلێمانی، دوو هەزار خێزانی ئاوارە لەنێو زیاتر لە 100 بینای خوێندنگەدا نیشتەجێبوون و پڕ بوون لە ئاوارە، تاوەکو کەمپیان بۆ دروستدەکرێ لە نێو بیناکانی ئێمەدا دەمێننەوە".

پێش دەستپێکردنی بارگرژی و شەڕە تائیفییەکانی عێراق، ژمارەیەک خێزانی عەرەب لە سلێمانی دەژیان و بەو هۆیەوە 7 قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەییان بۆ کرابووەوە، بەڵام ئایا نزیکەی 10 خێزان چۆن چارەسەر دەکرێن، لە کاتێکدا یەک مانگ لەبەردەم وەزارەتی پەروەردە ماوە بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندن؟

کەمال نووری، دەڵێ "بێگومان ئەو 10 هەزار خێزانە لانیکەم 5 هەزار خوێندکاریان دەبێت، بۆ ئەوەش ژمارەیەک خوێندنگەی دیکە پێویست دەبن جگە لە دابینکردنی پەرتووک و مامۆستای عەرەبی. ئەمە لە کاتێکدا پەروەردەی سلێمانی بۆخۆی پێویستی بە نزیکەی 700 بینای دیکەی خوێندنگە هەیە بۆ ئەوەی کێشەی دوو دەوامی و سێ دەوامی نەهێڵێت".

ناوبراو گوتیشی ڕەنگە بەشێکی کەمی چارەسەر ئەوە بێت کە "ئەو خوێندنگایانەی یەک دەوامن، بیکەینە دوو دەوام بۆ ئاوارەکان".

سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە حکومەتی باشووری کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو فشارە زۆرەی لە بەخێوکردنی ئاوارەکاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەبێ بیرکردنەوەی تەواو باوەشی بۆ ئاوارەکان کردووەتەوە "حکومەت تەنیا پارەی خێمەی حیساب کردووە، بەڵام ئەوەی حیساب نەکردووە کە لە دابینکردنی ئاو، کارەبا، ڕێگەوبان، خوێندن، خواردن، پێداویستی و جلوبەرگ، چەند لەسەری دەکەوێت".

د.عیزەت سابیر، هەروەها دەڵێ دوای هاتنی یەک ملیۆن ئاوارە، ئێستا حکومەت تێدەگات بووە بە ژێر چ بارێکی قورسەوە "کە قبوڵی کرد بێنە ناوەوە، تازە دەبێ وەک هاووڵاتی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکات و پێداویستی خوێندنیشیان بۆ دابین بکات".

بەڵام د.عیزەت سابیر، هێما بۆ ئەوە دەکات کە پەرلەمانتارانی بەغدا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای بودجە دەکەن و بەپێویستی دەزانێ کورد داکۆکی لەسەر وەرگرتنی زیاتر بکات "پێویستە ئیدی کورد بە 17% ڕازی نەبێت، چونکە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 6 ملیۆنی تێپەڕاندووە بەهۆی ئاوارەکان، دەبێ 19% بدرێتە کورد". گوتیشی "ئەگەر کورد بە 17% ڕازی بێت، دەبێ لەسەر گیرفانی خۆی یەک ملیۆن ئاوارە بەخێو بکات".



ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11

## 15 ملیۆن دۆلار بۆ ئاوارە ئێزدییەکان تەرخاندەکرێت

**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان 15 ملیۆن دۆلار بۆ ئاوارە ئێزدییەکانی شنگال تەرخاندەکات. رێباز محەمەد حەملان، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "بەرێگاوەین بەرە و پێشابوور و 15 ملیۆن دۆلارمان بۆ یارمەتیدانی ئاوارە ئێزدییەکانی شنگال تەرخانکردووە". وەزیری دارایی جەختی لەوە کردەوە بەرێگای لیژنەی سەرپەرشتی و پێشوازی ئاوارەکان و پارێزگاری دهۆک کۆمەکەکان دەگەیەننە ئاوارەکان و هەماهەنگییان هەیە لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان.



### ترازیدیای چیای شنگال لە زاری پەیامنێری (رووداو)ەوە

# ژنێک کە داعش دەستدرێژی کردبووە سەری داوای دەکرد بیکوژین



**رووداو- دهۆک**

بەرەکات عیسا، پەیامنێری (تۆڕی میدیایی رووداو)، وەک زۆربەی ئێزدی و مەسیحی و موسڵمانەکانی قەزای شنگال، ماوەی 7 رۆژ لە چیای شنگال مایەوەو لە پەیوەندی بەردەوامیشدا بوو لەگەڵ (رووداو). بەرەکات پاش رزگاربوونی لەو ترازیدیایە، لە ستۆدیۆی دهۆکەوە بەسەرهاتی ئەو حەوت رۆژەی بەجۆرێک گێڕایەوە کە ناخی مرۆڤی دەهەژاند. بەرەکات گوتی "لەوێ ژیان گەڕابووەوە سەرەتای قۆناغی مرۆڤایەتی".

بەرەکات وەکو رۆژنامەنووسێک قەت لەو باوەڕەدا نەبووە ئەو دیمەنانە ببینێت کە لە چیای شنگال بینی.

ئەو کە دانیشتووی قەزای شنگالە، یەکێک بوو لەو هەزاران ئێزدییەی لە ترسی هەڕەشەی چەکدارانی داعش قەزاکەی جێهێشت و رووی لە چیای شنگال کرد، نەهامەتی و ترازیدیاکانی ئەو چیا بێ ئاو و نان و مەرگهێنە بەئاسانی بە رووخساری خۆی و دوو منداڵە رزگاربووەکەیەوە دەبینران. ئەو لەگەڵ گێڕانەوەی هەر دیمەنێک لە پرمەی گریانی دەدا و بۆ ماوەیەک بێدەنگ دەبوو.

### منداڵ و بەساڵاچوو هەڵدەوەرین

بەرەکات گوتی "من وەکو مرۆڤێک و وەکو رۆژنامەنووسێک، ئەو دیمەنانەی نەمدەخواست لە ژیانمدا بیانبینم، منداڵێک لەبرسان و لە تینوێتیان بمرێت، یان بەساڵاچوویەک لەبەر ئەوەی دەرمانی نەبێت بمرێت". بەرەکات تەنیا دیمەنێک و دوو دیمەنی لەو شێوەیەی نەبینیوە، بەڵکو دەڵێت "تەنانەت منداڵانیش بە سەدان حاڵەتی لەو جۆرەیان دەبینی". هەروەها دەڵێت "ئەوەی لە چیای شنگال روویدا لە هیچ شوێنێکی دونیا روونەداوە".

پێدەچێت خێزانەکانی چیای شنگال هیچ هیوایەکیان بە ژیان نەمابێت، وەک بەرەکات دەڵێت "خێزانەکان حەزیان دەکرد پێکەوە بمرن، نەک تاک تاک".

دەڵێن رۆح شیرینە. بەرەکات بینیویەتی هەندێک لە پیاوەکان لە شنگال خۆیان دەرباز کردووە و خێزانەکانیان جێهێشتووە.

ئەو وەک زۆربەی دانیشتووانی قەزاکە لەگەڵ پێنج لە ئەندامانی خێزانەکەی روو لە چیای شنگال دەکات. هەرچۆنێک بێت توانیبووی برێک نان لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام بە گریانەوە دەڵێت "خێزان هەبوو لە چیای شنگال هیچ نانێکی پێ نەبوو".

بەرەکات بە چاوی خۆی چەندین بەساڵاچووی بینیوە کە لە مەرگ رایانکردووە و بەو چیا سەختەدا هەڵگەڕاون، بەڵام دواتر بیستوویەتی کە زۆر لەوانە لە رێگا لە برسان و لە تینوێتیان گیانیان لەدەستداوە.

بەرەکات دەڵێت دوو کاژێر دوای ئەوەی لە گوندی وەردیێ نزیک چیای شنگال بەرەو چیا بەرێکەوتووە، بە چاوی خۆی یەکەم منداڵی بینیوە کە مردووە.

"مردن زۆر زۆر بوو، بە تایبەتی لە نێو منداڵان، چونکە دایکەکان شیریان نەمابوو بیدەنە منداڵەکانیان، هەروەها ئەو خواردنەی دەدرایە منداڵان پێی تووشی سکچوون دەبوون". هەروەها دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون لێویان کول بوو کە من یەکێک بووم لەوان".

بەرەکات بە چاوی خۆی چەندین منداڵی پێخاوسی بینیوەو دەڵێت "ئەو منداڵانە بەهۆی دار و بەردی ئەو چیا بەردینە قاچیان بریندار بوو، خوێنیان لێدەچۆڕا".

بەپێی مەزەندە نزیکەی 50 هەزار کەس پەنایان بردبووە بەر ئەو چیایە، هەموو ئەوانە مردنیان بە چاوی خۆیان بینیوە "ئێمە لەژێر رێژنەی گوللەی قەناس و دۆشکە، شنگالمان جێهێشت، هەموو منداڵەکانمان تۆقیبوون".

بەرەکات کە باوکی دوو کوڕ و کچێکە، کچەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و دوو کوڕەکەشی دەداتە دەست براکەی بۆئەوەی بە ئوتومبێل دەربازیان بکات. ئەو بۆ ماوەی 8 کاژێر کچەکەی لە باوەش گرتووە و بەبێ ئاو و نان بە پیادە رۆیشتووە، ئەو دەڵێت "هەموو منداڵەکان لەژێر مەترسی مردندا بوون، چونکە ئاو نەبوو بیخۆنەوە".

تاکە سەرچاوەی ئاو لەو چیا سەختەدا تەنیا یەک کانی بووە، ئەویش دەبووایە بۆ ماوەی 4 کاژێر بەپێ برۆی بۆ ئەوەی بگەیتە کانییەکە.

ئەوەی مەترسی مردنی زۆری لەسەربوو، وەک بەرەکات ئاماژەی پێدا، بەساڵاچووان بوون، بە تایبەتی ئەوانەی نەخۆش بوون "بەساڵاچوویەکی زۆر لە شنگال تووشی نەخۆشیی شەکرە و جەڵتەی مێشک بوون، هەموو دیمەنەکان رەنگی مردنیان گرتبوو".

بەرەکات لە پێنجەمین رۆژی مانەوەی لە چیای شنگال پەیوەندی بە (رووداو)ەوە کرد و هاواری ئێزدییەکانی گەیاندە هەموو ماڵێک، ئەو گوتی پێنج رۆژە خێزانەکەی نەبینیوە و چارەنووسی نازانێت.

### ژیان گەڕایەوە قۆناغی سەرەتایی

بەرەکات لە درێژەی گێڕانەوەی ترازیدیای چیای شنگالدا باسی رەوشی خۆیان دەکات لە شەوان و دەڵێت "لە شەواندا نووستن نەبوو، چونکە جێگە نەبوو، دەبووایە لەسەر تاشەبەردەکان بنووین، بەڵام سەرماش بوو، نەتدەتوانی بەبێ بەتانی بخەویت".

نەخۆشکەوتن گەورەترین بەڵای ئاوارەکان بوو، چونکە هیچ نوژدارێک لەو چیایەدا نەبوو، وەک بەرەکات دەڵێت "ئەوەی نەخۆش کەوتبا دەبووایە چاوەڕێی مەرگ بکات، چونکە هیچ نوژدارێکی لێ نەبوو".

ئەو لە وەسفی ئەو رۆژانەدا دەڵێت "ژیان لەو چیایە گەڕابووەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی".

### کات گیری خواردبوو

ئاوارەکانی شنگال بەردەوام چاوەڕێی هەواڵێکی دڵخۆشکەریان کردووە، بەڵام ئەو هەواڵە دڵخۆشکەرە نەدەگەیشتە ئەو چیا پان و بەرینە، چونکە هەموو ئاوارەکان مۆبایلیان پێ نەبووە.

کاژێر لەوێ گیری خواردبوو، وەک بەرەکات دەڵێت "کات نەدەڕۆیشت، لەو حەوت رۆژەدا هەر کاژێرێک لەلای ئێمە بە 24 کاژێر بوو".

تاکە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری لەو چیا سەختەدا کە لە زۆربەی شوێنەکانیدا تۆڕی پەیوەندی نییە، تەنیا مۆبایل بووە، لەگەڵ رادیۆیەک. بەرەکات دەڵێت "ماڵێک لە چیا هەبوو، ئێمە نزیکەی 400 کەس لەو ماڵە کۆببووینەوە گوێمان لە رادیۆی رووداو دەگرت".

خەڵکی چیا کە دەیانزانی بەرەکات پەیامنێری تۆڕی میدیایی رووداوە، زوو زوو دەچوونە لای تاوەکو بزانن هەواڵی تازە چییە. بەرەکات دەڵێت "زۆرجار هەواڵی ناڕاستم بە خەڵکەکە دەگوت، تەنیا بۆ ئەوەی وەرەیان بەرز ببێتەوە".

### هەواڵە ناخۆشەکە

جگە لەبرسێتی و تینوێتی کە برستی لە ئاوارەکان بڕیبوو، زوو زوو هەواڵی ناخۆشیشیان پێدەگەیشت و دەیانگوت داعش فلان شوێنی گرت و ژنەکانی ئەو شوێنەی بردن، ئەوەش هێندەی دیکە ئاوارەکانی دەتۆقاند.

بەرەکات حەزی دەکرد دوایین کەس بێت شاخەکە جێبهێڵێت، بەڵام دەڵێت بەهۆی برسێتی و تینوێتی، مردن تادەهات نزیکتر دەبووەوە.

بەرەکات لە رۆژئاوای چیاکەوە رزگار کراوە، ئەو بە چاوی خۆی بینیویەتی بە هەزاران خەڵک لەو شوێنە بەهاوکاری پێشمەرگە و گەریلاکانی YPG رزگارکراون "خەڵک بە لێشاو لە چیا دەهاتنە خوارەوە، وات دەزانی کەس لە چیاکە نەماوە، بەڵام بە هەزاران کەس لە چیاکەدا ماون". بە بڕوای بەرەکات، ئەگەر پێشمەرگە و گەریلا نەبوونایە بە هەزاران خێزان لەو چیایە بەکۆمەڵ دەمردن.

وەک بەرەکات دەڵێت، لە نێو ئاوارەکانی چیای شنگال باسی هەرە گەرم بردنی ژنانی ئێزدی بووە لەلایەن چەکدارانی داعش "ئەوە تەنیا دەنگۆ نەبوو، زانیاری پشتڕاستکراو هەبوون، چونکە خەڵکێکی زۆر ئەو دیمەنانەیان بە چاوی خۆیان بینیبوو، بە تایبەت لە گوندی وەردیێ ژمارەیەک ژن و پیاو بۆ شوێنێکی نادیار بردراون".

ئەوەی جێی سەرسوڕمانی خەڵکەکە بووە، وەک بەرەکات باسی دەکات، چۆڵکردنی شنگال بووە لەلایەن پێشمەرگەوە "خەڵکەکە دەیانگوت ئەوانە پێشمەرگە نین و ناویشیان پێشمەرگە نییە کە شنگالیان چۆڵ کرد".

ئەو شەوەی داعش هێرشی کردە سەر شنگال، پەیامنێری رووداو لە کۆمەڵگەی گرعوزێر بووە و دەڵێت لە کاژێر 2ی شەو بۆردومانی داعش بۆ سەر کۆمەڵگەکە دەستیپێکردووە و ئەو بۆ ماوەی 4 کاژێر لەژێر بۆردوماندا بووە.

بەرەکات خۆی دەگەیەنێتە ماڵەوە، بەڵام ناتوانێت سەرجەم خێزانەکەی بە ئۆتۆمبێلەکەی رزگاربکات، بۆیە بە براکەی دەڵێت کە منداڵەکان بە ئۆتۆمبێلەکە رزگار بکات و ئەویش لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و خێزانەکەی بەپێ بەڕێدەکەون.

بەهۆی ئەوەی چەکدارانی داعش لە شەودا هێرشیان کردووە، بەرەکات هیچ کام لە چەکدارەکانی نەبینیوە، بەڵام وەک لە خەڵکی بیستووە، چەکدارانی داعش ئەوەندەش مەترسیدار نین "ئەوان تەنیا بە رێکلام خەڵکیان تۆقاندووە، زۆر ترسنۆکن، بۆ نموونە لە کاتی هێرشکردنیان بۆ سەر سیبا شێخ خدر، خەڵکی ناوچەکە بە چەکی زۆر سادە بۆ ماوەی 4 کاژێر شەڕیان کرد".

### بمکوژن

ئەوەی زیاتر ترسی خستبووە دڵی ئێزدییەکان، دەستدرێژیی چەکدارانی داعش بووە بۆ سەر ناموسیان. رەنگە ئەو ترسەش لە شوێنی خۆیدا بووبێت.

بەرەکات چیرۆکی ژنێک دەگێڕێتەوە کە کەوتووەتە دەست چەکدارانی داعش و دەڵێت "ئەو ژنە دوای هاتنی بۆ چیا گوتی کەسێک نییە لە ئێوە من بکوژێت، گوتیان بۆ؟ ئەویش بە گریانەوە گوتی: چەکدارانی داعش چەند رۆژێک گرتیانم و دەستدرێژییان کردە سەرم". هەروەها گوتی "ئەوان دەستدرێژییان کردە سەر دەیان ژنی وەکو من".

بەرەکات لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئەو حاڵەتەی بەسەر ئەو ژنەدا هاتووە لە کاتێکی دیکە و شوێنێکی دیکە بووایە ئەوا ژنەکە دەکوژرا، بەڵام دەڵێت "خەڵکەکە بە کوڵ بۆ ژنەکە گریان و دڵنەواییان دایەوە".

### یەکگرتوو بوون

ئەوەی زۆرتر بەرەکات و ئاوارەکانی دڵخۆش کردووە، تەبایی و یەکگرتوویی بووە کە لە چیا لە نێو ئاوارەکاندا هەبووە، ئەوان حەزیان دەکرد هەموو پێکەوە بن لە رۆیشتن، لە چوون بۆ سەر کانی، لە خواردن، ئەوانەی پارووە نانێکیان لە گیرفاندا بوو حەزیان نەدەکرد بە تەنیا بیخۆن، بەڵکو دەیاندایە هەموو منداڵەکان.

بەرەکات رۆڵی پیاوانی ئاینی ئێزدیش لەبیرناکات و دەڵێت "بەردەوام بەنێو خەڵکدا دەسووڕانەوە و دوعایان بۆ دەکردن".

# "عەرەبەکان دوو جوانترین کچی ئێزدییان برد"

## پیاوێکی ئێزدی: بە چاوی خۆم بینیم 2 ژنی بەساڵاچووی ئێزدیان کوشت و 5 کچیشیان برد

## ژنێک: داعشەکان لە نێو ژنە رفێندراوەکان گەڕاون و گوتوویانە فلان ژن جوانە و فلان ژن خۆشە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ژنێکی ئێزدی کە لە چنگی داعش رزگاری بووە، دەڵێت سێ ژنی خزمی کەوتوونەتە دەست داعش و تاوەکو سێ رۆژ دوای رفاندنیان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردوون و ژنەکان گوتوویانە "جارجار دەهاتن دەیانگوت ئەمەیان خۆشە و ئەمەیان جوانە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەزاری دانیشتووانی ناوچەکە دراونەتە (رووداو)، زیاتر لە 500 ژن و کچی ئێزدی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش و چارەنووسیان نادیارە.

### پیرەکانیان کوشتن و گەنجەکانیان بردن

کەریم ریتۆ، 46 ساڵ، پیاوێکی ئێزدی قەزای شنگالە، ماڵی لە گەڕەکێکە کە زۆربەیان موسڵمانن. کاتێک چەکدارانی داعش دێنە ناو قەزاکە، خۆی لە نێو ماڵە موسڵمانەکان دەشارێتەوە. ئەو دەڵێت چەکدارانی داعش تەنیا یەکجار هاتنە گەڕەکەکە، بەڵام نەیانزانی کە ئەو ئێزدییە.

کەریم لە ئێوارەی سێیەم رۆژدا چووەتە دەرەوە، بە چاوی خۆی دوو پیکابی چەکدارانی داعشی بینیوە "پیکابەکان 7 ژنیان تێدابوو، پێنجیان کچ بوون و دووانیشیان تەمەنیان لە سەرووی 50 ساڵ دەبوو، هەردوو ژنە بە تەمەنەکەیان لەسەر جادە کوشت و پێنج کچەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد".

بەپێی قسەی ئەو پیاوە، داعش 500 کچ و ژنی کۆمەڵگەی سیبا شێخ خدر و گرعزێر و گرزەرکێی بردووە "چونکە یەکەمجار هێرشی کردە سەر ئەو سێ کۆمەڵگەیە و خەڵکەکە نەیانتوانی رابکەن". گوتیشی "ئەو ژنانە براون بۆ سووریا و موسڵ و بەعاج".

### عەرەب دوو شاجوانەکەیان بردوون

ریتۆ باسی دوو کچی جوانی کۆمەڵگای گرعوزێر دەکات و دەڵێت "لە گرعزێر دوو کچی زۆر جوان هەبوون بەناوەکانی غالیە و مەرکەز کە هەردووکیان خوشک بوون و ناوبانگێکی زۆریان هەبوو لە جوانی، داعش لەگەڵ عەرەبە موسڵمانەکان هاتنە ئەو کۆمەڵگەیە، عەرەبەکان دەیانزانی ئەو دوو کچە جوانە لەو کۆمەڵگەیەن، یەکسەر چوونە ماڵیان و هەردووکیان بردن".

فەرمان قەدۆ، 22 ساڵ، لەفافێکی سپی لەنێوچەوانی خۆی بەستبوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە یەکەمجار لە چیای شنگال رزگار کرا. ئەو لە نێو باخچەیەکی ناحیەی باتێلی دانیشتبوو گوتی، کاتێک گەیشتنە چیا کەسوکاری خۆیان بەسەرکردووەتەوە و بینیویانە سێ ژن لە خزمە نزیکەکانیان دیار نین کە کەوتبوونە دەست داعش.

فەرمان تاوەکو سێ رۆژ بە تەلەفۆن ئاگای لەو سێ ژنە بووە و لەو ماوەیەدا چوار جار تەلەفۆنی بۆ کردوون، ئەو سێ ژنە باسی خۆیان کردووە و گوتوویانە "لە گرعوزێر سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و بردیانین بۆ موسڵ، دوو چەکداری داعش لەگەڵ ئێمە بوون، دەستدرێژییان کردە سەرمان، پاشان چەکداری دیکەش دەهاتن و دەیانگوت ئەمە جوانە و ئەمە خۆشە، قسەی زۆر ناشیرینیان پێدەگوتین".

قاسم عەتا، گەنجێکی دیکەی رزگاربووی چیای شنگال، دەڵێت خۆی بینیویەتی کچێکی 23 ساڵ هاتبووە چیای شنگال و هاواری دەکرد "بمکوژن". کاتێک لێیان پرسیوە بۆ؟ گوتی "ئەو خوێڕیانە سێ رۆژ بە بەردەوامی دەستدرێژییان کردە سەرم و پاشانیش پێیانگوتم برۆ بۆ ئەوەی بزانن ئێمە چیتان بەسەردێنین".



رووداو
ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11

## وێبلاگنووسێکی کورد رۆژهەڵات جێدێڵێت



**رووداو- مهاباد**

فایەق حوسێنی چالاکڤانی کرێکاری و وێبلاگنووسی کورد، کە لە ماوەی رابردوودا چەندینجار بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد کرابوو، بەهۆی فشاری مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە رووی لە دەرەوەی وڵات کرد. فایەق حوسێنی کە لە کێڵگە نەوتییەکانی ئێران کاری دەکرد گوتی "ماوەی7 مانگ بوو هیچ جۆرە هەقدەستێکمان پێنەدرابوو، مانمان گرت و لە ئەنجامدا نە تەنیا وڵاممان پێ نەدرایەوە، بەڵکو دەرکراین و هەقدەستەکەشیان خواردین". حوسێنی کە خوێندکاری ئەندازیاریی عومرانیشە، گوتی بەهۆی ئەوەی لە وێبلاگەکەمدا باسی کێشەی کرێکاران لەگەڵ خاوەنکارەکان کردووە سێ جار بانگهێشتی ئیتلاعات کرام، دواجاریش لە ترسی دەستگیرکردنم وڵاتم جێهێشت.

# حیزبەکانی رۆژهەڵات دەست بە خەباتی چەکداری دەکەنەوە



**رووداو – هەولێر**

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بڕیاردەدەن دەست بە خەباتی چەکداری بکەنەوە، هەندێک لە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبانە ئێستا شانبەشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدان لە دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. هەندێکیشیان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام هێشتا نەچوونەتە بەرەکانی شەڕ.

دوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، پێنج حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بنکە و بارەگایان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، ئامادەیی خۆیان پێشاندا دژی داعش بوەستنەوە.

لەو پێنج حیزبە سێیان پێشمەرگەیان ناردووەتە بەرەکانی شەڕ، ئەوانیش حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانن.

هەروەها یەکێک لە کۆمەڵەکان و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بەرگری لە کوردستان بکەن.

نزیکەی 10 حیزب لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەن کە سەرجەمیان لە هەرێمی کوردستانن، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی فشاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان، خەباتی چەکدارییان لە دژی کۆماری ئیسلامی وەستاندووە، ئێستا ئەوان دووبارە دەستیان بە خەباتی چەکداری کردووەتەوە، بەڵام بۆ بەرگری لە هەرێمی کوردستان نەک دژی کۆماری ئیسلامی.

دوای ئەوەی سەرەتای هەفتەی رابردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ئامادەیی خۆی نیشاندا پێشمەرگەکانی بنێرێت بۆ بەرەکانی شەڕ، رۆژی 2014/8/7 پۆلێک پێشمەرگەی ناردە ناوچەی خازر لە رۆژئاوای شاری هەولێر.

بەپێی زانیاریی (رووداو)، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نزیکەی 250 پێشمەرگەی ناردووەتە بەرەکانی شەڕ.

رۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدکا کە سەرپەرشتیی ئەو هێزە دەکات، بە ئاژانسی کوردپای راگەیاندووە "پێشمەرگەکانی دیمۆکرات بە مەبەستی پاراستنی سەروەریی کوردستان و پشتیوانی لەهێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لە گوێڕ و مەخموور شەڕیان لە دژی داعش کردووە". جەهانگیری گوتیشی "ئێمە بۆ رێکخستنی هێزەکانمان ستادێکی فەرماندەییمان لەکەسانی شارەزای بواری نیزامی پێکهێناوە، فەرماندە نیزامییەکانی حیزبی دیمۆکرات بەهاوکاری فەرماندەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی هێزەکانمان دەکەن".

بەپێی زانیارییەکان ئەو هێزە تەنیا دوو رۆژ لە ناوچەی مەخموور و گوێڕ ماونەتەوە و دواتر گەڕاونەتەوە بارەگاکانی حدکا. رۆستەم جەهانگیری ئەو زانیاریانەی بۆ ئاژانسەکە پشتڕاستکردەوە و گوتی "ئێمە لەسەر داوای وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان پێشمەرگە و هێزی خۆمان رەوانەی بەرەکانی شەڕ کرد، هەر لەسەر داوای ئەوانیش لە بەرەی شەڕ گەڕاینەوە". گوتیشی "ئەم ماوەیە هێزەکانمان لەژێر فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستاندا بوون".

دەنگۆی ئەوە هەیە هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی فشاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەبەرەکانی شەڕ کشابنەوە. بەڵام رۆستەم جەهانگیری گوتی "ئێمە لەوبارەیەوە بەڵگەیەکمان لەبەردەستدا نییە، بۆیە ناتوانین ئەو ئیدیعایە پشتڕاست بکەینەوە. ئێمە تەنیا لەسەر داوای هەرێمی کوردستان هێزمان بەرەو بەرەکانی شەڕ بەڕێکرد و لەسەر داوای ئەوانیش گەڕاینەوە".

پارتی ئازادیی کوردستان یەکەم حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ بەرگری لە هەرێمی کوردستان، ئەو پارتە ئەمەی بە کردەوە سەلماند کاتێک رۆژی 2014/8/6 پۆلێک پێشمەرگەی ناردە نزیک چیای شەنگال تاوەکو لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە رووبەڕووی چەکدارانی داعش ببنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) یش بە دەرکردنی راگەیەندراوێک پشتیوانی و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاند و لە بەشێکی راگەیێنراوەکەی (حدک)دا هاتووە: "ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان لە باشووری نیشتمان بە دەسکەوتێکی گەورەی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەزانین هەروەک لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی رابردوودا نیشانمان داوە و لە پێناوی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیدا بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک ئامادەین".

هەڵگورد حیکمەت، بەرپرسی رۆشنبیری و راگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەی رایگەیاند لەوەتەی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و چالاکوانی رۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندییان پێوەکردوون بۆ ئەوەی بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان بکەن.

لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەک لە چالاکڤانان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمپینێکیان بەناوی کەمپینی پشتگیری لە کۆبانێ و شنگال بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک رێکخست.

بەڕێوەبەرانی کەمپینەکە رایانگەیاند کە خەڵکی رۆژئاوا و باشووری کوردستان بوونەتە قوربانیی هێرشی چەکدارانی داعش و ئەوان دەیانەوێت هاواری قوربانیان بگەیەننە گوێی بەرپرسانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

هاوکات رۆژی هەینی رابردوو کە لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژی پەیامنێران بوو، چەکەکانیان لەسەر سەکۆیەکی باڵەخانەی پارێزگای ئەو شارە دانا، ئەمەش وەک رێزگرتنێک لە گیانی ئەو پێشمەرگە و هاووڵاتییە مەدەنیانەی باشوور و رۆژئاوای کوردستان کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە شەهید کراون.

### تەپوتۆزی داعش گەیشتە رۆژهەڵات

چەکدارانی داعش بە تەنیا مەترسی نین بۆ سەر رۆژئاوا و باشووری کوردستان، بەڵکو هەڕەشەکانی ئەو گرووپە گەیشتە رۆژهەڵاتی کوردستانیش.

بەپێی ئاژانس و ماڵپەڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لە شاری بانە ژمارەیەک گەنجی مۆتۆرسوار ویستوویانە دۆخی شارەکە بشێوێنن و بەوتەی خەڵکی شارەکە دروشمی لایەنگری لە "داعش"یان گوتووەتەوە.

شایەتحاڵێک بە هەواڵنێری ئاژانسی کوردپای گوت "ئەو لاوانە شەرواڵی کورتیان لەبەردابووە و دروشمی لایەنگری بۆ داعشیان گوتووەتەوە".

بەقسەی هاووڵاتیان، دوای مانۆڕی ئەو لاوانە، هێزە ئەمنییەکان چوونەتە شوێنی رووداوەکە، بەڵام کەسیان دەستگیر نەکردووە.

دەگوترێت چەند رۆژێک لەمەوبەریش چەند کەسێک لە لایەنگرانی "داعش" لە ناوچەی ئاویەری شاری سنە هەڕەشەیان لە خەڵک کردووە.



# ئەتۆمییەکەی ئێران کوردی لەبیری ئەوروپا بردەوە

**دەنیز سەرنجی**
**رووداو- کۆپنهاگن**

سیاسەتمەدارانی ئەوروپا لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و لە سێدارەدانی هاووڵاتیان بەبێ دادگایی پێویست نیگەرانن. هەروەها نیگەرانیشن لە دۆخی کەمینەکان، لەوانەش کورد.

ژان لامبەرتی بەریتانی کە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپایە بە (رووداو)ی گوت یەکێتی ئەوروپا زوو زوو باس لە کێشەی لەسێدارەدان لەگەڵ ئێران و ئەو وڵاتانەی دیکە دەکات کە ئەو سزایە پێڕەو دەکەن، بە ئەمریکاشەوە.

"لە ئێران سەرکوتکاری بەردەوامە، پاراستنی یاسایی و پرۆسەی دادگاییکردنی دروست نییە. زۆرجار سیستەمی دادوەریی ئێرانی سزا بەسەر تۆمەتباردا دەسەپێنێت بێ ئەوەی بەڵگەی دروست لەسەر تاوانەکەی هەبێت و دادبینی ورد بۆ تۆمەتبار ناکرێت".

لامبەرتی هەروەها دەڵێت "بەڵام ئێمە دەبێت بەردەوام بین لە فشارخستنە سەر ئێران بۆ ئەوەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێل نەکات".

کامپینی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها سەنتەری دۆکۆمێنتکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە راپۆرتەکانیاندا دەڵێن لەوەتای حەسەن رووحانی بووە بە سەرۆکی دەوڵەت، ژمارەی لە سێدارەدان لە ئێران کەمی نەکردووە. هەرچەندە رووحانی بەڵێنی پێڕەوکردنی سیاسەتی نەرمی دابوو.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، ئێران دان بەوەدا دەنێت کە لە ساڵی رابردوودا 369 کەسی لە دار داوە "بەڵام سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان رایانگەیاندووە کە 335 کەیسی لە سێدارەدانی دیکە هەبووە لەو ساڵەدا. راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەلای کەمەوە 11 لەو کەسانە لە خوار تەمەنی 18 ساڵییەوە بوون لە کاتی تۆمەتبارکردنیاندا." ئەمە بە قسەی ژان لامبەرتی.




تینی ناکس، پەرلەمانتاری هۆڵەندیش لە پەرلەمانی ئەوروپا دەڵێت پەرلەمانەکەیان لیژنەیەک دروست دەکات تا بەدواداچوون بۆ یاسای لە سێدارەدانی ئێران بکات و هەروەها لە پێشێلکارییەکانی دیکەی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە بکۆڵێتەوە.

کوردۆ باکسی، لە پارتی سەوزی سویدی دەڵێت وڵاتانی ئەوروپا ئەوەی کە لە ئێران رووداوەدات پشتگوێیان خستووە.

باکسی دەڵێت "کەس لە دژی رژێمەکەی تاران کە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات ناوەستێتەوە. دەبێت تەرکیزی زیاتر بخرێتە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێران نەک تەنیا چەکی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە."

ئەم بۆچوونە لای پارتەکانی دیکەش هەیە. پێر ستیگ مۆلەر، سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە پەرلەمانی دانیمارک کە بۆ خۆی کۆنزێرڤاتیڤە، مامەڵەی ئێران لەگەڵ کوردی ئەو وڵاتە بە "جێی مەترسی" وەسف دەکات. ئەو لەگەڵ ئەمانس پیرمە کۆبووەتەوە کە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی دانیمارک بەدواداچوون دەکات دەربارەی دۆخی مافی مرۆڤی کورد.

ژمارەی کورد لە ئێران نزیکەی 8 ملیۆنە، بەڵام هیچ پارتێکی یاسایی کوردی لەو وڵاتەدا نییە.

لە ماوەی رابردوودا بەرەی یەکگرتووی کورد کە رێکخراوێکی ناحکومییە لە ئێران، داوای لە کاربەدەستانی ئێران کرد مۆڵەتی دامەزراندنی حیزبیان پێبدەن. سەرەڕای رازیبوونی ئەو بەرەیە بە مەرجەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئێران بۆ پێدانی مۆڵەت بەو بەرەیە، لەوانەش لادانی ناوی کوردی لە بەرەکە، بەڵام هێشتا مۆڵەتیان پێنەدراوە.

نیکۆلاژ ویلمسن، ئەندام پەرلەمانی دانیمارک و ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا پێیوایە کە کێشەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان پشتگوێخراون بەهۆی ئەوەی کە تەرکیزەکە هەمووی لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەیە.

ئەو دەڵێت "گرنگە فشار بخەینە سەر ئێران تا واز لە سەرکوتکردنی کەمینەکان و لە سێدارەدان بهێنێت."

ئەو هەروەها دەڵێت کە رژێمی ئێران دوو رووە لە کێشەی مافی مرۆڤدا "ئەوان رەخنە لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرن لەسەرئەوەی کەمینەکان دەچەوسێننەوە، بەڵام بۆخۆشیان مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن".

ئێستا باشووری کوردستان خاوەنی قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، باکووری کوردستانیش بەهاتنە سەر حوکمی پارتی دادوگەشەپێدان خەریکە گرێی بەختی دەبێتەوە، رۆژئاوای کوردستانیش سوودی لە ئاڵۆزییەکانی سووریا وەرگرتووە و پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان دەکات، بەڵام رۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی لە دەرەوەی هاوکێشەکانە و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش خەباتی چەکدارییان لە دژی ئێران راگرتووە.

فیلیپ کرێینبرۆیک، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئێران لە زانکۆی گۆتینجن لە ئەڵمانیا، پێیوایە وڵاتانی رۆژئاوا تەرکیز ناکەنە سەر دۆخی کورد لە ئێران "چونکە کوردی ئێران وەکو کوردی عێراق و تورکیایان بەرامبەر نەکراوە".

فیلیپ هەروەها دەڵێت، دابەشبوونی ناوخۆیی لە نێو پارتە کوردییەکانی ئێراندا کاریگەری لەسەر توانای ئەوان بۆ لۆبیکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروستکردووە.

بەڵام دەشڵێت "خۆ هێندەی یەکێتی و پارتی لە ساڵانی نەوەتەکاندا دژی یەک نەبوون، کەچی یەکێتی و پارتی هێشتا توانییان بەردەوامی بە دۆزەکەیان بدەن".

جان بیەرە کریستنسن، لێکۆڵەرێکی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە دانیمارک پێیوایە رەخنەکانی یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئێران کاریگەرییەکی ئەوتۆ دروست ناکەن.

کریستنسن دەڵێت "ئێران گوێ لە رەخنەکانی یەکێتی ئەوروپا ناگرێت، چونکە یەکێتی ئەوروپا شەرعیەتی لای ئێران نییە، بە رەخنەگرتن لە پێگەی خۆی کەم دەکاتەوە، هەتا ئەوکاتەی کە گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ئێران بن، ئەو وڵاتە گوێ لە یەکێتی ئەوروپا و رۆژئاوا ناگرێ".

## گریانەکەی ئەمریکای هەژاند

◆ ڤیان دەخیل:

# پەرلەمانتارێکی شیعە پێیگوتم "حەقی خۆتانە واتان بەسەربێت"



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق سازکرابوو، لەناکاو ژنە پەرلەمانتارێکی کورد هاتە دەنگ و بەجۆرێک قسەی کرد و گریا، کە نەک هەر ژاوەژاوی نێو هۆڵە گەورەکەی کۆبوونەوەی بڕی، بەڵکو لە سەرانسەری جیهانیش دەنگی دایەوە.

گریانەکەی پەرلەمانتار ڤیان دەخیل، بووە سەردێڕی میدیاکان و یەکێک لە وێنە هەرە باوەکانی تایبەت بەو تراژیدیایەی کە هەفتەی رابردوو پاش هێرشی چەکدارەکانی داعش بۆ سەر ناوچەی شنگال و دەوروبەری، بەرەورووی ئێزدییەکان بووەوە. کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی نوێنەران هاوکات بوو لەگەڵ ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس کە پەنایان بۆ چیایەکی وشک و برینگ بردبوو، بەوهۆیەشەوە لەبەردەم دوو مەترسی لەناوچووندا بوون: کوژران بەدەستی داعش و مردن لە برسان.

ڤیان دەخیل، پڕ بەدەنگی داوای هاوکاری لە حکومەتی عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد. زۆری نەبرد هەموان بەدەم هاوارەکەیەوە هاتن. ڤیان دەربارەی ئەو ساتە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو گریانەی من شتێک بوو لەپڕ روویدا. چونکە هەرکەسێک ئەو دیمەنانەی بینیبێ ناخی هەژاوە".

ڤیان گوتی "ئەوە کاری من بوو کە هەرەشەی لەناوبردنی گەلەکەم بگەیەنمە گوێی هەموو دنیا، هەر کە دەستم بە قسە کرد هەموو ئەندامانی ئەنجومەن لەگەڵ من هەستانە سەرپێی و هاوسۆز بوون لەگەڵم، هەموان جیاوازییە سیاسییەکانی خۆیان خستە لاوە و بەشێوەیەکی ئینسانی تەماشای بابەتەکەیان کرد. تەنیا ئەندامێکی دەوڵەتی یاسا نەبێ کە رووبەڕووم وەستایەوە و پێیگوتم "ئێوە موستەحەقن واتان لێبکرێت.. بەڵکو لەوە خراپتریشتان لێبکرێت، بەڵام ئەوە تەنیا رای خۆی بوو نەک رای کوتلەکەی".

ڤیان ئامادە نەبوو ناوی ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرا بکات، هەروەها ئەوەشی نەدرکاند کە ئەو هەڵوێستەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەشێکی زۆری شیعەی عێراق لەوە بەداخ بوون کە لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر پارێزگای نەینەوا و گرتنی پارێزگاکە و تێکشکاندنی سوپای عێراق، کورد بێدەنگییان هەڵبژارد. بەڵام بەرپرسانی کورد دەڵێن کە نەیانویست لەو شەڕە مەزهەبییەدا ببنە لایەن.

گریانەکەی ڤیان بۆ ئەوە بوو کە نەک تەنیا عێراق، بەڵکو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بۆ بەهاناوەچوونی لێقەوماوان بێنە دەنگ. پاش کەمتر لە رۆژێک، ئەو گریانە کاری کردە سەر ئیدارەی ئەمریکا و خودی باراک ئۆباما کە لە وتارەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی وڵاتەکەی لەو تراژیدیایە گوتی: "ئەو ئافرەتەی لە پەرلەمانی عێراق گریا و گوتی کەس یارمەتی ئێمە نادات، ئەوە ئێمە یارمەتیتان دەدەین و هێزتان بۆ دەنێرین".

ڤیان گوتی "گریانەکەی من کاریگەری خستە سەر رای گشتیی نێودەوڵەتی و تەنانەت دەوڵەتانی هێنایە سەر خەت تاوەکو هێز و یارمەتی مرۆیی رەوانە بکەن بۆمان و ئەو خەڵکە رزگار بکەن لەسەر چیای شنگال".

ئەو دەڵێت "ئێستاش کاتێک تەماشای دیمەنەکە دەکەمەوە کە لەنێو پەرلەماندا بە گریانەوە قسە دەکەم، دووبارە دەست بە گریان دەکەمەوە، چونکە ئازاری منداڵ و ژنە ئێزدییەکان لەسەر دڵمە کە چۆن بەرگەی ئەو هەموو نەهامەتییە دەگرن، هەروەها چەندین ئافرەتمان ئێستا دیلن لەلای داعش، ئەوان ئافرەتانی ئێمەیان بە پارە فرۆشتووە بە خەڵکی موسڵ و سووریا".

ڤیان گوتی کە هەر لەسەر ئەو وتارە خەڵکی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان تەلەفۆنیان بۆ کردووە و دەستخۆشییان لێکردووە "تەنانەت لە هەندێک وڵاتی عەرەبیشەوە، لە کوێت و سعودیە، عەممان و سووریا و تورکیاوە دەستخۆشییان بۆ ناردم، هەرچەندە ئەوە کاری منە کە دەبێت بەرگری لە خاک و وڵاتی خۆم بکەم، بەڵام دەیانگوت وەک ئافرەتێک شانازیت پێوە دەکەین، بەو گریان و قسانەت خەڵک و ئەمریکات هەژاند. واتکرد کە ئەمریکا یارمەتی ئاوارەکانی شنگال بدەن و بزانێت کە داعش چ مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ناوچەکە و جیهان".

دوای 23 ساڵ

# کورد بە کۆمەڵ دەستیان دایەوە چەک

**ئەرکان عەلی و سامان بەشارەتی**
**ڕووداو- سلێمانی**

حیزب و پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، سەرجەم پرسە سیاسییە نێوخۆییەکانیان خستووەتە لاوە و سەرقاڵن بە پاراستنی ئەو سنوورە بەرفراوان و درێژەی لە چەند قۆڵێکەوە کەوتووەتە بەر هێرشی داعش. هەرحیزبە و لای خۆیەوە دەیەوێ بوونی خۆی لەبەرەکانی جەنگدا بسەلمێنێ و چەکدار و بێچەک خەریکی رەوانەکردنی ئەندام و لایەنگرانیانن.

هەڕەشەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، دۆخێکی وای هێناوەتە ئاراوە کە هەموو خەڵکی باشووری کوردستان، بەگەورە و بچووک و ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە، کەوتوونەتە ئامادەباشی بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرگری لەخاکی خۆیان. بەشێکی پارتە سیاسییەکان، لەنێویاندا بزووتنەوەی گۆڕان، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان و ئایندە و کۆمەڵی ئیسلامی کە خاوەنی هێزی سەربازی نین، چەند رۆژێکە هێزی چەکدار و کادرەکانی خۆیان کە زۆبەیان لە وەزارەتی ناوخۆ مووچە وەردەگرن، رەوانەی بەرەکانی شەڕ کردووە و بەشێکی دیکەشیان چاوەڕوانی ئەوەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەفەرمی داوای بەشدارییان لێبکات.



جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان، بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە خەریکی ئەوەن لایەنگر و رێکخستنەکانی خۆیان ئامادەبکەن بۆ ئەوەی بیاننێرنە بەرەکانی شەڕ و هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە بکەن "بەڵام شتێکی ئارەزوومەندانەیە و ئێمە رێکیاندەخەین و بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیان دەکەین".

جەمال محەممەد، لەو بڕوایەدایە کە بتوانن هێزێکی زۆر کۆبکەنەوە و بیاننێرنە ناوچەکانی بەرەی جەنگ لە کەرکووک و نەینەوا و دەڵێ، بزووتنەوەی گۆڕان کە خاوەنی هێزێکی جەماوەریی زۆرە " دەتوانێ خەڵکێکی زۆر کۆبکاتەوە و چەکیان پێبدات و بیاننێرێتە بەرەکانی شەڕ".

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەبێ هێزی چەکدار کاری سیاسی دەستپێکرد و تاوەکو ئێستا تەنیا ئەو پۆلیسانە شک دەبات کە بنکە و بارەگاکانی دەپارێزن، لەگەڵ ئەوەی داوا دەکات بەپەلە کۆبوونەوەی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت بۆ ئەو مەبەستە، ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆئەوەی هەر کاتێک داوایان لێبکرێت کادر و لایەنگرانی خۆیان رەوانەی بەرەکانی شەڕ بکەن.

عوسمان کاروانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، گوتی "ئێمە ناتوانین لە خۆمانەوە و بەبێ پلان خەڵکی خۆمان بنێرینە بەرەکانی شەڕ، چونکە دەبێت ئەو چەکدارانە لە ژێر چاودێریی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆدا بن".

ئەو دیمەنەی ئێستا هەیە لە باشووری کوردستان، لە ساڵی 1991ەوە دووبارە نەبووەتەوە، ئەو کاتەی راپەڕینی جەماوەری بە پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی شاخ دەستپێکرد و تەنانەت بەشێک لە ژنانیش چەکیان هەڵگرت بۆ رووبەڕووبوونەوەی سەربازگە و مۆڵگە سەربازییەکانی سوپای پێشووی عێراق.

حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، دوای پارتی و یەکێتی، یەکەم پارتی سیاسی بوو کە بە سەرپەرشتی محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبەکە هێزێکی چەکداری خۆی بردە بەرەکانی شەڕ لە سنووری پارێزگای کەرکووک، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات. چەند رۆژێک لەمەوبەریش حیزبەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان و شیوعی و ئایندە بەشێک لە پاسەوانی بارەگاکانی خۆیان رەوانەی ئەو سنوورانە کرد.

ئاسۆس عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی حیزبی زەحمەتکێشان دەڵێ "ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی بەشداریی بکەین لەبەرگریکردن لە خاک و ئاوی کوردستان و بۆ ئەو مەبەستە چیترمان پێبکرێت ئامادەین".

بەگوێرەی سەرچاوە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، پاسەوان و خۆبەخشی حیزبەکان لەگەڵ ئەو خەڵکانەی خۆبەخشانە دەچنە ریزەکانی پێشمەرگە، وەکو هێزی پشتیوانی بەکاردەهێنرێن.

بەگوتەی محەممەد حەکیم، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی، "نابێت بەسوود وەرگرتن لەدۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەرفەتی ئەوە برەخسێنرێت کە جارێکی دیکە حیزبەکان ببنەوە خاوەنی سوپا و هێزی چەکدار". ناوبراو ئامادەیی حیزبەکەشی دەربڕی کە چەند رۆژی داهاتوو پۆلیس و پاسەوانەکانی بارەگاکانی حیزبەکەی بنێرنە بەرەکانی شەڕ.

جگە لە پارتەکانی باشووری کوردستان، چەند حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە پێشمەرگەکانیان رەوانەی پێشەوە بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ناردبوو، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن "پێشمەرگەکانمان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رەوانە کراونەتەوە". محەممەد سائیبی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە گوتیشی "هێزەکەی ئێمە گەیشتبوونە ئەوێ، بەڵام نازانم بۆچی نێردراونەتەوە، وادیارە هێشتا پێویستیان بە هێزی ئێمە نەبووە".

# شەبەکی نەجەفیان پێ باشترە لە کوردستان



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

گریانەکەی بۆ ئاوارەبوونی خۆی و کەسوکارەکەی بوو، جلوبەرگێکی رەشی لەبەردایە و نەیدەزانی ئەو هەموو چیرۆکی ماڵوێرانییە چۆن بگێڕێتەوە کە لەوماوەیەدا بەسەریان هاتووە. ئەوان ماوەی زیاتر لە 6 رۆژە بەڕێگاوەن و زۆر بەدژواری رێگای گوند و شاری زۆریان بڕی تاوەکو جێگەیەکی ئارام بۆ خۆیان و منداڵەکانیان بدۆزنەوە.

سەلما عەلی، هێشتا فرمیسکەکانی رانەوەستاون، چونکە وەک خۆی دەڵێت، دوو کوڕ لە خێزانەکەیان لە دوای خۆیان بەجێماون و لەنێو مزگەوتی گوندەکەیان لە (بەرتللە) رووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەتەوە، بەڵام کاتێک بەدیل دەکەونە دەست چەکدارانی داعش، بەبێ پرسیار سەریاندەبڕن "دوو کوڕەکەمان پێیانگوتن ئێمەش موسڵمانین و قورئانخوێنین، بۆچی دەمانکوژن، بەڵام چەکدارەکان گوتبوویان هەرچی بن ئێوە شیعەن و کافرن".

سەلما، ژنێکی ئاوارە و لێقەوماوە و بە هەر دەردێک بووە گەیشتووەتە سلێمانی، هەرچەندە بەوان دەڵێن کوردی شەبەک و شیعە مەزهەبن، بەڵام خۆی دەڵێت "ئێمە کوردین"، گوتیشی "ئێمە لە کوردستانین و هەموو شتێکمان بۆ دابینکراوە، خەڵکی ئێرە زۆر باشن لەگەڵمان".

زۆربەی ژن و پیاوەکانی دیکە وەک سەلما، دەردەسەرییەکانی خۆیان دەگێڕایەوە و نەیاندەزانی چۆن وێنەی کۆمەڵکوژی و کوشتوبڕەکان بە زمانە تێکشکاوەکەیان بگێڕنەوە. یەکێک لە ژنەکان کە ئەویش وەک سەلما ژنێکی ئاوارەی کوردی شەبەکە دەڵێ "دەمانەوێت بچینە پەنای حوسەینییە تاوەکو بمانپارێزێت لەو فیتنەیەی کە رووی لە ئێمە کردووە، ئێمە کوردین و برا کوردەکانمان لەگەڵمان باشن، بەڵام لە پەنای حوسەینییە پارێزراوتر دەبین". مەبەستی ئەوان لە پەنای حوسەینییە ئەوەیە کە نایانەوێ لە باشووری کوردستان بمێننەوەو بەرەو ناوچەکانی باشووری عێراق دەڕۆن، بەرەو شارە شیعە مەزهەبەکانی باشوور.

کوردی شەبەک، شیعە مەزهەبن و لە شارۆچکەکانی دەشتی نەینەوا نیشتەجێن و لە دوای هێرشی چەکدارانی داعش ئاوارەبوون و روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام هەندێک لەوانە لە شارەکانی کوردستان نامێننەوە و بەرەو شارەکانی نەجەف و کەربەلا دەڕۆن. عەلی تەقی، یەکێکە لە ئاوارە کوردە شیعە مەزهەبەکان کە بۆ ماوەی دوو رۆژە لە قوتابخانەیەکی هاوینەهەواری دووکان ماوەتەوە، گوتی "خۆم و خێزانەکەم دەڕۆین بۆ خاکی پیرۆز بۆ نەجەف، راستە ئێمە کوردین، بەڵام خودا لەوێ ئاگای لێمان دەبێت و هەروەها برایانی شیعەمان زیاتر هەست بە ئازارەکانمان دەکەن".

ئاسۆ بەکر، قایمقامی قەزای دووکان گوتی "ماوەی هەفتەیەکە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە روویان لە قەزاکەمان کردووە، ئێزدی و شەبەک و مەسیحی و تەنانەت عەرەبیش رووی تێکردووین کە بەهەزاران خێزانن، ئێمە ئاو و خواردن و شوێنی مانەوەمان بۆ دابین کردوون، زۆریان تەنیا رۆژێک دەمێننەوە، بەتایبەت شیعە مەزهەبەکان، کوردە شیعەکانیش لێرە نامێننەوە و دەڵێن دەڕۆین بۆ باشوور".

باشووری کوردستان بووەتە پەناگەی گەرمی ئاوارەکان، ئەو ئاوارانەی مەزهەب و نەتەوە و زمانیان جیاوازە، بەڵام یەک ئازاریان هەیە، ئەویش پاکتاوکردن و ریشەکێشکردنە لەلایەن چەکدارانی داعش.

وشیار مستەفا، بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت گوتی، زیاتر لە 500 خێزانی کوردی ئێزدی و شەبەک و مەسیحی هاتوونەتە ناحیەکەمان و هەر بە گەیشتنیان خەڵکی ناوچەکەمان خواردن و ئاو و هاوکارییان پێگەیاندن. بەڵام گوتی "بۆ رۆژی دواتر تەنیا 25 خێزان لە ناوچەکەمان مانەوە، هەر خێزانێک خۆی پێچایەوە و بەرەو شارێکی دیکە رۆیشتن".

وەک بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت باسیدەکات، کوردی شەبەک بەرەو شارەکانی خوارووی عێراق دەڕۆن و مەسیحییەکانیش چوونەتە سلێمانی "چونکە کەنیسە شوێنێکی بۆ کردوونەتەوە، ئەوەی لەلای ئێمە ماوەتەوە 25 خێزانی ئێزدین کە شوێنمان بۆ دابینکردوون".

نزار ساڵح، یەکێکی دیکەیە لەو سەدان ئاوارە کوردە شەبەکەی کە لەگەڵ 150 خێزانی دیکە لە قەزای دووکانە و لەنێو قوتابخانەیەکدا ماونەتەوە، بەپێچەوانەی ئەوانی دیکە دەڵێ "من نامەوێت بۆ هیچ شوێنێکی دیکە بڕۆم، راستە من شیعەم، بەڵام کوردم و لەگەڵ برا کوردەکانم دەمێنمەوە، ئەوان وەک کەسی خۆیان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، زۆرن ئەوانەی کە بەرەو خوارووی عێراق دەڕۆن، من نازانم بۆ دەچنە پاڵ عەرەب کاتێک ئێمە کوردین".

بە بڕیاری پارێزگاری سلێمانی، ئەو ئاوارانەی کە روویان لە سلێمانی کردووە، لە ناحیەکانی بازیان و عەربەت و پیرەمەگروون کەمپیان بۆ دەکرێتەوە.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11

## هاوردەکردنی هەنار قەدەخە دەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لەبەر بەرژەوەندی گشتی جوتیاران و ساغکردنەوەی بەرووبومی جوتیاران، بۆ ماوەی چوار مانگ هاوردەکردنی هەنار قەدەخەدەکات. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی ناوبراو لە ڕۆژی 2014/8/15 تاوەکو 2014/12/15 هاوردەکردنی هەنار بۆ هەرێمی کوردستان قەدەخە دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە نووسراوی فەرمی سەرجەم دەروازەکانی سنووری هەرێمی کوردستان ئاگادارکراونەتەوە، کە لەو ماوەیەی دیاریکراوە هاوردەکردنی ئەم بەرووبومە قەدەخە بکەن.



# ساڵانە لە کوردستان 750 هەزار ئاژەڵ دەخورێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرپەرشتیاری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاند، ساڵ بەساڵ خواست لەسەر گۆشتی سوور لە هەرێمی کوردستان زیاد دەبێت، ئەم خواستە زۆرەش لەگەڵ ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی ئاژەڵ یەکناگرێتەوە، بۆیە لە ڕێگەی هاوردەوە پێداویستی ناوخۆ پڕدەکەینەوە، گوتیشی " ئەم خواستە زۆرە مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان هەیە".

بەپێی ئاماری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، تەنیا لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا یەک ملیۆن و 128 هەزار و مەڕ و بزن و 240 هەزار 124 سەر ڕەشەوڵاخ سەربڕاون، هەروەها زیاتر لە 435 هەزار تۆن گۆشتی سور هاوردەکراوە.

بەپێی ئەو ئامارە دەردەکەوێت کە ئێستا ساڵانە زیاتر لە 750 هەزار سەر ئاژەڵ لە کوردستان دەخورێت، ئەمە جگە لەو گۆشتەی هاوردە دەکرێت.

### سلێمانی یەکەمە

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستی ئاژەڵ و سەرپەرشتیاری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت لە کوردستان ساڵ لە دوای ساڵی خواست لە گۆشتی سوور زیاتر دەبێت، بۆ نمونە لەساڵی 2012دا تەنیا لەگوشتارگەکان 531 هەزار 383 سەر مەڕ و بزن و 100 هەزار و 413 سەر ڕەشەوڵاخ سەربڕاون. بەڵام لەساڵی 2013دا ژمارەکە زیادیکردووە بۆ 596 هەزار و 624 سەر مەڕ و بزن و 139 هەزار و 711 ڕەشەوڵاخ.

دکتۆر میقدار گوتیشی "بەپێی داتاکان بۆمان دەرکەوتووە دانیشتوانی شاری سلێمانی زۆرترین ڕێژەی گۆشتی سوور دەخۆن، دوای ئەوانیش هەولێر دێت، ئینجا دهۆک و گەرمیان".

### لە تورک و فارس زیاتر گۆشت دەخۆین

بەپێی ستانداردی جیهانی ساڵانە بەتێکرا هەر کەسێک پێویستی بەخواردنی 41.2 کیلۆگرام گۆشت هەیە لەم بڕەش پێویستە 14.4 کیلۆگرام گۆشتی سوور بێت، بەڵام بەپێی ئەو داتایانەی دەست (ڕووداو)کەوتوون ئێستا توانای بەرهەمی گۆشتی سوور لەناوخۆیی هەرێمی کوردستان لەنیوەی ئەم ڕێژەیە کەمترە.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم دەڵێت بەپێی ستانداری ئەورووپی پێویستە مرۆڤ لەساڵێکدا 14.4 کیلۆگرام لەگۆشتی سوور بخوات، بەڵام دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەو بڕە دەخۆن، گوتیشی "بەپێی داتاکان بۆمان دەرکەوتووە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەبەراورد بە هاووڵاتیانی سوریا و ئێران و تورکیا زیاتر گۆشت دەخۆن، بەڵام کەمتر لەئیمارات دەخۆن، ئەم خواستە زۆرەش مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی ئاژەڵ لە کوردستان هەیە".



### پێویستمان بە 120 هەزار تۆن گۆشتە

ناوبراو، هۆکاری زیادبوونی خواست لەسەر گۆشتی سوور بۆ باشبوونی گوزەرانی خەڵک و هاتنی گەشتیاران گەڕاندەوە و گوتی "بەپێی ئەو داتاو ئامارانەی لەکوشتارگەکان دەستمان کەوتووە بەرهەمی ناوخۆی گۆشتی سوور لەساڵی 2013 نزیکەی 55 هەزار تۆن بووە، ئەم بڕەش کەمترە لەنیوەی پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ گۆشتی سوور کە نزیکەی 120 هەزار تۆنە لەساڵێکدا".

### ساڵانە 63 هەزار ئاژەڵ زیاد دەکات

بەپێی دوایین سەرژمێری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بۆ ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان کە لەڕێگەی تیمەکانی کوتان ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە هەرێمی کوردستانی کوردستان ل خاوەنی 5 میلۆن و 743 هەزار و 48 سەر ئاژەڵە، ئەمە لەکاتێکدایە ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان لەساڵی2007دا 5 ملیۆن 295هەزارو193 سەر ئاژەڵ بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەماوەی 7ساڵی ڕابردوو تەنیا 447 هەزار 855 سەر ئاژەڵ زیادی کردووە. واتە ساڵانە زیاتر لە 63 هەزار سەر ئاژەڵ زیادی کردووە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاند زۆری خواست لەسەر گۆشتی سوور و کەمبوونەوەی دەستی کار و وشکەساڵی ساڵانی ڕابردوو وایکردووە ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان وەک پێویست گەشە نەکات، گوتیشی "ساڵانە ڕێژەیەک لەئاژەڵ زیاد دەبێت، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەئاستی خواستی ئێمە نییە، بۆ نمونە لەماوەی ئەو 7 ساڵە دەبوایە ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان گەیشتبایە 7 ملیۆن".

ئەم بەرپرسەی سامانی ئاژەڵ، ئاماژەی بەوەدا بۆ ئەوەی فشاری سنوورێک بۆ کەمبوونەوەی ئاژەڵ لە کوردستان دابنێن، سەربڕینی ئاژەڵی مێینەیان لە کوشتارگەکان قەدەخەکردووە و لەڕێگەی پێدانی ئالیکەوە هاوکاری ئاژەڵداران دەکەن، هەروەها ڕێگە بەهاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو گۆشتی بەستووش دەدەن.

دەڵاڵەکانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ ئاماژەبەوەدەدەن بەهۆی زۆری خواست لەسەر گۆشتی سوور، ڕۆژانە جموجۆڵێکی باشی کڕین و فرۆشتن لە مەیدانی ئاژەڵاندا هەیە.

لوقمان عوسمان، 50 ساڵ، کە ماوەی 30 ساڵە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ دەکات گوتی بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر گۆشتی سوور هەیە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ لەکوشتارگەکان و دەرەوەی کوشتارگەکان بەقاچاخ سەردەبڕێن، ئەمەش وایکردووە ساڵ بەساڵ ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان کەم ببێتەوە، گوتیشی "بۆ کەمکرنەوەی فشاری سەربڕین لەسەر ئاژەڵانی ناوخۆ، پێویستە حکومەت ئاسانکاری زیاتر بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بکات و باج کەمبکاتەوە".



### پلانەکە فریای گۆشتی سوور نەکەوت

بەگوێرەی پلانی ستراتیژی پێنج ساڵە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کە لە 2009 دەستی پێکرد لەساڵی 2013 کۆتایی هات دەبووایە لەساڵی ڕابردوو بڕی بەرهەمی گۆشتی سوور لە هەرێمی کوردستان بۆ 200 هەزار تۆن زیادی کردبا، بەڵام ئێستا توانای بەرهەمی هەرێمی کوردستان بۆ گۆشتی سوور تەنیا 55 هەزار تۆنە لەساڵێکدا.

دکتۆر عەباس عەلی، بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، نیگەرانی خۆی لەکەمی بەرهەمی ناوخۆ و فەشەلی پلانی ستراتیژی دەربڕی و گوتی "بەداخەوە بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست پلانەکە سەرینەگرت، چونکە دەبووایە حکومەت لە 10%ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ کشتوکاڵ تەرخان بکردایە، بەڵام ئەو بوجەی ساڵانە دابینی کرد نەگەیشتە 2%".

سەبارەت بەئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی گۆشتی سووریش، دکتۆر عەباس عەلی گوتی "هەر چەندە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو کەمێک مەترسیدارە، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوەخۆ بەگوێرەی پێویست لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا ڕێگەمان بەهاوردەکردنی 726 هەزار و 225 سەر ئاژەڵی زیندوو لەوڵاتانی جۆرجیاو و ئێران و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق داوە".

# قەرزەکەی بەڵێندەران گەیشتە 4 ملیار دۆلار

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی نەبوونی بودجە، بەشێک لە پڕۆژەکان لە هەرێمی کوردستان بە قەرز بەڕێوەدەچن، بەشێکی دیکەشیان لەلایەن بەڵێندەرانەوە ڕاگیراون. سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێت نزیکەی 4 ملیار دۆلار قەرزیان لای حکومەتە و هەندێک لە بەڵێندەرانیش مایەپووچبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە. هیچ کاتێکیش بۆ دانەوەی قەرزەکانیان دیاری نەکراوە.

یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان زیاتر لە 3 هەزار ئەندامی هەیە (1346 لە هەولێر، 1046 لە سلێمانی، 600 لە دهۆک و 36 بەڵێندەریش لە گەرمیان).

ئەو پڕۆژانەی کە بەڵێندەران لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێیان دەکەن، بریتین لە پڕۆژەکانی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و شیرینیی گرێبەستەکانی نەوت و پڕۆژەکانی وەزارەتی پلاندانان کە لە ساڵی 2008 وە 2932 پڕۆژە کاریان تێدا ماوە و بایی نزیکەی 13 ملیار دۆلارن.

سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەران دەڵێت حکومەت نزیکەی 4 ملیار دۆلاری بەڵێندەرانی لەلایە.

دوای چەندینجار ناڕەزایی دەربڕین و گردبوونەوە و داواکاری پێشکەشکردن، هێشتا کێشەکانی بەڵێندەران چارەسەر نەکراون کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە مانگی 12ی ساڵی ڕابردووەوە پێشینەکانیان ڕاوەستاوە. هەندێک لە بەڵێندەران بەهۆی ئەوەی ناتوانن پارەی وەستا و کرێکارەکان بدەن، تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی هاتوون.

پڕۆژەکان کە پێشتر بە قەرز بەڕێوەدەبران، ئێستا زیاتر لە نیوەیان وەستێنراون، هەندێک لە بەڵێندەران ئیفلاس بوون و پڕۆژەکانیان ڕاگرتووە، بەڵام خۆیان ئاشکرا ناکەن.

ڕزگار جەمال، سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێت "لە 2014/4/8 ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا کە 40%ی پێشینەکانمان بدەنێ، ئەم بڕیارەش تاوەکو 2014/4/12 جێبەجێ کرا و دواتر وەستا. دووبارە لە 2014/6/5 دەستپێکردەوە و لە 2014/6/10 وەستێنرا، جگە لەمەش 120 ڕۆژ لە ماوەی پڕۆژەکان لێخۆشبوونمان بۆ کرا، هەروەها چەند بەڵێندەرێک لە سلێمانی حیساباتی کۆتاییان بۆ کرا و چەکیان بۆ کرا، کە پارە هات پارە وەربگرن، بەڵام ئێستا ئەو چەکەش ڕاگیراوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی دواکەوتنی پێشینەکانیان، هەندێک لە بەڵێندەران تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی بوون "لە سلێمانی بەڵێندەرێک کە قەرزێکی زۆری لەسەر بوو هەوڵی خۆکوشتنی دا، بەڵێندەرمان هەیە ماڵە خەزوورانی هاتوون ژنەکەیان بردووەتەوە و گوتوویانە قبوڵ ناکەین لات دابنیشێ، شەڕ ڕوویداوە لەگەڵ بەڵێندەر بەهۆی قەرزارییەوە".

بە بڕوای ڕزگار جەمال، ئەمە وا دەکات بەڵێندەر سومعەی بشکێت لەنێو خەڵکدا.

ئومێد مەسعود نەقشبەندی، بەڕێوەبەری یاسایی لە دەستەی باڵای بەڵێندەران دەڵێت "پڕۆژەکان بە قەرز بەڕێوەدەچن بەپێچەوانەی بەڵێندەرانی دونیا ئێمە قەرز لە کارگە و هاوڕێیانمان دەکەین و لەسەر سیقە قەرزمان پێدەدەن".

ئومێد گوتیشی "بەڵێندەر ناتوانێت بڵێت مایەپووچ بووم و ڕاییبگەیەنێت، چونکە هەم حکومەت و هەم خەڵکیش قەرزەکانی خۆیان دەوێتەوە و کەسایەتیشی لەکەدار دەبێت".

سەرۆ دزەیی، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی بەڵێندەران دەڵێت ئێمە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین پێشینەکانمان پێبدەن و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان کۆبووینەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا پارەی تەواومان وەرنەگرتووە و بەڵێندەرانیش فشاری زۆریان لەلایەن قەرزارانەوە لەسەرە و تووشی کێشە بوون.

ئومێد نەقشبەندی دەڵێت "بەشێکی کۆمپانیاکان ئیفلاسیان کردووە، بەڵام ڕاینا‌گەیەنن و پڕۆژەکانیان ڕاگرتووە، بەشەکەی دیکەی بەڵێندەرانیش کە کار دەکەن، کارەکانیان زۆر سستە و کاری دوو ڕۆژ بە مانگێک دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە قازانجی پڕۆژەکان بەو شێوەیە نین کە بتوانین بە قازانجی پڕۆژەیەک زەرەری پڕۆژەیەکی دیکە پڕ بکەینەوە".

ڕۆژانە بەڵێندەران پەیوەندی بە سەرۆکەکەیانەوە دەکەن و دەڵێن خاوەن قەرزەکان تەنگیان پێهەڵچنیون. ڕزگار دەڵێت "ڕۆژانە بەڵێندەران پەیوەندیم پێوە دەکەن، بەڵام ئێمە بەگشتی ڕەچاوی بارودۆخەکە دەکەین و بێدەنگین، تاوەکو ئێستاش هیچ بڕیارێکی تازە نییە سەبارەت بە چارەنووسی پڕۆژەکان و بەڵێندەران".

ڕزگار گوتیشی" خۆم دوو پڕۆژەم هەیە کە یەکێکیان بایی 306 ملیۆن دینارە و 100% تەواو بووە و هیچ پێشینەیەکیم وەرنەگرتووە، پڕۆژەی دووەمم بایی 3 ملیۆن دۆلارە و 20%ی تەواو بووە، بەهۆی پێنەدانی پێشینە بە ناچاری پڕۆژەکەم ڕاگرتووە".

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە دلێر تارق، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەڵام ناوبراو گوتی پەیوەندی بە بەڵێندەرانەوە بکەن، ئەوان ئاگاداری هەموو شتێکن.




### داواکاری بەڵێندەران لە حکومەت:

1- درێژکردنەوەی ماوەی تەواوکردنی پڕۆژەکانیان.
2- قەرەبووی ئەو خەرجییانەی کە بەردەوامن، وەکو خەرجییە کارگێڕییەکان.
3- دروستکردنی ژووری عەمەلیات لە حکومەت و بەڵێندەران، بۆ ئەوەی لەکاتی ڕوودانی کێشەی تازەدا چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە.


## محەممەد رەئوف: سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو



# خەلافەت کۆنە و مەرج نییە دووبارە ببێتەوە

**محەممەد رەئوف، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هێرشەکانی ئێستای داعش بۆ سەر کوردستان و گرنگیی بەدەنگەوە هاتنی خێرای ئەمریکا دەکات کە بەبڕوای ئەو پەیامێکی بەهێز دەداتە وڵاتانی دراوسێش کە هەرگیز بیر لە پەلاماردانی کوردستان نەکەنەوە.**

**هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی**



فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم

**رووداو: خوێندنەوەی ئێوە بۆ رووداوەکانی ئێستای کوردستان چییە؟**

**محەممەد رەئوف:** لە هەر شوێنێک هەڕەشەی تیرۆر هەبێت هەموو شتێک چاوەڕوان دەکرێت، ئەگەر هێزە سیاسییەکان و گەلی کوردستان چاوەڕوانی هێرش و پەلامارییان لە عێراق نەکردبێت، لەبەرئەوە بووە ئێمە بەشێک نەبووین لە هیچ ناکۆکی و شەڕو ململانێیەکی تائیفی و ئازاری کەسمان نەداوە، بەڵکو ناوچەیەکی ئارامعان دروستکردووە بۆ حەوانەوەی خەڵکی لێقەوماو بە تایبەتی سوننەکان.

ئەوەی ئێستاش لە تووڕەیی و نیگەرانیی هەندێک گەنج دەبینرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی پاداشتی ئەو چاکەیەیان دەکرد کە بەرامبەر خەڵکی ئاوارە و عەرەبەکان کردیان.

ئەوەی روودەدات ئێمە بە بیرۆکەی داگیرکردن و لەناوبردنی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەزانین، جا ئەو هێزە دەرەکی بێت یان ناوخۆیی.

**رووداو: داعش چەمکی خەلافەت و دروشمی زیندووکردنەوەی دەوڵەتی ئیسلامیی بەرزکردووەتەوە، ئێوە وەکو هێزێکی میانڕەو چۆن سەیری ئەو مەسەلەیە دەکەن؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەم بابەتە پێویستی بە قسەی ورد و رۆشن و کاتی زیاتر هەیە، تا خەڵکی کوردستان بە باشی لە چەمکی "خەلافەت" تێبگەن، ئەم چەمکە کۆنە و مەرجیش نییە دووبارە ببێتەوە، هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە پێش سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە خەلافەتی عوسمانی هەرەسی هێنا، عوسمانییەکان نەیانتوانی بە باشی ئیدارەی وڵات هەر لە تەنجەوە تا پاکستان بکەن، بۆیە ئەوەی داعش باسی دەکات زۆر جیاوازە، چونکە چەمکی "خەلافەت" دەستەواژەیەکی ئیداری و سیاسییە و هیچ پەیوەندی بە قورئان و سوننەو شەریعەتەوە نییە، مەرج نییە ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت ئەو ناوەی بەسەردا بچەسپێ، ئەو هێزە پاوانخوازانەی بەناوی خەلافەت دەیانەوێ بە خەیاڵی خۆیان دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەن، خەڵک وا تەلقین دەکەن کە ئەمە پەیوەندی بە دینی ئیسلامەوە هەیە لە کاتێکدا نە ئەسڵی هەیە نە ئەساس.

ئەوەی داعش دەیکات ناو لەخۆنان و خۆگەورەکردن و خەڵک فریودانە.

**رووداو: ئێوە چۆن لە داعش دەڕوانن؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەم هێزە لەبەرئەوەی ناسنامەو مەرجەعیەتی دیار نییە، لە سادەترین پێناسەدا هێزێکی توندڕەوی تیرۆریستە.

**رووداو: هۆی گۆڕینی ئاراستەی شەڕەکانی داعش لە بەغداوە بۆ هەولێر چی بوو؟**

**محەممەد رەئوف:** دەبێ سەرکردایەتی سیاسی و ناوەندە رۆشنبیری و فیکرییەکان بە وردی دیراسەی ئەو شەڕەو ئەو فاکتەرانە بکەن کە ئەم هێزە بۆچی ئاراستەی شەڕەکانی بەرەو هەرێمی کوردستان گۆڕی؟ چۆن لە پڕێکدا پەیدابوون؟ ئەمانە هەموو پێویستی بە لێکدانەوە و قسەی زیاتر هەیە، چونکە ئیحتیمالی دووبارەبوونەوەی ئەم شەڕ و هێرشانە لە ئایندەیەکی دوور یان نزیک هەیە، بۆیە پێویستی بە قسە و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

ئێمە بەرنامەو خەونێکی سیاسیمان هەیە، ئەویش بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەت و نەخشە رێگایەک بۆ گەیشتن بەو ئاواتە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی هەموو شتێک بکەین.

**رووداو: گۆڕینی ئاراستەی شەڕ لە بەغداوە بۆ هەولێر نامەیەکی سیاسی ئیقلیمی نەبوو بۆ ئەو جوڵەو پڕۆژانەی باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و ئەنجامدانی ریفراندۆمیان دەکرد؟**

**محەممەد رەئوف:** قسەو تەحلیل زۆرن، هەندێک پێیانوایە ئەمە پەیوەندی بە هەڕەشەی جیابوونەوە لە عێراق و ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانەوە هەیە، بەشێکی دیکە دەڵێن ئەمە پەیوەندی بە فرۆشتنی نەوتەوە هەیە، هەندێکی دیکە دەڵێن ئەمە لێدانی کوردە بەدەستی ئەهلی سوننە لە عێراق بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکە دروست ببێت. هەموو جۆرە قسەیەک دەکرێت، بەڵام خەڵک بە دوای زانیاری و داتای راستدا دەگەڕێن، ناوەندە سیاسی و فکرییەکانی هەرێمی کوردستان نابێ هیچ لەم زانیاری و تەحلیلانە بە نەگۆڕ و راست دابنێن، چونکە ئیشی ئەم ناوەندانە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەم دیاردە و پێشهاتانە بکەن بۆئەوەی شڵەژانی ئەمنی و دابەزینی ورەی خەڵک و بەجێهێشتنی ماڵ و چۆڵکردنی شارەکانی لێنەکەوێتەوە، وەکو ئەم چەند رۆژەی رابردوو بینیمان، سەرەتا شکستی سەربازی بوو دوایی خۆمان گرتەوەو پاشان بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و چەواشە وەکو شەڕی دەروونی، دەبێ ئێمە خۆمان بۆ هەموو ئەو حاڵەتانە ئامادە بکەین، تا هێزی تیرۆریستی جورئەت نەکەن بیر لە داگیرکردنی وڵاتەکەمان بکەنەوە.

**رووداو: پێشتر تیرۆر لە چوارچێوەی فیکر و گرووپ و رێکخراوی بچووک بوو، بەڵام ئەمجارە وەکو دەوڵەت پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا، ئەمە چەندە مەترسیدارە؟**

**محەممەد رەئوف:** ئێمە پێش دروستکردنی یەکگرتوو زۆر ئیشمان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم بیرکردنەوە توندڕەوە کرد و تا رادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بووین، جێگای دەستمان لەسەر واقیعەکە دیارە، هاتین ژێرخانێکی میانڕەویمان بنیاتنا، ئەگەر ئیشکردنی ئەوکاتە نەبووایە ئێستا کوردستان مۆڵگەیەکی نائارامی دیکە دەبوو، ئەگەر تێبینیت کردبێت لە نوێژی جومعەی رابردوو کۆمەڵێک زانای ئاینی گوزارشتێکی جوانیان لە ئیسلامی حەقیقی و میانڕەو و ئاینی ئاشتی و پێکەوەژیان کرد، چونکە بە نرخترین شت لە ئیسلامدا ئینسانە، لە ئینسانیشدا کەرامەتیەتی.

کەرامەتی ئینسانیش لە ئازادیەکەیەتی، بەڵام لە فیکری توندڕەویدا ئەوەی نرخی نەبێت کەرامەت و ئازادیی ئینسانە، ئەوان لەوسەرەوەی دێن و ئیش تەنیا لەسەر کەمکردنەوەی ئازادی دەکەن، بۆیە بەلایەوە ئاسانە خەڵک بکاتە کۆیلە و بیکوژێ و ئازادی کەم بکاتەوە.

هەر ئەم فیکرە توندڕەوە بوو دەستی چووە خوێنی پیاوێکی پاک و بە حەیای وەکو حەزرەتی عوسمان کوڕی عەففان و 5 خەنجەری لێدا و گوتی: 3 خەنجەر لەبەر خواو 2 لەبەرئەوەی لەناو دڵ و دەروونی من هەیە!.

**رووداو: ئێوە وەکو یەکگرتوو هیچ پەیام و هەڕەشەیەکتان لە داعشەوە پێنەگەیشتووە لەبەرئەوەی ئەوان بە تیرۆریست وەسف دەکەن؟**

**محەممەد رەئوف:** هەندێک پەیامی هەڕەشە و نامەی کوشتنمان بەهۆی هەڵوێست و لێدوانەکانمان لەسەر داعش پێگەیشتووە.

**رووداو: راتان چی بوو لەسەر جێگیرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردە دیراسەیەکی سیاسی و ئەمنی و عەسکەری ئەو ناوچانە بکات لەم بارودۆخەدا بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا تا ئەم بارودۆخە تێدەپەڕێت، ئێمە وەکو یەکگرتوو سوورین لەسەر ئەوەی کە چوونەوە شوێنەکانی خۆمان ریفراندۆمی ناوێ، هیچ عەقڵیەتێکی تیرۆریستی و لایەنێکی داگیرکەر کورد بۆ دواوە ناگەڕێنێتەوە، چونکە دەستهەڵگرتن لەم ناوچانە و مافی بڕیاردانی چارەنووس و نەخشەڕێگای سەربەخۆیی یەکسانە بە کۆیلایەتی و رازیبوونە بە پلە دوویی!.

**رووداو: لە دوایین بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، ئێوە بە زمانێکی زۆر توند هێرشتان کردە سەر حکومەتی مالیکی، لە کاتێکدا وەزیری کۆچ و کۆچبەران لە کابینەی مالیکی هی ئێوەیە؟**

**محەممەد رەئوف:** نەک لە کابینەی مالیکی، بەڵکو لە کابینەکانی پێشووش هەمیشە پرسی بودجەی پێشمەرگە و پڕچەککردن و مەشق و راهێنانی ئەو هێزانە یەکێک بووە لە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، پاشان کێشەی بودجە و نەوت بووە، ساڵانە گوایە 17% دەنێرن بۆ کوردستان، کەچی 12.8% یان ناردووە، ساڵانە بودجەی نەفەقاتی سیادییان زیاد کردووە بەبێ ئەوەی لەو بودجەیە قوتابیەکی کوردیش بنێرنە دەرەوە بۆ خوێندن، ئێستاش بودجەکەیان بەبێ بەرامبەر بڕیوە، هەیەو نییە ئەو بایەعە شەڕەیە، ئەویش لەبەر باشبوونی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان سوودمان لەوەش وەرنەگرتووە، بۆیە بابەتەکان روونن، ئێمە لەسەر بنەمای زانیاری و بەڵگە قسە دەکەین، ئەمڕۆش بێ پارەیی و بێ چەک و تفاقی بە پێشمەرگەوە دیارە لە یەکەم رۆژی شەڕەکەوە، کەچی خۆڕاگر بووە، عێراق بە ملیارەها دۆلار لە سوپاکەی خۆی سەرف دەکات، کەچی بە 48 سەعات شکست دەهێنێ، ئەگەر 1%ی ئەو پارەیەی بۆ پێشمەرگە تەرخان کردبایە، ئێستا ئەم حاڵەتە روویندەدا.

**رووداو: ئێوە ئومێدتان بە دەستێوەردانی سەربازیی وڵاتانی جیهان هەیە بۆ شەڕی تیرۆر؟**

**محەممەد رەئوف:** بەدەمەوە هاتنی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی ئەمریکا بۆ شەڕی تیرۆر جێگای دڵخۆشییە و گرنگە، پێویستی بە هەڵوەستەکردنی سەرکردایەتی سیاسی و هەموو کورد هەیە، چونکە لەوەتای ئۆباما بووەتە سەرۆکی ئەمریکا، بەو مەرجە هاتووە کە وڵاتەکەی لە هیچ شەڕێک تێوەنەگلێنێ و دەستێوەردانی سەربازی لە هیچ وڵاتێک نەکات، ستراتیژی ئەو پیاوە ئەوە بووە باسی هێرش و بەرگری سەربازیی نەکرێت، بەڵام لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا لە کەمترین ماوەی زەمەنیدا و لە دوایین ساڵی ویلایەتەکەیدا ئۆباما شەخسی خۆی هاتە سەرخەت و ناوی کورد و هەولێری لە گوتار و لێدوانەکانیدا برد، بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و بۆردومانکردنی داعش لەلایەن ئەمریکاوە لە مێژوودا وا بەخێرایی روویندەداوە، ئەمریکا وا بەپەلە و خێرا بەم شێوەیە بە دەم هیچ وڵات و گەلێکەوە نەچووە، ئەم بەدەمەوەهاتنەی لە ناکاو و چاوەڕواننەکراوەی ئەمریکا هەموو دوژمنێکی کوردی لە نزیک و دوور تووشی شۆک کرد.

بەدەمەوە هاتنی خێرای ئەمریکا بۆ کورد پەیامێکی دا بە دوژمنانی کورد کە بیر لە پەلاماردان و داگیرکردنی کوردستان نەکەنەوە، ئەم پەیامەی ئەمریکا دەبێ هەموو کوردێک زۆر بە گرنگییەوە وەریبگرێت و ئیشی لەسەر بکات بۆ ئایندە، ئەوەتا سووریا 2 ساڵە قەتلوعام دەکرێت، کەچی پێیان دەڵێن خۆتان بگرن وا دێ و هەر نەچوون، بەڵام ئەمریکا بۆ کورد بە ماوەی چەند رۆژێک هاتە سەرخەت.

کوردستان شوێنێکی ئارام و سەقامگیر بووە و شوێنی داڵدەدان و حەوانەوەی خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو بووە، هەموو کات ناوەندێکی سیاسی بووە بۆ هەوێنی یەکگرتوویی عێراق، خوا بیبات و بیبرێت و لەمەودوا نەمێنێ و ئیسپات بوو کە خێر لەم عێراقە نابینین، بەداخەوە وڵاتانی دراوسێ و ئیسلامی پاداشتی ئەو چاکەیەی کوردستانیان نەداوەتەوە، بەڵام ئەمجارە وڵاتانی رۆژئاوا بەدەم کوردەوە هاتن و ویستیان ئەو زوڵمەی لە سایکس بیکۆ کردیان پینەی بکەن.

**رووداو: تۆ دەڵێی خوا عێراق ببات و ببیبرێت و لەمەودوا نەمێنێ، بەڵام ئێوە چوونەوە بۆ عێراق؟**

**محەممەد رەئوف:** عێراق هەڵنەوەشاوەتەوە تا ئیتر نەچین، مافی خۆمانە بچینەوە عێراق و بە ئازادانە دەچینە بەغدا و مافی خۆشمانە پۆستی سیادی و مافە دەستوورییەکانمان وەربگرین، ئێستا باس لە دروستکردنی حکومەتێکی عێراقی و کارابوونی پەرلەمانە، پاشان ئێمە سەری میزانی دەستوور دەگرین و مافە دەستوورییەکانی خۆمان وەردەگرین، سکاڵای ئەو نانبڕین و زوڵمە نائینسانیانەش دەکەین کە ماوەی 6 مانگە مووچەی خەڵکی کوردستان بڕاوە و هەمووی خەرقی دەستوور و جاڕنامەی مافی مرۆڤە.

**رووداو: یەکگرتوو ناکۆکی لەگەڵ ئێران لەسەر دۆسیەی لابردنی مالیکی و سووریا هەیە؟**

**محەممەد رەئوف:** لەسەر ئەم دوو مەلەفە لەگەڵ ئێرانییەکان دانەنیشتووین، تەنها لەسەر رووداوەکانی موسڵ و هێرشەکانی داعش گفتوگۆمان کردووە، ئێمە دەمێکە ئەوەمان راگەیاندووە لە تاران و نێوەندە نێودەوڵەتییەکانیش گوتوومانە کە ئێمە خۆمان بە خاوەنی دوو مەلەف دەزانین، لەوانە مافی براکانمان لە کوردستانی سووریا کە ئەوان هاووڵاتی ئاساییین و لەسەر خاک و جوگرافیای خۆیان دەژین و مافی خۆیان لەم وڵاتە هەیە، مەلەفی دووەمیش تەواوی گەلانی سووریایە، ئێمە دژی زوڵم و ستەم و سەرکوتکردنی ئازادییەکانی گەلانی سووریاین بەبێ جیاوازی و ناوهێنانی هیچ گرووپ و تائیفە و رەوتێکی سیاسی.

**رووداو: هەوڵی باشکردنی پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستانتان نەداوە؟**

**محەممەد رەئوف:** ئێمە لەگەڵ زۆربەی هێزە سیاسییەکان دانیشتووین و پێمانگوتوون کە وەلائی جیاواز و گوتاری جیاواز و نا یەکگرتوویی زیانی زۆر بە پرۆژەی گەلی کورد لەو پارچەیە دەگەیەنێت، داوامان لێکردوون ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و کانتۆن رادەگەیێنن، پێویستە بە یەکەوە بیکەن، هێزی چەکدار دروست دەکەن بۆ خۆپاراستن بە یەکەوە دروستی بکەن و گومرگ و پارە کۆدەکەنەوە بەشی لایەنەکانی دیکەش بدەن بۆئەوەی لە خەڵکی دیکەی وەرنەگرن، چونکە ئەم ئەزموونە لە هەرێمی کوردستان تاقیکراوەتەوە، پێمانگوتوون ئەزموونە تاڵەکەی ئێمە دووبارە مەکەنەوە، ئێمە لە کوێین ئێستا ئێوە لەوێوە دەستپێبکەن.

**رووداو: ئێوە بەنیازی گرتنی کۆنفرانسن، بە نیازن هەر کەسێک پۆستی پەرلەمانی و حکومی هەبێت لە مەکتەبی سیاسی نەمێنێ؟**

**محەممەد رەئوف:** لەبەر ئەم بارودۆخە هەولێر و بادینان کۆنفرانسی ناوخۆییان نەبەستووە، لەوانەیە کۆنفرانس دوابخەین، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، ئەمە بیرۆکەی خۆم بوو لە کۆنگرەی پێنجەم کە وەزیر بووم، قەناعەتم وایە پێویستە خۆت بۆ ئەو پۆستە یەکلا بکەیتەوە، پەرلەمانتار و وەزیری ئێستاش وەکو جاران نییە بەڵکو ئەرکیان قورسترە، بۆیە جارێ پێشنیاز و قسەی لەوجۆرە رۆژانە لەسەر ئاستی گەنجان و مەکتەبەکانەوە بۆمان دێت، ئێمەش گوێ دەگرین و بزانین چۆن باشە تا پەسەندی بکەین، بەڕای من دەبێ دوای رووداوەکانی ئەم دواییە بە کاری سیاسی و حیزبیدا بچینەوە.

ئەم بێ ئەرزش سەیرکردنەی یەکتری و گاڵتەکردنە بە توانای ناوخۆ دووبارە چاوی پێدا بخشێندرێتەوە.

**رووداو: بوونی حکومەتێکی بنکەفراوان لە کابینەی هەشتەم تا چەند یارمەتیدەر بوو بۆ خۆڕاگریی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی داعش؟**

**محەممەد رەئوف:** بەڕای من ئەم یەکگرتووییەی هێزە سیاسییەکان و ئەم حکومەتە بنکەفراوانە نیشتیمانییە بارودۆخی هەرێمی کوردستانی سەقامگیرتر کردووە، هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش بۆ سەرمان پەیامێک بوو کە تۆ هێشتا لەژێر هەڕەشەدای و ژمارەیەکی قورسی و خەڵک حسابت بۆ دەکات، دوای بەدەمەوەهاتنی ئەمریکاش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز بە ژمارەیەکی قورست دادەنێن، هەر کەسێکیش تاقەتی ئەم گوێگرتنەی نییە با واز لە ژیانی سیاسی بهێنێ.

**رووداو: رەخنەیەک لە یەکگرتوو و کۆمەڵ دەگیرێت سەبارەت بە پرسی یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی کە ئێوە دووبارە فیفتی فیفتیتان هێناوەتەوە ناو ژیانی سیاسی؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەمە باسی فیفتی فیفتی نییە، نەشمانگوتووە بڕۆن پەنجا بە پەنجا دابەشی بکەن و ئێمەش فلقەی چاومان بێت، گوتوومانە ئەمە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە و ئەوان هەردووکیان دەیانەوێ ببنە پارێزگار. گۆڕان دەڵێ ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکە بە مەرجێک من پارێزگار بم، یەکێتیش بە هەمان شێوە دەڵێ چارەسەری بکەن بە مەرجێک من پارێزگار بم، خۆ دوو پارێزگا دانانێن.

دەڵێین کاکی یەکێتی ئەگەر چارەسەری پارێزگار بکەین و دەنگ بە گۆڕان بدەین تۆ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەی؟ دەڵێ نەخێر، گۆڕانیش بە هەمان شێوە، ئێ ئێمە چی بکەین، بۆیە بیرۆکەی دوو ساڵ بە دوو ساڵمان هێناوە چونکە ئەگەر گۆڕان پارێزگار بێت یان یەکێتی پێویستە هەموو لایەک پشتگیری بکەن و بەگوێی بکەن و لە هەموو فەرمانگە و قەزاو ناحیەیەک بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن.

ئێمە پێمانوایە شاری سلێمانی لە 2009وە ماندوو و شەکەتە و پێویستی بە هێمنی و خزمەتی زیاتر هەیە، بازاڕ و کەشە سیاسییەکەی تێکچووە، جەستەی خاک و خەڵکی سلێمانی ماندووە، پێوستی بە خزمەت و پشوودانە، چونکە ئەم پارێزگایە نزیکەی 46%ی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن. یەکێتی و گۆڕان ئەوکاتە رازین کە پارێزگار لە خۆیان بێت. بۆیە ئەم کێشەیە بە 4 کورسی ئێمە و 3 کورسی پارتی چارەسەر نابێت، گوتمان خۆتان بڕۆن رێکبکەون و ئێمەش یەکلایی دەکەینەوە، ئەگەرنا ئیشەکە بە چەند سەعاتێک لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی پارێزگا یەکلایی دەکەینەوە.

بەدەمەوە هاتنی خێرای ئەمریکا هەموو دوژمنێکی کوردی لە نزیک و دوور تووشی شۆک کرد

ئیسپات بوو کە خێر لەم عێراقە نابینین

لەگەڵ ئێران لەسەر رووداوەکانی موسڵ و هێرشەکانی داعش گفتوگۆمان کردووە

"خەلافەت" دەستەواژەیەکی ئیداری و سیاسییە و پەیوەندی بە قورئان و شەریعەتەوە نییە

ئەگەر ئیشکردنی ئێمە نەبووایە ئێستا کوردستانیش مۆڵگەیەکی ناارام دەبوو

بەهۆی هەڵوێستمان لە داعش پەیامی هەڕەشە و نامەی کوشتنمان پێگەیشتووە



## شەیتان شەرم لەداعش دەکات

**رووداو- ئاژانسەکان**

هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی راغب عەلامە لە کردەوەکانی داعش لە عێراق هاتە دەنگ و گوتی وشەی تاوانبار زۆر بچووکە بۆ ئەو تیرۆریستانەی بەکاربێنین.
لە پەیجی تایبەتی خۆیدا، راغب عەلامە دەنووسێت "بەداخەوە ئاگادارم لەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێیدا دەڕوات کە هەزاران کەس کوژراون و بریندار و بێ سەروشوێن بوون، هەندێجار هیچ وشەیەک نادۆزمەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لەو نەهامەتییەی گەلی عێراق بکەم، بەکارهێنانی وشەی تاوانبار بە کەم و بچووک دەزانم بۆ ئەوانەی کە شەیتانیش شەرم لە رەفتارەکانیان دەکات".

## وەنەوشە:

# زۆر گرینۆک و رۆمانسیم



ئەستێرەی بەیان عوسمان، لە زنجیرە درامای گەردەلوولدا گەشایەوە کە تێیدا رۆڵی "وەنەوشە"ی بینی و هەر بەو ناوەشەوە ناسرا، کار گەیشتە ئەوەی یەکێک لە گرانبەهاترین ئۆتۆمبێلەکان کە لاندکرۆزەرە، بەناوی ئەوەوە بناسرێ لە کوردستان. وەنەوشە توانای خۆی لە کاری پێشکەشکاریش تاقیکردەوە، بەڵام پێیوایە لە کاری دراما و شانۆیی سەرکەوتووتر بووە، ئەو هەرچەندە لە فیلمێکدا باوەشی بە ئەکتەرێکی کوردا کردووە، بەڵام ئامادە نییە لە کاری هونەریدا ئەکتەرێکی کوڕ بە ناوی خۆشەویستی و رۆمانسی ماچ بکات.

هەڤپەیڤین: رێکەوت سەلام

**رووداو: بۆچی لە بەشی سێیەمی گەردەلول نەبینرایت، بەشدار نەبوویت یان بەشداریان نەکردی؟**

**وەنەوشە:** خۆم بەشداریم نەکرد نەک بەشداریم پێنەکرێت، من سیناریۆی خۆمم خوێندەوە و هەستم کرد ئەو جوانییەی لە بەشی پێشوو وەنەوشەی تێدا نیشان درابوو، لە بەشی سێیەمدا نییە، بۆیە سیناریۆکەم بەباش نەزانی و بەشداریی گەردەلولم نەکرد. کارێکی باشیشم کرد کە بەشداریم نەکرد.

**رووداو: بەشداری لە گەردەلووی چواریش ناکەیت؟**

**وەنەوشە:** نەخێر بەشدار نابم، چونکە لەبری ئەوەی سیناریۆکان باشتر بکرێن و سوود لە هەڵەکانی خۆمان وەربگرین، کەچی خراپتر دەبین.

**رووداو: ناساندنی خۆت لە چیدا دەبینیتەوە؟**

**وەنەوشە:** ناساندنی خۆم لە خۆشەویستی خەڵک دەبینمەوە، چونکە بەشێوەیەک پشتگیرییان کردم کە هەمیشە چاو نەترس بم و هەمیشە بیر لە باشتر بکەمەوە.

**رووداو: دووجار پەیوەندی خۆشەویستیت لەگەڵ شوان عەتوف هەبووە لەسیناریۆکاندا، هەرخۆت دەستپێشخەر بووی، هیچ شتێکت لا دروست نەبووە؟**

**وەنەوشە:** نەخێر بە رێکەوت بوو، هەتاوەکو ئێستا کە لەگەڵ شوان عەتوف دەرکەوتووم، زۆر ئاسوودە بووم، چونکە کەسێکی بە توانایە و خزمەتێکی زۆرباشی هونەر دەکات، ئەمەش هچ پەیوەندی بە نێوانمانەوە نییە، بەڵام خۆم کەسێکی رۆمانسیم.

**رووداو: لە فیلمی شیرین و فەرهاد باوەشت بە شوان عەتوفدا کرد، ئەوە کێشەی بۆ دروست نەکردی؟**

**وەنەوشە:** ئەوە شتێکی ئاساییە لە کاری هونەریدا، بەڵام لە هەمانکاتدا سنوور هەیە بۆ هەموو شتێک.

**رووداو: هەڤاڵی هاوسەرت غیرەی لێنەکردی؟**

**وەنەوشە:** نەخێر، کاتێک هەڤاڵ لەگەڵم بوو چاوی پڕ بوو لە هاندان و پشتگیریی کردم نەک چاوی پڕ بێت لە مۆڕەکردن، ئەوەش وای لێکردم کە سڵ نەکەمەوە لە کارەکانم و هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە باشتر ئەم کارە ئەنجامبدەم.

**رووداو: ئەگەر بەشداریت لە کارێک کرد، ماچی ناودەمی تێدابوو، ئامادەی بیکەیت؟**

**وەنەوشە:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک، چونکە هەموو کارێک سنووری خۆی هەیە.

**رووداو: هەندێک لە چاودێران دەڵێن شانۆ و سینەما لە کوردستان وشک بووە، تۆ دەڵێی چی؟**

**وەنەوشە:** شانۆ و سینەما وشک نەبووە، بەڵکو لە قەیراندایە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سەیری ساڵانی پێشوو بکەیت بینەری شانۆ زیاتر بوو، چونکە بینەر ئێستا دەڵێ من ناچم بۆ فڵانە شانۆ چونکە نازانم باسی چی دەکات و ئێمەش دەبێ ئەوە بزانین کە بینەری ئێمە زۆر سادەن و حەزیان لە شتی سادەیە، بۆ نموونە ئەوەندەی شانۆی کۆمیدی بینەری هەیە تراژیدی نیەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بینەری کورد بە گشتی هیلاکن، دواتریش خەڵک تاقەتی نییە 2 کاژێر بەدیار شانۆگەرییەکەوە دابنیشێت.

**رووداو: دەڵێن قوتابی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هیچ فێر نابێت، وایە؟**

**وەنەوشە:** پەیمانگا فێری کردم باوەڕم بە خۆم بێت و نەترسم، بە تایبەتی لە رەگەزی نێر.

**رووداو: 6 مانگ وەک پێشکەشکار دەرکەوتیت و ون بوویت، بۆچی؟**

**وەنەوشە:** من حەزم لەو بوارە نەبوو، بەڵام ئەمەش ئەزموونێک بوو، هیچ زیادەیەکی نەخستە سەر بواری نواندنەکەم. دواتر بۆم دەرکەوت ئەوەندەی کە لە بواری سینەما و شانۆ سەرکەوتووم لە بوارەکانی دیکە سەرکەوتوو نیم.

**رووداو: بۆ پارە بوویتە پێشکەشکار؟**

**وەنەوشە:** من لەڕووی ماددییەوە لە بواری پێشکەشکاری سوودمەند بووم، ئەوە راستییەکە، چونکە هونەرمەند ناتوانێت لەسەر هونەرەکەی بژیت لە کوردستان، بۆیە یەکەم کارەکەم بەلاوە گرنگ بوو، دواتر پارەکە، چونکە من دەبێ داهاتێکی وام هەبێت کە پێی بژیم. دواتر من 2 کۆمپانیای گەورە لە کوردستان داوای رێکلامیان لێکردم و بە داهاتێکی زۆریش، بەس ئەو ریکلامەم نەکرد.

**رووداو: بۆچی نەتکرد؟**

**وەنەوشە:** کۆمپانیایەک حەز ناکەم ناوی بێنم بۆ 5 خولەک ریکلام 30 هەزار دۆلاری دامێ، بەڵام رێکلامەکەم نەکرد، چونکە رێکلامەکە و کوالێتی رێکلامەکەم بە دڵ نەبوو.

**رووداو: گرتەیەکی ڤیدیۆیی تۆ بڵاوبووەتەوە کە گۆرانی دەڵێی، پێت ناخۆش نەبوو؟**

**وەنەوشە:** نەخێر، چونکە ئەوە راستییەکە من گۆرانیم گوتووە و هیچ شتێکی خراپی تێدا نییە، بەڵام لەنێو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دیکە بڵاوکرایەوە، ئەمەش بەشێک بوو لە رقلێبوونەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا پاکی من دەرکەوت و هەر ئەو کاتەش ئەم باسە کۆتایی هات.

**رووداو: کەس رقی لێت دەبێتەوە؟**

**وەنەوشە:** بەدڵنیاییەوە رقلێبوونەوە هەیە، بەڵام هەندێجاریش رقلێبوونەوە بەناوبانگت دەکات.

**رووداو: خۆت رقت لە کەس دەبێتەوە.**

**وەنەوشە:** نەخێر، چونکە من لە ژیانم حەز ناکەم رق لە هیچ کەسێک هەڵگرم و خراپەش بەرامبەر بە هیچ کەسێک بکەم، چونکە زیاتر خۆشەویستی هەڵدەگرم لە کەسی بەرامبەر ، نەک رق و کینە.

**رووداو: دەڵێن زۆر گرینۆکی؟**

**وەنەوشە:** بەڵێ وایە، من زۆر عاتفیم، هەندێجار لە ناخەوە رووخاوم، بەڵام بەسەر خۆمدا زاڵ بووم و خۆم دەرنەخستووە.


بەشداری گەردەلوول چوار ناکەم

کارێکی باشم کرد بەشداری گەردەلوولی سێم نەکرد

بەبەرچاوی مێردەکەمەوە باوەشم لە شوان عەتوف دا

بەشداری فیلمێک ناکەم ماچی تێدابێت






# "من سامیم".. ژیانێک لەسایەی جەنگدا

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**رووداو- بەرشلۆنە**

"من سامیم" ناونیشانی کورتە فیلمێکی دەرهێنەری کورد کەی بەهارە کە باس لە منداڵێک دەکات، دەیەوێت ژیانێکی ئاسایی بژی لە ناوچەیەکی پڕ شەڕوشۆڕدا.

فیلمێکە دەربارەی چەندین منداڵی وەک "سامی" لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە شەڕو جەنگ وای لێکردوون وەک کەسانی کامڵ بیربکەنەوە، لەکاتێکدا هێشتا لە مانای ئەو جەنگانە تێناگەن.

"وەک منداڵێک، سامی دەبێت بڕیارێک بدات کە لە سەرووی توانای تێگەیشتنی ئەوەوەیە، ئەو بڕیارەش بێبەری دەکات لە ژیانی منداڵی". بەهار کە لە بنچینەدا خەڵکی گوندی شۆراوی پارێزگای کەرکووکە، دەڵێت "چەند لێکچوونێک لە نێوان ژیانی خۆم و سامیدا هەیە".

گوندەکەی ئەو یەکێک بوو لەو گوندانەی کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەساڵی 1963 بە تەواوی وێران کرا. بەهار گوتی لە تەمەنی 19 ساڵیدا چووەتە ئیتاڵیا و لەپشت خۆی ئەزموونی تاڵی ئەشکەنجەدانی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە لە تەمەنی 14 ساڵیدا لە وڵاتەکەی جێهێشتووە.

"فیلمەکە تایبەت نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، دەکرێت دەربارەی هەر وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێت. دەمەوێت بینەران تەرکیز بخەنە سەر مرۆڤەکان، هاورێیەتی سامی و سەربازێکی ئەمریکی بەناوی ئۆسکار دوو کەس کە لە دوو کەلتوور و باکگراوندی جیاوازەوە هاتوون". بەهار وا دەڵێت.

پەیامی فیلمەکە ئەوەیە کە هاورێیەتی و خۆشەویستی، یارمەتی خەڵک و منداڵان دەدات لە نەهامەتییەکانی جەنگ رزگاریان بێت.

هەر بۆیە لەسەرەتای فیلمەکەوە سامی دڵخۆش دەردەکەوێ کاتێک خێزانەکەی هەموو پێکەوەن و بەخۆشەویستی دایک و باوک و براکانی دەورەدراوە. هەروەها هاورێیەتی ئۆسکاری هەیە کە سەربازێکی ئەمریکییە، بەرێئانە و نەزانانە فیلمی پۆرنۆی پێدەفرۆشێ لەپێناو پەیداکردنی بژێوی بۆ باوکە نەخۆشەکەی.

"فیلمەکە بەوە دەستپێدەکات کە سامی خەریکی شناوکردنە، ئەم ساتەی فیلمەکە یەکێکە لە خۆشترین ساتەکانە بەلامەوە و بۆم گرنگ بوو کە بیگەیەنم، لەبەرئەوەی نیشانی دەدات کە سامی هەوڵدەدات ژیانێکی ئاسایی بژی سەرەڕای ژینگەکەی دەوروبەری" بەهار وایگوت.

بەڵام ساتەکانی سامی دەگۆڕێن پاش ئەوەی باوک و براکەی بەشێوەیەکی توندوتیژ لە ماڵەکەیان لەلایەن سەربازە ئەمریکییەکانەوە دەهێنرێنە دەرەوە.

"من سامیم" کورتە فیلمێکی چواردە خولەکییە و لەلایەن کۆمپانیای فوتپرنت و جۆوکاوە بەرهەمهێنراوە. یەکەمین کاری پرۆفێشنەڵی بەهارە. ئەمە جگە لەوەی لە داهاتوودا فیلمی "پێڵاو چاوبەست" بەرهەم دەهێنێ کە وابڕیارە لە بەهاری 2015 لە کوردستان وێنە بگیرێ.

بەهار کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە لە فیلم و میدیا لە زانکۆی لەندەن، گوتی "من سامیم کورتە فیلمێکی زۆر ئاستبەرز و سەخت بوو بۆ وێنەگرتن، وەک بەرهەمهێنانی هاوبەشی بەریتانیا و کوردستان کە هەمووی لە کوردستان وێنە بگیرێ".

بەڵام دواجار سەرکەوتوو بوو "ئەم فیلمەمان بەرهەم هێنا، چونکە تیمێکی زۆر بەتوانامان هەیە کە لە 16 بەرهەمهێنەری فیلم لە بەریتانیا پێکدێن، لەگەڵ 35 کەس لە کوردستانەوە کە خۆشەویستییان بۆ فیلم هەیە. لەگەڵ ئەو خۆشەویستی و دڵفراوانییەی کورد و ئەو پێشوازییەی لێمان کرا لە شارۆچکەی مەخموور ئەو شوێنەی کە وێنەی فیلمەکەی لێگیراوە".

بەهار بۆ ماوەی دوو مانگ گەڕایەوە کوردستان، تاوەکو منداڵێکی دۆزییەوە کە رۆڵی سامی ببینێ لە فیلمەکەدا "زۆر دڵخۆش بووین کاتێک باوەڕمان دۆزییەوە کە رۆڵی سامی دەبینێ، ئەوەش یەکەمین ئەزموونی رۆڵگێڕانی بوو لە فیلمێکدا. رۆڵێکی زۆرباشی گێڕا لەگەڵ باقی ستافەکەدا". بەهار گوتیشی جگە لە نیک کۆرت کە رۆڵی سەربازە ئەمریکییەکە دەبینێ، هەموو ئەکتەرەکانی دیکەی فیلمەکە کوردن.


فیلمەکە تاوەکو ئێستا لە زیاتر لە 140 فێستیڤاڵی فیلمدا لەسەرتاسەری جیهان نیشاندراوە "کاردانەوەی سەرەتایی ئەو فێستیڤاڵانە بۆ فیلمەکە زۆر هاندەر بوو بۆمان. لە پێنج فێستیڤاڵی یەکەمدا "من سامیم" دووجار وەک باشترین فیلم دەستنیشانکراوە لەڕووی سینەما و دەقەوە. بەڵام باشترین خەڵات بۆ من ئەوەبوو کە بۆ یەکەمجار فیلمەکە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لە هەولێر نیشاندرا لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ".

"چەندین کاردانەوەی باشمان دیوە لەسەر فیلمەکە لە وڵاتان"، بەهار گوتیشی "ئەگەر بتوانم شتێک لە دڵی بینەراندا بچێنم دەربارەی کوردستان، ئەوا ئامانجەکەم پێکاوە چ وەک کورد و چ وەک دەرهێنەری فیلم."

کەی بەهار خوازیاری ئەوە نییە کە کورد وەک گەلێکی پەککەوتەی کوێری بێ پەل و هەمیشە وەک قوربانی نیشان بدات، وەک هەندێک لە دەرهێنەرەکان دەیکەن. کەی بەهار دەڵێت "شێوازی من پێچەوانەیە: من حەزدەکەم کارەکتەر نیشان بدەم: کارەکتەری بەهێز و هاندەر و پڕ لە هیوا. کورد پاڵەوانی زۆری هەیە".

لە ساڵی 1992 پاش سەپاندنی هێڵی دژە فڕین، بەهار بەردەوام سەردانی کوردستانی کردووە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و دۆکیومێنتاری کە هەندێکیان لە کەناڵی BBC و کەناڵە بەناوبانگەکانی دیکە نیشاندراون.

کەی بەهار لە ئیتاڵیا بڕوانامەی لە بیناسازی و دیپلۆمی لە رۆڵبینیندا بەدەستهێناوە، هەروەها لە بواری فیلم و تەلەفیزیۆندا خوێندوویەتی. لە ئیتالیا یەکەمین رۆڵی پرۆفێشناڵی لە فیلمدا بینی و هەرلەوێش یەکەمین کورتە فیلمی ئەزموونی لەساڵی 1987 بەرهەمهێنا بەناوی پاساپۆرتۆ.



رووداو
تاراوگە
ژمارە (321)   دووشەممە   2014/8/11

## ئێزیدییەکانی ئەرمەنستان: خوشک و براکانمان بپارێزن

**رووداو- یەریڤان**

کۆمیتەی نەتەوەیی ئێزیدییەکانی ئەرمەنستان خۆپیشاندانێکیان دژ بە هێرشەکانی داعش سازکرد و داوایان کرد خوشک و براکانیان لە کۆمەڵکوژی و هەڕەشە پارێزراوبن. یەکێک لەڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت: "ئێمە دەستمان ناگاتە خوشک و براکانمان لە شەنگال بەهۆی تیرۆریستانەوە، بەڵام داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە بە هانای ئەو لێقەوماوانەوە بچن و بیانپارێزن. کەرەم حەدزویان کە یەکێکبوو لە خۆپیشاندەرەکان بە (رووداو)ی گوت "ئێوە دەزانن بوون جینۆساید چ کارەساتێکە. ئێمە داوا لە حکومەتی ئەمەریکا دەکەین کە لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی لە شەنگال یارمەتیمان بدات".




### پاش 23 ساڵ لە تاوانەکە

# ئەڵمانیا بکوژانی کچ و کوڕێکی کورد دەستگیر ناکات



**رووداو- دوسلدۆرف**

لە رۆژێکی مانگی ئابی 1991دا کچێکی کوردی دانیشتووی شاری برێمەن لە باکووری ئەڵمانیا لەگەڵ دەزگیرانەکەی کوژران، بەڵام دوای 23 ساڵ، هێشتا هەندێک لە تۆمەتبارانی ئەو تاوانە دادگایی نەکراون.

ئەو کچە کوردە تەمەن 24 ساڵە کە ناوی عائیشە بوو، لەگەڵ دەزگیرانە تەمەن 23 ساڵانەکەی بەنێوی شەریف ئاسۆزمان لە گەڕەکێکی شاری برێمەن پێکەوە کوژران. ئەوکات پۆلیس چوار کەسی دەستگیر کرد و بەگوێرەی ئاستی بەشدارییان لە تاوانەکەدا بە 9 تاوەکو 15 ساڵ بەندکردن سزای دان. بەڵام جگە لەو چوار کەسە، چەند کەسێکی دیکەش دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووە کە تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون.

بەپێی راپۆرتێکی رادیۆی برێمەن، سەرەڕای ئەوەی 23 ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا دادگا ئەو کەسانەی دادگایی نەکردووە.

شەریف، گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لە شەڕێکی سوپای تورکیا و گەریلاکاندا بە سەختی بریندار بوو، بەو هۆیەش رەوانەی ئەڵمانیا دەکرێت و لە ماڵی خێزانێکی کورد لە برێمەن داڵدە دەدرێ.

دواتر شەریف دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچی خانەخوێ، ئەمەش لە کاتێکدا بوو خۆشەویستی لەنێو گەریلاکانی PKKدا قەدەغە بوو. بۆیە ناتوانن لەو ماڵەدا بمێننەوە و پێکەوە سەری خۆیان هەڵدەگرن و دەچنە شوێنێکی دیکەی شاری برێمەن، لەوێ ماڵێکی خنجیلانە بۆ خۆیان دادەنێن.

دوای ئەوەی لایەنگرانی PKK شوێنەکەیان دەدۆزنەوە، هەردووکیان دەڕفێنن و بۆ ماوەیەک لە ماڵێک لە شاری ئۆستەرهۆلز- سکارمباگ دەشاردرێنەوە. دوای ماوەیەکی کورتیش لە رفاندنیان، دەگوازرێنەوە بۆ فرۆشگایەک بەناوی ڤاڵەنتاین لە گەڕەکی رەکوم و لەوێ بەشێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێن.

ئەوکات پۆلیس چوار کەسی دەستگیرکرد و بە 9 تاوەکو 15 ساڵ بەندکردن سزای دان، ئەوانە دوای تەواوکردنی حوکمەکەیان ئازادکران، بەڵام پۆلیس دۆسیەی بۆ چوار تۆمەتباری دیکەش کردووەتەوە کە هاوکاریی ئەو چوار کەسەیان کردبوو.

بەپێی قسەی گوتەبێژی دادگای شارەکە، تۆمەتبارە دەستگیرنەکراوەکان دوو بران بە ناوەکانی عەبدوڵڵا، تەمەن 43 ساڵ و نەواف، تەمەن 51 ساڵ، لەگەڵ دوو برای دیکە بە ناوەکانی حەلیم، 55 ساڵ و مەوال، 49 ساڵ.

ئەم چوار کەسە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە کاریان رفاندنی هەردوو گەنجەکە و بردنیان بووە بۆ شاری ئۆستەرهۆلز- سکارمبەگ، هەروەها ئەو خانووەشی ئەو دوو گەنجەی تێدا شاردرابوووەوە بەناوی ئەوانەوە بەکرێ گیرابوو. جگە لەوەش بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ئەو ئۆتۆمبێلەی عائیشە و شەریفی پێ رفێندرابوو لەلایەن ئەوانەوە ئامادەکرابوو.

ئەو چوار تۆمەتبارە دوای رووداوەکە ئۆتۆمبێلەکەیان بردبووە دەرەوەی شار، هەموو شتێکیشیان بۆ بکوژەکان ئامادە کردبوو تاوەکو شوێنەواری تاوانەکە بسڕنەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە لە 24ی نیسانی 2000دا دۆسیە بۆ ئەم چوار کەسە یارمەتیدەرەی ئەو تاوانە کرایەوە، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێک لەلایەن دادگای ئەو شارە نەهاوێژراوە. ئەمەش ناڕەزایەتی داواکاری گشتی و پارتە سیاسییەکان لەوانەشCDU و پارتی چەپی لێکەوتەوە.

تۆرستن برانج، گوتەبێژی دادگا لە لێدوانێکیدا گوتی، لەبەر هەندێ هۆکار لەتوانای کارمەندەکانیاندا نەبووە ئەو دۆسیەیە بەڕێوەببەن. بەڵام هەردوو پارتی سیاسی CDU و پارتی چەپ داوایان لە ئەنجوومەنی شارەکە کرد لەوبارەوە لێپرسینەوە بکات.

# رادیۆی ئازەربایجان 30 خولەک بە کوردی قسە دەکات

**ساڵح کەڤرپڕی**
**رووداو- ئازەربایجان**

کوردستانی سوور کە لەسەر خاکی قەفقاسیا لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا دامەزرا و تەمەنی تەنیا 6 ساڵ بوو (1923–1929)، دامەزراندنی چەندین بنکەی رۆشنبیری، هونەری و ئەدەبیی بەخۆوەبینی. یەکێتی سۆڤیەت لە شاری شووشای لە پەیمانگەی خوێندنی باڵای پیشەیی "تەکنیکوم"، بەشی فێرکردنی زمانی کوردی کردبووەوە، لە شاری یەریڤانیش هەمان شت کرا، لە شاری لاچین شانۆیەکی کوردی بەناوی "تیاترۆی گەل" دروستکرابوو. ئەم تیاترۆیە لە زۆر شوێن هونەری کوردی پێشکەشی دانیشتووانی هەرێمەکە دەکرد.

## کوردی سۆڤیەت نۆبەرە بوو

لە سەرەتای ساڵی 1930 دا رۆژنامەی کوردستانی سۆڤیەت بەناوی 'Sovyêt Kurdîstani' بە ئەلفبێی لاتینی دەرچوو کە لە چوار لاپەڕە پێکهاتبوو. رۆژنامەکە تاوەکو 1938 بەردەوام بوو، لەساڵی 1961 جارێکی دیکە بە هەمان ناو، بەڵام بە زمانی رووسی دەستی بە کار کردەوە. یەکەم سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە ئیبراهیم ئاڵاوێردی بوو کە خەڵکی لاچین بوو. رۆڵی رۆشنبیری کورد موسەیب ئاخوندۆڤیش لە رۆژنامەکەدا دیاربوو.

ئاخوندۆڤ لەساڵی 1931 کتێبێکی بەناوی "میوەی نیسان" بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد چاپکردووە.

لە 10–15 ساڵی سەرەتای تەمەنی یەکێتی سۆڤیەتدا لە ئازەربایجان 27 کتێب بەزمانی کوردی و لەسەر کورد چاپکراون. جیا لە "میوەی نیسان"، کتێبێکی دیکە بەناوی "کوردی ئازەربایجان" لە ساڵی 1932 بە زمانی رووسی لە باکوو چاپکرا. ئەم کتێبە مێژووییە هەژاری شامل کردوویەتی بە تورکی و لە ساڵی 2009 لەلایەن چاپخانەی پێری لە ئیستەنبوڵ چاپکراوە. بەپێی زانیاری رۆژنامەوان و نووسەر هەژاری شامل، لە ساڵی 1938 تاوەکو ساڵی 1990 لە ئازەربایجان تەنیا یەک کتێبیش بە زمانی کوردی چاپ و بڵاونەکراوەتەوە. شامل کە ئێستا کار لەسەر "ئینسایکلۆپیدیای کوردی سۆڤیەت" دەکات، دەڵێت دوای ساڵی 1990 بەقەد پەنجەی دوو دەست کتێبی کوردی بە شێوەزاری کرمانجی چاپکراون.

کتێبی "باوەڕ"ی نووسەر ئەحمەدی حەپۆ (1990)، "بەگلەییم دونیا"ی قادری مۆتی (1993)، "بۆ کوێ بچم"ی باری باڵا (1993)، "فەرهەنگی ئازەربایجانی- کوردی" شاملی عەسکەرۆڤ (1999) ئەمانە چەند بەرهەمێکی بەهاداری کوردی ئازەربایجانن.

## رۆڵی بەشی کوردۆلۆژی لە ئەکادیمیای ئازەربایجان

لەنێوان ساڵانی 1960–1970 دا بەشی کوردۆلۆژی لە ئینستتیوتی زانستەکانی رۆژهەڵات لە ئەکادیمیای ئازەربایجان چەند کارێکی گەورەی ئەنجامدا. لەو ساڵانەدا زانا، زمانناس و ئەدیب عەلی گەلاوێژ، رەحیمی قازی، حوسێن کوردئۆغلو، شاملی عەسکەرۆڤ، زومروود شەفیەڤا، محەممەد شەمسی کاری کوردۆلۆژی و وێژەییان دەکرد و لەماوەیەکی کورتدا بەرهەمەکانیان دەرکەوت کە ئێستا بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەرانی کورد.

رۆشنبیر و نووسەرانی وەک عیزەددین مستەفا رەسوڵ، کەمال مەزهەر، نەسرین فەخری، رەحیمی قازی و کەرەم ئامۆیەڤ تێزەکانیان لەهەمان ئەکادیمیا ئامادە و پێشکەشکران. ساڵی 1959، بە هەوڵی چەند رۆشنبیرێکی ئازەربایجان نامیلکەی "ئەدەبیاتی کورد" چاپکرا.

لەم کتێبەدا بەرهەمی 9 شاعیر و نووسەری کورد هەبوون کە لە زمانی ئازەرییەوە وەرگێڕدرابوون. هەروەها "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی، دوو بەرهەمی عەبدولڕەحمانی هەژار و عەلی عەبدولڕەحمان و کتێبێکی دیکە کە لە شیعری شاعیرانی گورجستان پێکدەهات، لە زمانی ئازەرییەوە وەرگێڕدرابوون و چاپکرابوون.

## رۆژنامەکانی دەنگی کورد، دیپلۆمات و کۆمەڵەی رۆناهی


دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، لەساڵی 1992 لە ئازەربایجان کۆمەڵەیەک بەناوی "رۆناهی" دامەزرا. لەهەمان ساڵدا رۆژنامەیەکیان بەناوی "دەنگی کورد" دەرکرد. رۆژنامەکە بە کوردی، ئازەری و رووسی بڵاودەبێتەوە. ئەحمەدی حەپۆ یەکەم سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو. عادل جەمال، هەژاری شامل و سلێمانی رەفۆ بەشەکانی کوردی و ئازەری و رووسییان بەڕێوەدەبرد. دوای ساڵی 1994 شاملی عەسکەرۆڤ دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەکە و تا کۆچی دوایی کرد لە ساڵی 2005 لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو. رۆژنامەکە ئێستاش چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

رۆژنامەی "دیپلۆمات"یش یەک لەو بەرهەمانەیە کە لە ساڵی 2003 دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە و ئێستا لە باکوو دەردەچێت. رۆژنامەکە بەزمانی کوردی، تورکی، ئازەری و رووسی دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرەکانی. سەرنووسەری رۆژنامەکەش تاهیر سلێمانە.

## رادیۆی ئازەربایجان 30 خولەک بە کوردی قسە دەکات

ساڵی 1993 بەشی کوردی لە رادیۆی دەوڵەتی ئازەربایجان دامەزرا کە لە هەفتەیەکدا دووجار و هەر جارێک 15 خولەک بەزمانی کوردی پەخشی خۆی دەکات. لە رۆژی یەکەمەوە تا ئێستا ئەحمەدی حەپۆ سەرنووسەری بەشی کوردی رادیۆکەیە. کەسایەتی وەکو کامزی شەدادی، تامارای رەفۆ، کوبارا رەفۆ و فەخرەدینی پاشاییێڤ ماوەی چەندین ساڵە لەو رادیۆیە کاردەکەن.





"ترێی ئامەد باشترینە بۆ دروستکردنی مەی"

# کوردێک لە ئەڵمانیا دەبێتە پسپۆڕی مەی

**یادگار جوان**
**رووداو- بەرلین**

کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیا پسپۆڕی لە مەی وەردەگرێت و دەڵێت بەپێی پسپۆڕی و زانیاریی ئەو، ترێی ئامەد باشترین جۆرە بۆ دروستکردنی مەی.

مێژووی پەیدابوونی مەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 1500 ساڵ پێش زایین، بەڵام ئاشنابوون و بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکدا دەگەڕێتەوە بۆ 900 ساڵ دوای زایین. دیارە زۆر چیرۆک هەن لەسەر دۆزینەوەی مەی کە یەکێکیان بەمشێوەیەیە:

نوح پێغەمبەر دوای تۆفانی گەورە ژیانێکی تازە لە بناری چیای ئاگری دەستپێدەکات. مەڕ و ماڵاتیان لە رووەکی ئەو کوێستانانە دەخۆن. رۆژێکیان تێبینی ئەوە دەکات کە بزنێکیان زۆر بە دڵخۆشی بەرەو رووی دێت و دۆخەکە بۆ چەندین رۆژ دووبارە دەبێتەوە. دوای ئەوە نوح پێغەمبەر چاودێری ئەو بزنە دەکات و تێبینی دەکات کە بزنەکە رۆژانە ترێ دەخوات. ئەحمەد تۆسون دێرسمی کە کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیایە، لە ئەڵمانیا و تورکیاش وەکو پسپۆڕێکی مەی دەناسرێت. کاتێک پەرداخی مەی دەداتە بەر لوتی و بۆنی دەکات، دەزانێت لە چ جۆرە ترێیەک دروستکراوە، هی کامە وڵات و هەرێمە، تەمەنی چەندە و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.

ئەحمەد ماوەی 20 ساڵە خەریکی ئەو کارەیە. لە ئەکادیمیای مەی خوێندوویەتی، سەردانی زۆر شوێنی دونیای کردووە کە مەی تێیدا بەرهەم دەهێنرێت و لە کۆتاییشدا نازناوی ساقی، (sommelier) ی وەرگرتووە کە وشەیەکی فەرەنسییە و بەمانای پسپۆڕی مەی دێت.

ساقی، پێویستە بێجگە لە مەی ئاشنای هەموو جۆرەکانی عەرەق، چوکلێت، پەنیر، بیرە، ئاو، چای و قاوەش بێت و تایبەتمەندییەکانیان بزانێت. ئەحمەد ئەندامی یەکێتی کارسازانی ئەڵمان و تورکە (TDU).

ئەحمەد باسی چۆنیەتی ئاشنابوونی بەو کارە دەکات و دەڵێت "مەی هەمیشە لە ژیانمدا هەبووە. بەتایبەت دوای ساڵی 1993 کە بەشێوەیەکی پیشەیی دەستم بەو کارە کرد. ئەوکاتە من لە گەڕەکێکی کوردی شاری بەرلین لە بازاڕێکدا کاری مەیفرۆشیم دەکرد، زانیم کە بە زانیاری کەم ناتوانم کاری مەیفرۆشی بکەم".

ئەحمەد لەسەر پێشنیازی پرۆفیسۆرێک دەستدەکات بە خوێندن لەسەر مەی و لە ساڵی 2009 ئەکادیمیای سۆمەلیەر تەواو دەکات. ئەحمەد 20 ساڵە خەریکی ئەو کارەیە، بەڵام پێیوایە هێشتا سەرەتای کارکردنیەتی.

ئەحمەد دەڵێت "بۆ وەرگرتنی نازناوی سۆمەلیەر، پێویستە ئەزموونی زیاتر لە 15 ساڵی کارکردنت هەبێت، بیسەلمێنی کە خاوەن توانای بۆ ئەوەی قوتابخانەی سۆمەلیەر وەرتبگرێت".

ئەحمەد ئێستا خاوەنی مارکێتی مەیە، بەشداری لە چەندین سەمینار کردووە لە بارەی مەی، بەشداری زۆر کاری وەبەرهێنان بووە لەو بوارەدا، سەردانی ئەو ناوچانەشی کردووە کە مەی تێیدا دروست دەکرێت.

## ترێی کوردی باشترینە بۆ مەی

ئەحمەد لەلایەکەوە کارگەی دروستکردنی مەی بەڕێوەدەبات، لەلایەکی دیکەش ماوەیەکی درێژ لە مارکێتی (Vinotheke) بەسەردەبات کە تێیدا بەسەدان جۆری مەی دەفرۆشرێن. لە هەمانکاتدا سەرقاڵی پەیداکردنی بازاڕ لە ئەورووپا بۆ ئەو جۆرە مەیانەی لە تورکیا دروست دەکرێن.

ئەحمەد کە باسی شەرابی تورکی دەکات، ئاماژە بە مارکەی کایرا دەدات و دەڵێ دوو ساڵ لەمەوبەر ئەم مارکەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەپێی ستانداردی ئیسپانی، ئیتاڵی و فەرەنسی لە پلەی یەکەمدا بوو. بەڵام دەڵێ "ترێی ئۆکوسگۆزو لە ناوچەی ئەلەزیز، لەنێو فێنکی بەنداوی کەبان و خاکی دەوڵەمەندی ناوچەکە دەڕوێت. لە ئامەدیش ترێی بۆگازکەر هەیە کە شەرابی لێدروست دەکرێت. ئێمە ئەو هەردوو جۆرە مەیەی لە ترێی ئەو دوو ناوچەیە دروست دەکرێن بە شەرابی کوردی ناو دەبەین. ئەگەر ترێی هەردوو ناوچەکە تێکەڵ بکەیت دەتوانی شەرابێکی زۆرباش و پاک پەیدا بکەیت." بەپێی زانیارییەکانی ئەحمەد، ئیتاڵیا لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین بڕی شەراب بەرهەمدەهێنێ. ئیسپانیاش خاوەنی زۆرترین زەوی و باخی ترێیە. بەڵام فەرەنسا باشترین جۆری شەراب دروست دەکات. تۆسون دەڵێ بۆ کڕینی شەرابێکی باش، پێویست بە پارەیەکی زۆر ناکات. هەرزانیی نرخی شەراب مانای خراپیی جۆرەکەی نادات. هەروەها گرانیی نرخی شەرابیش مانای باشی نییە. دەتوانین لە ترێی باش شەرابێکی خراپ دروست بکەین، هەروەها دەکرێ لە ترێی ئاسایی شەرابی باش دروست بکەی.

تۆسون لەبارەی مەرجەکانی شەرابی باش دەڵێت "باشترین جۆری شەراب ئەو دارە ترێیەیە کە تەمەنی 60 ساڵە. خەڵکی دەوڵەمەند ئەو دارە ترێیانە دەکڕن و لەژێر سەرپەرشتی پسپۆران شەرابی باشی لێ دروستدەکەن".


THE FUTURE
IN ACTION
Falcon Security
Falcon Construction
Falcon Agriculture
Falcon Oil & Gas
Falcon Batch Plant
Falcon Full Service
Falcon Real Estate
Falcon Logistic
FALCON GROUP
www.falconiraq.com
As a multi-service conglomerate, Falcon's mandate is to successfully manage a critical mass of dynamic business ventures. Whether in security, construction, the oil sector, or agriculture Falcon is committed to world-class product and service delivery here in Iraq.
Empire World
Empire Business Complex C3
Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 258 6008 / +964 (0) 66 258 6009
info@falconiraq.com

## ئاگاداری فرۆشتن

MAG هەلدەستێت بە فرۆشتنی ئەم ئۆتۆمبێلە بەکارهاتووانەی خوارەوە لە ڕێگەی تەندەری داخراوەوە:

1. تۆیۆتای هیاسی مینی پاس X ٣ دانە (مۆدیلی ١٩٩٦،١٩٩٥،١٩٩٠)
2. لاند رۆڤەر ٢ دەرگا، ١١٠ پیک اب X ٥ دانە (مۆدیل ١٩٩٨)
3. تۆیۆتا لاندکرۆزەر، بەترۆل، ٣ دەرگا X ١ دانە (مۆدیل ١٩٨٦)
4. تۆیۆتا لانکرۆزەر، بەترۆل ٥ دەرگا X١ دانە (مۆدیل ١٩٨٦)
5. تۆیۆتا لانکرۆزەر، بەترۆل ٥ دەرگا X١ دانە (مۆدیل ١٩٩٢)
6. IFA تانکەری ئاو X ١ دانە (مۆدیل ١٩٨٢)
7. IFA لۆری X١ دانە (مۆدیل ١٩٨٥)
8. پارچەی یەدەگی سەرەتایی لاندرۆڤەر X ١ دانە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئۆتۆمبێلەکان، پەیوەندی بکە بە:

محمد تەها : 0750 432 06 05

ئیمەیل: muhammad.taha@magiraq.org.uk

ئەم ئۆتۆمبیلانەی سەرەوە ئامادەن بۆ پشکنین لە هەولێر لە بەرواری ١٨ و ٢٠١٤/٨/١٩ لە کاتژمێر ٩:٠٠ بەیانی تاوەکو ٤:٠٠ ئێوارە.

ناونیشانی شوێنی پشکنین:

سەنتەری لۆجیستیکی MAG

شەقامی راستی (حەی عەداله)

نزیک کۆمپانیای 77 لە هەولێر

فۆرمی تەندەر لە شوێنی پشکنین دەست دەکەوێت لە ١٨ و ٢٠١٤/٨/١٩. ئۆتۆمبیل و پارچەکان بەشێوەی تاک دەفرۆشرێن.

تەندەر بە وێنەی ئۆتۆمبێلەکان و تایبەتمەندیەکان لە نوسینگەی سەرەکی MAG دەست دەکەوێت لە ٢٠١٤/٨/١٧ لە کاتژمێر ٩:٠٠ بەیانی تاوەکو ٤:٠٠ ئێوارە.

ناونیشان:

نوسینگەی MAG

گەرەکی عەشتار عەنکاوە هەولێر

25 years saving lives and building futures

## NOTICE OF SALE

MAG (Mines Advisory Group) is putting the below used vehicles up for sale by sealed bid:

- Toyota Hiace Minibus x 3 Lots ( Year of manufacture 1990,1995,1996)
- Land Rover, 2 door, 110 Pickup x 5 Lots ( Year of manufacture 1998)
- Toyota Landcruiser, Petrol, 3 door x 1 Lot ( Year of manufacture 1986)
- Toyota Landcruiser, Petrol, 5 door x 1 Lot ( Year of manufacture 1986)
- Toyota Landcruiser, Petrol 5 door x 1 Lot ( Year of manufacture 1992)
- IFA Truck Water Tanker x 1 Lot ( Year of manufacture 1982)
- IFA Truck x 1 Lot ( Year of manufacture 1985)
- Assorted Land Rover parts x 1 Lots

For further information on the vehicles, contact:

Mohammed Taha on Tel: 0750 4320605

E mail: Muhammad.taha@magiraq.org.uk

The above vehicles are available for inspection in Erbil from the 18th & 19th August 2014 between 09.00 – 16.00 hrs.

Address of inspection site:

MAG Logistics Centre

Rasty St. (Al adala,)

near 77 company Erbil

Bid Forms will be available at the inspection site on the 18th & 19th August 2014. The vehicles and parts will be sold as single Lots

Bid Packs containing photos of the vehicles and specifications will be available from the MAG Office between 09.00 hrs -16.00 hrs on the 17th August 2014.

Address:

MAG Office

Ashtar Quarter

Ainkawa

Erbil

25 years saving lives and building futures



## ئۆتۆمبێل ژنێک دەکوژێت

**ڕووداو – خەبات**

ڕۆژی 2014/4/3 بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە قەزای خەبات نزیک پردی نوێ. ژنێک گیانی لەدەستدا. ڕووداوەکە لە نێوان دوو ئۆتۆمبێل بووە یەکەمیان لە جۆری جۆری مان تڕێلە دەبڵ قەمارە، دووەمیان هۆندای ئەلەنترا بوو، کە چەند سەرنشینێکی تێدابووە، یەکێک لە سەرنشینەکان بە ناوی (ماردین حبیب شەمعون ) تەمەن (32) ساڵ دانیشتووی حەمدانیە کە دووگیان بووە پاش گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا، لەبەر سەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا.



ڕووداو
ژنان
ژمارە (321)  دووشەممە  2014/8/11

لە کوردستان

# لە هەر کاژێر و نیوێکدا ژنێک تەڵاق دەدرێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان دەڵێت ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە و زیادبوونەکەش لەڕێژەی ئاسایی تێپەڕاندووە، گوتیشی "لەهەرێمی کوردستان تەڵاق و جیابوونەوە لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە، بۆیە زۆر مەترسیدارە".

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، لە 4 ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 23 هەزار 652 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون. بەپێی ئامارەکە ساڵ بە ساڵ ڕێژەی تەڵاق لە زیادبووندایە و لە هەر کاژێر و نیوێکدا ژنێک تەڵاق دەدرێت.

دادوەر ئومێد محسین حەمەدئەمین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە، زیادبوونەکەش لەڕێژەی ئاسایی تێیپەڕاندووە، بۆیە پێویستە هەموو لایەنەکان لە حکومەت، پەرلەمان، ئەنجوومەنی دادوەری، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و مامۆستایانی زانکۆ بێنە دەنگ و کۆنگرەی لەسەر ببەستن و توێژنەوەی لەبارەوە بکەن. گوتیشی "زیادبوونی تەڵاق و جیابوونەوە زۆر مەترسیدارە، چونکە دواجار لێکترازانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگای بەدوادا دێت".

### لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە

ئەو دادوەرە زیاتر جەختی لەسەر مەترسی لێکەوتەکانی زیادبوونی تەڵاق کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە جیابوونەوەی خێزانێک دواجار لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە، چونکە سەرەڕای بێوەژنکەوتنی ژنێک، منداڵەکانیش تووشی دەربەردەری، بێبەشبوون لەسۆزی باوک و دایکایەتی و پەروەردەیەکی تەندروست دەبن، ئەمەش دواجار کاریگەریی خراپ لەسەر کۆمەڵگا جێدەهێڵێت.

ناوبراو گوتیشی "لە هەرێمی کوردستان تەڵاق و جیابوونەوە لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە، بۆیە زۆر مەترسیدارە و لێکەوتەی زۆری بەدوادا دێت ئەگەر چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە".

وەک ئەو دادوەرە ئاماژەی پێدەدات، بەشێکی زۆری ئەو داوایانەی دێنە دادگاکان بۆ تەڵاق، بە هەوڵ و کۆششی زۆری دادوەر و پارێزەر و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاشتبوونەوە کۆتایی دێت "دەنا ڕێژەی تەڵاق زۆر زیاتر دەبوو لەو ژمارەیەی ئێستا".

### خیانەتی هاوژینی هۆکارە

لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، پۆلیس قۆڵی گەنجێکی کەلەپچەکراویان گرتبوو دەیانبرد بۆ لای دادوەر. دوای بەدواداچوون دەرکەوت کە ژنەکەی داوای جیابوونەوەی لێدەکات.

ئەو گەنجە تەمەن 20 ساڵە، دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزایەکی کردووە، بەڵام دەستبەرداری کەپڵە کۆنەکەی نەبووە. شەوێک لەگەڵ کەپڵەکەی بە یەکەوە دەگیرێن و گەنجەکەش بۆ ئەوەی تووشی کێشەی گەورە نەبێت، کچەکە دەخوازێ.

ژنی ئەو گەنجە گوتی "مێردەکەم بەردەوام خەریکی تەلەفۆنکردن بوو بۆ کچان و ژنان، زۆرجاریش بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە، لەماوەی یەک ساڵی پێکەوەبوونمان زۆر لێی دەپاڕامەوە کە واز لەم ڕەفتارانە بهێنێ، بەڵام بێ سوود بوو، دواجار لەسەر ئەم کارەی گیرا". ئەو ژنە سوورە لەسەر ئەوەی لە پیاوەکەی جیاببێتەوە و دەڵێت "پیاوەکەم خیانەتی لێکردم، ناتوانم لەگەڵی بژیم".

مافپەروەر دلاوەر تاهیر، بەرپرسی خامەی یەک لەدادگای باری کەسیی هەولێر دەڵێت هۆکارەکانی پشت تەڵاق و جیابوونەوە زۆرن، بەڵام هۆکارە دیارەکان بریتین لە کەمدەرامەتی، زوو شووکردنی کچان، دەستتێوەردانی کەسانی دیکە لەژیانی تایبەتی خێزانەکان و لێکتێنەگەیشتی ژن و مێرد. هەروەها گوتی "خیانەتی هاوسەرگیری هۆکارێکی دیکەی هەرە بەرچاوی تەڵاق و جیابوونەوەیە".

### بۆ شووکردن گەورەی دەکەن

ئەو بەرپرسەی دادگای هەولێر، سەرسوڕمانی خۆی لە زوو بەشوودانی کچان لەلایەن خێزانەکان نیشاندا و گوتی "دیاردەی زوو شووکردنی کچان ئێستا زۆر بەربڵاوە، بە رادەیەک کچی وا هەیە تەمەنی نەگەیشتووەتە 15 ساڵ و دێت بۆ دادگا بۆ مارەبڕین، کاتێکیش دەزانێ بەم تەمەنە لەدادگا مارەی نابڕن پەنا دەباتە بەر گەورەکردنی تەمەن تەنیا بۆ شووکردن".

لەبارەی تەمەنی ئەو هاوسەرانەی پەنا بۆ دادگاکان دەبەن بۆ تەڵاق و جیابوونەوە، دلاوەر تاهیر گوتی "زۆرترین ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەی ئێستا لەدادگاکان لەنێو هاوسەرانی تەمەن 15 بۆ 25 ساڵانە، هۆکاری ئەمەش زووشووکردن و ژنهێنانی گەنجانە لەتەمەنی زوو کە لە مانای ژیانی هاوسەرگیری تێناگەن".

پارێزەر یونس محەممەد ئەلڕاوی، کار لە کەیسەکانی باری کەسی دەکات و باسی دوو هۆکاری تازەی پشت تەڵاق و جیابوونەوەی کرد: ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان و گەشتکردن. ئەو پارێزەرە دەڵێت "لەدوای ئەم کرانەوەیە ئێستا تێڕوانینی گەنجان بۆ هاوسەرگیری و تەڵاق گۆڕاوە و هاوسەرگیری پیرۆزیی جارانی نەماوە کە بەقەفەزێک وێنایان دەکرد و لێ هاتنە دەرەوەی نەنگی بوو".

بەبڕوای ئەو پارێزەرە، زیادبوونی تەڵاق و جیابوونەوە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە "چونکە کۆمەڵگای ڕۆشنبیر و زیندوو ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەردەوام لەبیرکردنەوەی جیاوازدایە، بۆ نموونە ژن و مێردێک کە بوونەتە هاوسەر دوای ماوەیەک دەگەنە ئەو بۆچوونەی کە ئەوان بیرکردنەوەیان جیاوازە و ناگونجێن، بۆیە ئاساییە جیاببنەوە".

### هاوسەرگیری کەمی کردووە

وەک لەداتاکانەوە دەردەکەوێت، لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا ڕێژەی مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کەمبووەتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی 2012دا 56002 گرێبەست تۆمارکراوە، بەڵام لە ساڵی 2013 دابەزیوە بۆ 52749 گرێبەست، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا تەنیا 25771 گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمار کراوە.

گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە زیادبوونی تەڵاق و جیابوونەوە و کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری پێویستی بەتوێژینەوە هەیە، گوتیشی "لەئایندەیەکی نزیکدا هەوڵدەدەین بە هەموو لایەک دیراسەی ئەوە بکەین کە بۆچی گەنجان ژن ناهێنن و ئەوانەشی ژن دێنن بەشێکیان هەر زوو جیادەبنەوە، ئایا هۆکارەکەی تەنیا ئابوورییە یان تێنەگەیشتنە لەمانای هاوسەرگیری یان شتی دیکە".



**تەڵاق و جیابوونەوە لە 4 ساڵی ڕابردوودا**

| پارێزگا/ ساڵ | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1918 | 1910 | 2810 | 2760 |
| سلێمانی | 506 | 1339 | 2035 | 2184 |
| دهۆک | 659 | 712 | 914 | 1053 |
| گەرمیان | 645 | 555 | 320 | 420 |
| کۆی گشتی | 3728 | 4516 | 6079 | 6417 |

# سوێد مافی مانەوە ناداتە کچە هاوڕەگەزبازێکی کورد





**ڕووداو – ڕادیۆی سوێد**

حکومەتی سوێد وڵاتینامە و مافی مانەوە ناداتە کچێکی کوردی دانیشتووی سوێد کە 13 ساڵە لەو وڵاتەیە و بەقسەی خۆی هاوڕەگەزبازە.

ئەو کچە دەڵێت پۆلیس داکۆکی لە دۆسیەکەی دەکەن و ژیانی ئەویش بە کەڵکی کوردستان نایەت، بۆیە دیپۆرتی ناکەنەوە.

(د.م) نزیکەی 13 ساڵە لە سوێد نیشتەجێیە، بەڵام تاوەکو ئێستا مافی مانەوەی نەدراوەتێ، ئەو ئێستا لە ماڵی پووری دەژی لە ستۆکهۆڵم. ناوبراو تاوەکو ئێستا چەندینجار داوای مافی مانەوەی لە دەزگای کۆچ و کۆچبەرانی سوێد کردووە، بەڵام داواکارییەکەی ڕەتکراوەتەوە.

(د) بۆ خۆشی نازانێت بۆچی مافی پەنابەری نادرێتێ "نازانم بڵێم بۆچی، هیچ کێشەیەکم نییە، لەلای پۆلیس و پارێزەرەکەم و فەرمانگەکانی حکومەت باسی خۆمیان بۆ دەکەم، ئەوانیش سەریان سوڕماوە و دەڵێن نازانین بۆچی مافی پەنابەریت نادەنێ".

### خۆی ئاشکرا دەکات

(د) کە خەڵکی باشووری کوردستانە، 13 ساڵە لە سوێد نیشتەجێیە، ئەو دەمێکە هاوڕەگەزبازە، بەڵام دوو ساڵ لەمەوبەر شێوەی ژیانی خۆی بۆ دەزگای کۆچ و کۆچبەرانی سوێد ئاشکرا کردووە.

ئەو شێوە ژیانەی ئەو هەڵیبژاردووە، نەک لە کوردستان، بەڵکو لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەتکراوەتەوە و یاساکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگە بەو جۆرە ژیانە کۆمەڵایەتییە نادەن.

(د) کە ئێستا پارێزەری هەیە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، گوتی "دوو ساڵ لەمەوبەر پارێزەرەکەم ئاگادار کردەوە کە من هاوڕەگەزبازم، ئەویش بابەتەکەی لەلای دەزگای کۆچ و کۆچبەران باسکردبوو، ئەوانیش پرسییان کە بۆچی زوو باسم نەکردووە، منیش گوتم ئەوە شتێکی تایبەت بەخۆمە و پێویستی نەکردووە باسی بکەم".

پارێزەرەکەی دۆسیەیەکی نوێی بۆ ئامادە دەکات و باسی ژیانی کۆمەڵایەتیشی دەکات، بەڵام ئەم دۆسیەیەش دادی نادات. (د) دەڵێت "دەبووایە دەزگای کۆچ و کۆچبەران دۆسیەکەم تاوتوێ بکات و دوای دوو مانگ وەڵامم بدەنەوە، بەڵام لە ماوەی 24 کاژێردا وەڵامیان دامەوە و گوتیان دەبێت ئەو کچە دیپۆرت بکرێتەوە".

(د) بۆ ماوەیەک خۆی دەشارێتەوە، هەرچەندە دەڵێت پێویستی نەدەکرد خۆی بشارێتەوە "چونکە پۆلیس نەیدەگرتم و پێیاندەگوتم ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ تۆ دەکرێت نا یاساییە".

ئەو کچە کوردە ئامادە نییە بگەڕێتەوە کوردستان و دەڵێت "ژیانی من بۆ کوردستان ناگونجێت، ئەوەی دڵسۆزی منە و لە خەمی ژیانی مندایە لە کوردستان ناژیت".

جگە لەوەش دایک و باوکی لە ژیاندا نەماون و خوشک و برا و کەسە نزیکەکانیشی لە وڵاتانی ئەورووپان. ئەو دەڵێت ماوەی چەند ساڵێک بوو لە ماڵی براکەی دەژیا لە ستۆکهۆڵم، بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێکە لە ماڵی پووری دەژیت، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی ڕوونبکاتەوە.

**بەشداری فێستیڤاڵی هاوڕەگەزبازان ناکات**

هەموو ساڵێک لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد فێستیڤاڵی هاوڕەگەزبازان بەڕێوەدەچێت، ئەم فێستیڤاڵە کە بە پراید ناسراوە، سەرەتای هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، بە هەزاران هاوڕەگەزبازی ئەو وڵاتە بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام (د) بەشداریی لە فێستیڤاڵەکەدا نەکرد.

لەبارەی هۆکاری بەشدارینەکردنی گوتی "هاوڕەگەزبازەکان پەیوەندییان پێوەکردم، بەڵام بەهۆی ئەوەی من نەخۆشبووم و لە ئەنجامی سەرماوە تووشی ئەنفلەوەنزا بووبووم، نەمتوانی بەشداری بکەم، بەڵام ساڵانی ڕابردوو بەشداری فیستێڤاڵ و کۆبوونەوەکانی ئەوانم کردووە".

سەبارەت بە ئامانجی سازدانی ئەو فێستیڤاڵە، (د) گوتی "ئەوە ژیانێکە خۆیان هەڵیانبژاردووە و پێویستە پشتگیریان لێبکرێت، ئەوان خۆیان مەبەستیانە بەو شێوازە بژین، ئەو فێستیڤاڵەش بۆ ئەوە دەکرێت کە زیاتر بناسرێن، زیاتر پشتگیرییان بکرێت". بەڵام ژیانی (د) زۆر جیاوازە لەوانی دیکە، بەوپێیەی ئەو مافی مانەوەی نییە، بۆیە لە زۆر مافی ئاسایی بێبەشە و ناتوانێت هەموو جۆرە کارێک بکات بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئابووری، جگە لەوەش گەڕانەوەی ئەو بۆ کوردستان ئەستەمە.

(د) دەڵێت "ژیان بۆ من لە سوێد زۆر قورسە، چونکە شوێنی مانەوەی سەربەخۆم نییە، لە ماڵی پوورم دەمێنمەوە، جار بەجاریش دەچمە لای برادەرەکەم، یان ئەو دێتە لای من". هەروەها دەڵێت "جاربەجار خوشک و براکانم یارمەتیم دەدەن".

## مەسعود خنکا و برادەرەکانی گیران



**رووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2014/8/3 گەنجێکی دانیشتووی هەولێر لە زێی قەندیلدا خنکا. ئەو گەنجە کە ناوی مەسعود فەیسەل ئەحمەدە، کارمەندی تاقیگە بووە لە سەنتەری دڵ لە هەولێر. مەسعود لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی چووبوونە ئاکرێ بۆ گەشت لە گەڕانەوەیاندا مەسعود دەچێتە نێو ئاوی زێی قەندیل بۆ مەلەکردن، بەڵام بەهۆی نەزانینی مەلەوە دەخنکێت. ڕۆژی دواتر تەرمەکەی دەرهێندرا. پۆلیسی هەولێر دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، هەروەها بڕیاریدا بە ڕاگرتنی هەردوو برادەرەکەی مەسعود بەپێی مادە (240) لە یاسای سزادانی عێراقی.



**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

# سیمکارتی عەرەبێک

ئافرەتێک سکاڵایەکی پێشکەشی دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی کرد، بۆ وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی لەسەر ژمارە مۆبایلێک. دادوەر بڕیاری دا ئافرەتەکە ڕەوانەی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بکرێت. لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ژنەکە گوتی ژمارە مۆبایلێکی نەناسراو نامە دەنێرێت بۆ مێردەکەم و زۆر قسەی ناشرین و تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستێ، بەو هۆیەش پیاوەکەم دڵی لێ پیس کردووم. بۆ ماوەیەک مۆبایلەکەم داخست، پاشان سیمکارتێکی دیکەم کڕی و تەنیا ژمارەکەم دایە براژنەکەم، بەڵام یەکسەر بۆ بەیانییەکەی نامە بۆ پیاوەکەم هات و گوتی دەزانم ژمارەی ژنەکەت چەندە، نەموێرا بڵێم دەستی براژنەکەمی تێدایە. بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی لە ماڵ دەرکراوم، گومانم لەوە نییە، چونکە بەردەوام هەوڵی تێکدانی نێوانی من و مێردەکەمی دەدا. بۆیە داواکارم ڕێوشوێنی یاسایی دژی ئەو بگرنەبەر. چونکە ئەگەر ئەم کێشەیە ڕوون نەبێتەوە، ڕەنگە تەڵاق بدرێم لە کاتێکدا هیچ لەو تۆمەتانە ڕاست نین کە ئەو ژمارە تەلەفۆنە دەیدایە پاڵم.

دۆسیەی ژنەکە ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، بڕیاردرا دەقی نامەکان لەلایەن لێکۆڵەری دادی کە بۆ پیاوەکە هاتووە بخرێتە سەر پەڕاوی لێکۆڵینەوە و براژنی ئەو ژنەش بانگ بکرێت. کاتێک براژنەکەی بانگ کرا، ڕەتیکردەوە دەستی لەو کارەدا هەبێت.

بەپێی بەدواداچوونی کۆمپانیای گەیاندن، دەرکەوت سیمکارتەکە بە ناوی کەسێکی عەرەبە و دانیشتووی یەکێک لە شارەکانی عێراقە و تەنیا بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە. دواتر مێردەکەشی بانگکرا و ئەم زانیاریانەی پێدرا، پیاوەکە گوتی متمانەم بە خێزانی خۆم هەیە، بەڵام قەلەقی کردووم. بۆمان ڕوون کردەوە ئێستا ئەم جۆرە کێشانە زۆرن و ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێ.

سەبارەت بە خاوەنی سیمکارتەکە دیارە کە عەرەبە، ئەگەر بەردەوام بن لەسەر داواکەتان فەرمانی دەستگیرکردنی خاوەن سیمکارتەکە دەرچووە و ڕەوانەی شوێنی نیشتەجێبوونی دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام پیاوەکە قەناعەتی بە خێزانی خۆی هات کە ئەو بێتاوانە و گوتی خێزانەکەم دەبەمەوە.

هەراسانکردنی خەڵک هەروا بە ئاسانی تێناپەڕێت، ئەگەر ئەو پیاوە سووربووایە لەسەر داواکارییەکەی و پۆلیس کەسی هەراسانکەری دەستگیر کردبا، ئەوا بەپێی یاسای قەدەخەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی یاسای ژمارە (6) ی ساڵی (2008) مامەڵەی لەگەڵ دەکرا.

لە ماددە (2)ی ئەم یاسایەدا هاتووە "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ، بە بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە".

بەپێی یاساکە، هەر کەسێک بە خراپی تەلەفۆن یان هەر ئامێرێکی پەیوەندی بە تەل و بێ تەل یان ئینتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنێت سزا دەدرێت.


بەپێی یاساکە خراپ بەکارهێنانی مۆبایل چەند شتێک دەگرێتەوە: هەڕەشە، تۆمەت هەڵبەستن، جنێودان و بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە ترسی لێبکەوێتەوە. دزەپێکردنی گفتوگۆکان، وێنەی جێگیر و جوڵاو و کورتەنامە کە دژی ڕەفتار و ڕەوشتی گشتی بێت، وێنەگرتنی بێ مۆڵەت و ڕەزامەندی. دانەپاڵی تۆمەتی وا کە ئابڕوو بڕووشێنێ، بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژیانی تایبەتی یان خێزانی تاکەکان، ئەگەر ئەو زانیاریانە زیانی بە کەسێتییان گەیاند.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

---

دانیشتووی یەک گەڕەکن

# شیلان خۆی سووتاند و باوەڕیش هەوڵی خۆکوشتنی دا



**عومەر چاوشین**
**رووداو- ڕانیە**

ڕووداوە کۆمەڵاتییەکان لە دەڤەری بیتوێن و پشدەر بەردەوامییان هەیە و لە هەفتەی ڕابردووشدا کچێک خۆی سووتاند و گیانی لەدەستدا. کوڕێکی دانیشتووی هەمان ئەو گەڕەکەش کە کچەکە خۆی تێدا سووتاند، گوللەیەکی تاپڕی لە خۆی دا و ئێستا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانییە.

مزگەوتەکانی ڕانیە جەژنێکی پڕ لە پرسەیان بەڕێکرد، چونکە لەماوەی ڕۆژانی جەژن و بەر لە جەژن چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیە ڕوویاندا: دوو کچ خۆیان کوشت و ژنێکیش بە دەستی هاوسەرەکەی کوژرا و یەکێکیش لە لایەن باوکە بەساڵاچووەکەیەوە کوژرا.

بەپێی ئاماری پۆلیسی ناوچەکە، لە ماوەی 7 مانگی ڕابردوودا 283 ژن توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، 17 ژن سووتاون یان خۆیان سووتاندووە و زۆربەیان بەهۆی سەختیی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەست داوە، 4 ژنیش بەدەستی کەسە نزیکەکانیان لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا بە بیانووی جۆراوجۆر کوژراون.

ڕۆژی 2014/8/6 کچێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی شیلان حەسەن حەمەد، دانیشتووی گەڕەکی ماکۆک لە ناحیەی حاجیاوا، لە نێو ماڵەکەیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و دواتر گیانی لەدەستدا. کەسوکارەکەی دەڵێن کچەکە نەخۆشیی دەروونیی هەبووە.

دڵشاد حەسەن، خوشکی شیلان بە (ڕووداو)ی گوت "خوشکەکەم نەخۆشیی دەروونیی هەبوو، سێ جاری دیکە ویستبووی خۆی بکوژێ، بەڵام هەوڵەکانی بۆ نەچووبوونە سەر، براکانم بردبوویان بۆ لای پزیشکی دەروونی".

دڵشاد ئاماژەی بەوەدا لە کاتی ڕووداوەکە کەسیان لە ماڵەوە نەبووە، بۆیە شیلان دەرفەتی وەرگرتووە و خۆی سووتاندووە. دڵشاد ڕەتیکردەوە کێشەیان لەگەڵ کەس هەبێت یان خوشکەکەی کێشەی هەبووبێت "هیچ کێشەمان نییە و خێزانێکی تەباین، شیلانیش کێشەیەکی گەورە و بەرچاوی نەبووە کە شایانی باسکردن بووبێت، باری ئابووریی خێزانەکەمان باشە. شیلان کێشەی شووکردن و پێداویستی ڕۆژانەی نەبووە، بەڵام دوای مردنی باوکم هەستمان پێکردبوو باری دەروونی تەواو نییە".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس ئەو کچە لەسەربانی ماڵیان خۆی سووتاندووە، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی دەستبەجێ گیانی لەدەستدا، بۆیە پۆلیس نەیتوانی ئیفادەی لێوەربگرێت".

هەر لە هەمان گەڕەک و هەمان ڕۆژ، کوڕێکی هاوتەمەنی شیلان بەناوی باوەڕ محەممەد عەباس، بە چەکی تاپڕ گوللەیەکی لەخۆی دا، بەهۆی سەختی برینەکەی لە ڕانیەوە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. بەڵام پۆلیسی ڕانیە دەڵێت ئاگاداری ئەو ڕووداوە نین.

خۆسووتاندنی شیلان و هەوڵی خۆکوشتنی باوەڕ لە یەککاتدا گومانی لەلای خەڵکی دروستکرد، کە ڕووداوەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت، بەڵام کەسوکاری هەردوولا ئەم گومانە ڕەتدەکەنەوە.

بڕوا محەممەد، برا گەورەی باوەڕ بە (ڕووداو)ی گوت "براکەم فیشەکێکی لە سکی خۆی داوە، بەڵام خۆشبەختانە نەمرد و ئێستا لە ژێر چاودێریی پزیشکدایە لە نەخۆشخانەی سلێمانی، باری تەندروستیی جێگیرە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆی باسنەکردووین کە بۆچی ویستی فیشەک لە خۆی بدات".

بڕوا گوتیشی "پێموانییە براکەم کێشەی خۆشەویستی و پارەی هەبووبێت، ڕووداوەکەش پەیوەندی بەو کچەوە نییە، بۆیە ئێمە هەموو دەنگۆ و گومانێک لەوبارەیەوە ڕەتدەکەینەوە".

---

ڕێکخراوەکانی ژنان

# بۆ ژنان و منداڵانی ئێزدی نەهاتنە سەر شەقام

**ژنە چالاکڤانێک: ڕێکخراوەکان ناتوانن 50 کەس لە شەقامەکان کۆبکەنەوە**

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

زۆربەی وڵاتانی جیهان نەیانتوانی لەوە زیاتر خۆیان لەبەردەم وێنەکانی چیای شنگالدا ڕابگرن، کاتێک دەیان منداڵ، ژن و پیاوی بەساڵاچوو، بەهۆی برسێتی و تینوێتییەوە دەمرن و کەسیش گوێی لەدەنگی دواساتەکانی مردنیان نابێت. هەرچەندە ژمارەی قوربانییەکان هەڵکشان، بەڵام سەرئەنجام کۆمەڵگەی نێودەڵەتی بەدەنگ هات، کەچی ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵان لە باشووری کوردستان هەر نەهاتنە دەنگ.

ڕازاو عەبدول، ژنە چالاکڤانێکی سلێمانییە و ڕۆڵی هەبووە لە بەشێک لەو کەمپەین و خۆپیشاندانانەی لە ماوەی ڕابردوو بۆ مافەکانی ژنان و منداڵان کراون، پێیوایە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان زیاتر لە شکڵی کۆمپانیایەکی بازرگانیدان.

ڕازاو گلەیی زۆری لە ڕێکخراوەکان هەیە "کەمن ئەو ڕێکخراوانەی کە تائێستا توانیویانە کاریان لە چەمکێکی یاخود لە بوارێکی کۆمەڵگادا کردبێت و بیروڕای جیاوازیان لای خەڵک دروستکردبێ".

ڕازاو، سەبارەت بەو ژن و منداڵانەی کە بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە ڕوویان کردە چیای شنگال و بەهۆی نەبوونی خواردن و پێداویستیەکانی دیکەی ژیانەوە گیانیان لەدەستدا، دەڵێ "وەک چۆن ڕێکخراوەکانی ژنان بێ هەڵوێست بوون، ڕێکخراوەکانی منداڵانیش بە هەمانشێوە نەیانتوانی هیچ پرسێکی منداڵ بگۆڕن، هەردوولا تەنیا کار بۆ ئەو کێشانە دەکەن کە ڕوویان تێدەکەن و خۆیان بەدواداچوون بۆ کێشەکان ناکەن".

هەروەها گوتی "هێندەی ڕێکخراوەکان پەیوەستن بە ڕاگەیاندن و دەسەڵاتەوە بۆ وەرگرتنی بودجە، لەو بڕوایەدا نیم هیچ ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانێ سەبارەت بەم بارودۆخە 50 کەس بێنێتە سەر جادە".

لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراو و سەنتەری داکۆکیکار لە ژنان و منداڵان هەن، بەڵام لە ماوەی ئەو هەفتەیەی ژنان و منداڵانی کوردی ئێزدی لە چیای شنگال گیریانخوارد، هیچکام لەو ڕێکخراوانە لەسەر شەقامەکان نەبینران و دەنگی ناڕەزاییان بەرز نەکردەوە، تەنانەت بەشدارییان لە هیچ هەڵمەتێکدا نەکرد بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکان.

نەعمان عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری بەرنامەکان لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان پێیوایە دروستبوونی ئەو بارودۆخە چاوەڕواننەکراو بووە بەتایبەت ئەوەی لە ناوچەی شنگال ڕوویدا، هەرچەندە ئەمە یەکەم حاڵەت نییە لە عێراق بەسەر منداڵدا بێت "بەڵام ئێمە وەک منداڵپارێز بەدواداچوونمان کردووە بۆ پاراستنی ژیانیان و بەردەوام پەیوەندیمان بە ڕێکخراوی فریاگوزاریی شنگالەوە کردووە".

لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە لە عێراق ڕوویداوە، بەڵام ڕێکخراوەکانی منداڵان پێیانوایە ئەگەر پاڵپشتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەبێت ناتوانن بەتەنیا ژیانی منداڵان بپارێزن، چونکە وەک نەعمان دەڵێ "چەندین دایک بەهۆی نەبوونی پێداویستییەوە لەکاتی منداڵبووندا منداڵەکانیان گیانیان لەدەستداوە، ئەمە جگە لەوانەی بەهۆی نەبوونی ئاو و خۆراکەوە گیانیان لەدەستداوە، لەبەر ئەوە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی لە شەقامدا هیچ کاریگەرییەکی نییە".

بەڵام ڕەوەندی کوردی لە هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوایی زوو کەوتنە خۆیان و داوای هاوکاری و بەدەمەوەچوونی ژن و منداڵە ئاوارە ئێزدییەکان و باشووری کوردستانیان کرد، یەکێک لە ژنە ئاوارە ڕزگاربووەکانی چیای شنگال، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت ئەوەی ئەوان بەسەریان هاتووە ناگێڕدرێتەوە "بڕوامان نەدەکرد ڕزگارمان ببێت، منداڵان لەبەردەممان بەهۆی تینوێتی و برسێتی دەمردن".

یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "ئەگەرچی ڕاستە لەم دۆخانەدا خۆپیشاندانی سەرجادە، کاریگەریی لەسەر ڕای داعش ناکات، بەڵام هەر بۆ ڕای گشتی و نێودەوڵەتی گرنگ بوو". گوتیشی "ئەوە دەبێتە ڕەخنەیەکی گەورە بەسەر ڕێکخراوەکانی ژنانەوە و نەدەبوو بێدەنگ بین". پەلاماری چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ سەر ئێزدییەکانی شنگال، ڕۆژئاوای هێنایە سەر ئەو بڕوایەی چیدی ناکرێ لە دوورەوە سەیری ئەو تراژیدیایە بکرێت و خەڵکی سڤیل لە چاوەڕوانیدا گیان لەدەست بدەن.



# خۆبەخشەکان مەتارەی ئاویان نەهێشت

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

کاتێک بە بەردەم بازاڕی جلوبەرگ و کەرەستە سەربازییەکاندا لە سلێمانی تێدەپەڕی، ڕۆژانی پێش جەژنەکانت بیردێتەوە کاتێک خەڵک بەکۆمەڵ سەرقاڵن بە کڕینی جلوبەرگ و کەلوپەلی سەربازی، کاسبکارانی بازاڕەکە باس لەوە دەکەن شەڕی داعش ئەو بازاڕەی بۆ ئەوان دروستکردووە "ئەو پێداویستیانەی ئێستا داواکاری لەسەرەو لەبازاڕدا نەماوە و بووەتە ئەزمە، پێشتر کەس لێی نەدەپرسی و نەیدەویست".

کڕیارانی ئەو بازاڕە وا دەردەکەون پەلەی ئەوەیان بێت کە پێداویستییەکانیان بکڕن و بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە. سدیق سەعید، خاوەنی دووکانی پۆشاکفرۆشی سەربازییە، دەڵێت لە ڕۆژانی پێش سەرهەڵدانی چەکدارانی داعش لە عێراق، کڕیارانی بازاڕەکەیان تەنیا ئەو کەسانە بوون کە لە فەوجێک یان شوێنێکی سەربازی دادەمەزران، یاخود پلەی سەربازییان بەرز دەبووەوە "ئەوانە شتێکی زۆریان نەدەویست، پۆشاک و روتبەیان دەکڕی، شتەکانی دیکەمان داواکارییان لەسەر نەبوو".

لەوەتەی شەڕی چەکدارانی داعش رووی وەرگێڕاوە بە ئاراستەی کوردستاندا، پێشمەرگە دێرین و خەڵکە خۆبەخشەکان، قەرەباڵخییان خستووەتە بازاڕەکە بۆ کڕینی پێداویستی جەنگ، تەنیا پلەی سەربازییان ناوێت و زۆر بەکەمیش پۆشاک دەکڕن "بەشێک لە گەنجە خۆبەخشەکان پۆشاکیش دەکڕن، زۆر بەرێکخراوی خۆیان پۆشتە دەکەن بۆ جەنگ".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

"ئێستا هەموو بازاڕی سلێمانی بگەڕێ مەتارەیەکی ئاوت دەستناکەوێت، مەتارە ئەزمەی لەسەرە، چەندت هەبێت دەفرۆشرێت، ئەو کەسانەی دێنە ئێرە خۆبەخش و خەڵکی مەدەنین، زیاتر تاقمی تفەنگ و مەتارەی ئاو و کۆڵەپشت و شەبقەیان دەوێت". سدیق سەعید گوتیشی "ئەو کەرەستانە جاران کەس نەیدەویستن".

خالید ئەنوەر، کە مامەڵەچییەکی دیکەی بازاڕەکەیە هۆکاری کەمفرۆشیی پۆشاکی سەربازی، دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی بەخۆبەخش دەچن بۆ جەنگ، زۆربەیان بە جلی کوردییەوە دەچن، وەک باسیدەکات سەرجەمیان لەسەر گیرفانی خۆیان پێداویستیەکانیان دەکڕن "خەڵک هەبووە وەزعی مادی زۆر خراپ بووە، پارەکەی گیرفانی دەرهێناوە و گوتوویەتی ئەوە هەموو سەروەتی منە، بەڵام دەیدەمە پێداویستی شەڕ و ئەو وڵاتە سەروەتی منە و دەبێ بیپارێزین".

لەو ڕۆژەوەی شنگال و چەند ناوچەیەکی دیکە کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، لەنێو هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی باشووری کوردستان جموجوڵێکی خۆڕسکانە دەستپێکردووە بۆ بوونە پێشمەرگە، لە هەر شار و شارۆچکەیەک خەڵکی ناوی خۆیان دەنووسن و لەسەر گیرفانی خۆیان پێداویستییەکانی شەڕ دەکڕن و دەڕۆن.

کادیرە حیزبەکانیش روو لەبازاڕی پۆشکفرۆشانی سەربازی دەکەن، لەو بازاڕەدا پلەی سەربازی دەستدەکەوێت بۆ کڕین، بەڵام ئەو کەسەی داوای دەکات دەبێت ناسنامەی پلەداریی پێ بێت ئەوکات پێیدەفرۆشرێت، ئەگەر کەسێکیش گومانی لەسەر بێت لەلایەن کاسبکارانی بازاڕەکەوە ئاسایشی لێئاگادار دەکرێتەوە.

شەڕ بازاڕگەرمی زۆری بۆ دروستکردون، جوڵەی زۆرباشی خستووەتە بازاڕەکەیان، سدیق سەعید، وەکخۆی باسیدەکات دڵیان خۆش نییە بەو قازانجەی بەدەستیدەهێنن، بەهۆی ئەو شەڕ و نا ئارامییەی رووی لە کوردستان کردووە "هەرچەندە ئێمە کار بۆ پەیداکردنی پارە دەکەین، بەڵام پارەش هەموو شتێک نییە کاتێک وڵاتەکەت رووبەڕووی شەڕ و وێرانکاریی بێتەوە".

بەڵێن رەفیق، دراوسێ دووکانی سدیق سەعیدە، لەکاتی قسەکردندا زەنگی تەلەفونەکەی لێیدا، کەسێک پێیگوت کە ئێوارە خۆی ئامادەبکات کەدەچن بۆ بەرەکانی جەنگ وەک خۆبەخش "من بەرگری لە وڵاتەکەم بە گرنگتر دەزانم لەو بازاڕە". گوتیشی "تەنیا یەک مەتارەشم نەماوە، تاقم و لایت و شەبقە و کۆڵەپشتیش زۆر کەمە و ئەزمەی زۆری لەسەرە".

دڵشاد عەلی، وەک گەنجێکی خۆبەخش هاتبووە بازاڕەکە بۆ کڕینی پێداویستی سەربازی، ئەوەی سەربازێکی رێکخراو پێویستی پێی بێت، ئەم گەنجە کڕیبووی، وەکخۆی باسیدەکرد ئەو دەیویست زۆر بەریکخراوی بچێت بۆ جەنگ، دەیگوت "ئەوانەی لەگەڵ مندا دەچن بۆ جەنگ، هەموو شتێکمان کڕیووە". پۆستاڵەکانی گرتبووە بەدەستەوە پیشانی ئێمەیدا وەک ئەوەی لەهیچ شتێکی کەمنەبێت.

خالید ئەنوەر، هاوشێوەی دووکاندارەکانی دیکە باسی لەوەدەکرد کە داواکاری زۆر لەسەر پێداویستیەکانی پێشمەرگە هەیە، دەیگوت "سەرم لەوەسوڕماوە خەڵکی زۆر بەدڵگەرمییەوە دێن بۆ کڕینی پێداویستی شەڕ. ئەوانەی دێنە ئێرە شەڕەکە بەشەڕی خۆیان دەزانن".

# ئاوارەی عەرەب کۆنەیان لە سلێمانی بڕی

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

کاسبکارانی کۆنەفرۆشی بازاڕی دارە سووتاوەکەی سلێمانی، هەرگیز ڕۆژی وەک ئێستا قەرەباڵخیان بەو بازاڕەی خۆیانەوە نەبینیوە. خەڵکێکی زۆر خۆیان دەکەن بە نێو دووکانە پڕ لە کۆنەکاندا و زۆربەی مامەڵەکانیش بە زمانی عەرەبی دەکرێن، چونکە کڕیارەکان عەرەبن.

لەنێو دووکانێکدا کە چەندین جۆر کەلوپەلی کۆنەی نێوماڵی تێدا هەڵدراوەتەوە، جەلال محەممەد، دانیشتووە و چاوی لە شتومەکە کۆنەکانیەتی "لێرە هەموو شتێک دەفرۆشرێت". ئەو نەیدەتوانی دڵخۆشی خۆی بشارێتەوە لەوەی کە ئەمڕۆ بازاڕی ئەوان گەرمترە لەوانەی کەلوپەلی مۆدێرن و نوێی نێوماڵ دەفرۆشن "ئێستا ئەگەر کڕیارێک روو لە من بکات هیچم نەماوە بیفرۆشم، هەموو ئەوانەش تۆ دەیبینی، فرۆشراون و خاوەنەکانیان بۆی دەگەڕێنەوە".

زۆربەی کڕیارەکانی جەلال و ئەوانەی وەک ئەو کەلوپەلی کۆنە و شکاوی نێوماڵ دەفرۆشن، عەرەبن، ئەو ئاوارانەی بەلێشاو ناوچە بەشەڕ تەنراوەکانی خۆیان جێهێشت و روویان لەباشووری کوردستان کرد. ئەو فرۆشیارە دەڵێ "جاران خەڵک دەچوو لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق کەلوپەلی کۆنەی نێوماڵی دەهێنا، بەڵام ئێستا عەرەبەکان کە دێنە سلێمانی لێرە کەلوپەلی کۆنە دەکڕن".

کڕیارە عەرەبەکانیش زیرەکانە بیر لەخۆژیێنی دەکەنەوە، ئەوان لە ئاوارەییدا دەزانن ناتوانن تاسەر لەباشووری کوردستان بمێننەوە و دواتر لەکاتی گەڕانەوەشدا بۆ شوێنی خۆیان دەبێ کرێیەکی زۆر بدەنە گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان، هەر بۆیە کەلوپەلی کۆنە دەکڕن.

کاسبکارانی نێوبازاڕی دارەسووتاوەکەی سلێمانی، بۆخۆیان بە ئۆتۆمبیل بە نێو گەڕەک و کۆڵانەکاندا دەگەڕێن و بەفرگر، فێنککەرەوە، فەرش، زۆپا، قاپ و قاچاخی کۆنەی ماڵان بە نرخێکی زۆر کەم دەکڕن و دواتر لەو بازاڕەدا بە قازانج دەیفرۆشنەوە. جەلال محەممەد، دەڵێ بەهۆی زۆربوونی خواست لەسەر ئەو کەلوپەلانە لەلایەن ئاوارەکانەوە "شتی کۆنە لەناو سلێمانیدا خەریکە نامێنێ، جار نا جارێک، کورد دێنە بازاڕەکەمان و تەنیا شتی جوان و شازیان دەوێت، بەتایبەت ئەوانەش خەڵکی هەژارن، بەڵام عەرەبەکان هەموو شتێک دەکڕن، زۆریش دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی بە نرخی کەم پێیان بفرۆشیت".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ئێستا وەرزی هاوینە و زۆر لە خێزانە ئاوارەکان ناچارن خێمە هەڵبدەن، یەکێک لە کاسبکارانی ئەو بازاڕە دەڵێ "چەندت ئامێری بەفرگر هەبێت هەر ئەمڕۆ دەفرۆشرێت، سەلاجە نەماوە لەبازاڕدا، کۆمبار، سەرین، بەتانی، دۆشەک، قاپ و قاچاخ، هەموو شتێکیان دەوێت و دەیکڕن". گوتیشی "واهەستدەکەم ئێستا خەڵکیش تێگەیشتوون خواست لەسەر کۆنە زۆر بووە، بۆیە ئەو ماڵانەی کەلوپەلە کۆنەکانیان دەفرۆشنەوە، نرخی شتە کۆنەکانیان بەرزکردووتەوە، چونکە عەرەبەکان تەنانەت ئەو تەلەڤزیۆنە مۆدێل کۆنانەش دەکڕن کە کەس لێی ناپرسێت".

زێدان خەڵەف، ئاوارەیەکی شاری رومادییە و کارمەندی رێکخراوێکی خێرخوازیشە بۆ دابەشکردنی خۆراک، لەو بازاڕە بەدوای هەندێک کەلوپەلی هەرزا دەگەڕێت "ئامێرێکی بەفرگری هەرزانم دەوێت، پارەمان پێ نییە و ژیانمان لە نارەحەتی دایە، باشترە ئێمە بەدوای کەلوپەلە هەرزانەکان بگەڕێین".

زێدان دەڵێت ئێستا هەموو ئاوارەکان وەک ئەو بیر دەکەنەوە لە دروستکردنی ماڵێکی کاتی "ئەگەر رۆژی گەڕانەوەمان نزیک بووەوە، ناتوانین شتەکانمان ببەینەوە بۆ شوێنی خۆمان و کرێ گرانە، دواتر کرێی نەفەراتم بۆ بکات دەیفرۆشمەوە، یان بەجێیدەهێڵم".

عومەر عەلی، قسەکانی زێدان پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ، ئاوارەکان ئێستا بەدوای شتی هەرزاندا دەگەڕێن "سەلاجە و تەلەفزیۆنی مۆدێل کۆنیان دەوێت".

ناوبراو پێیوایە شەڕ مایەی خێر نەبووە بۆ ئەوان و دەڵێ "ئەم شەڕە بازاڕی ئێمەی راگرت، چونکە جاران هەموو شتەکانمان بەنرخی باش دەنارد بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق "بەڵام ئێستا ئەو پارەی جارانمان بۆ ناکات، بەڵام بەخێرایی سەرف دەبێت، زۆربەی کات دەست بەڕووی کڕیارەکانمانەوە دەنێین، لەبەرئەوەی هیچ شتێک نەماوە، هەر شتێک بێتە بازاڕەوە کڕیاری هەیە و خێرا دەفرۆشێت".

هێشتا لێشاوی ئاوارەکان بەردەوامە، پێدەچێ خواستێکی زۆرتر بکەوێتە سەر بازاڕەکانی کۆنەفرۆشیی لە باشووری کوردستان. محەممەد تۆفیق مەردان یەکێکی دیکەیە لە فرۆشیارانی ئەو بازاڕەی سلێمانی و دەڵێ "ڕۆژانە بەلانیکەمەوە لەم بازاڕەدا 100 تەباخ و 50 سەلاجە دەفرۆشین، شت لەبازاڕدا نەماوە و ناڕوات بۆ شارەکانی دیکەی عێراق". گوتیشی "عەرەب نەبێت کڕیار کەمە، یان نییە".



نیگار حەمەد عەلی

# تکایە سەرۆکی حکومەت وەرە سەرخەت

هەرچەندە ئەو راستیە باش دەزانم کە گوتراوە (ئەو بارەی لە خۆمە هەر لە خۆمە)، منیش دەڵێم سەرۆکی حکومەت تۆ بیت یان هەر کەسێکی دیکە، دەسەڵات هەر شێوەیەک بێت، یاسا هەرچۆنێک بڕوات و رۆژگار دێ و دەڕوا، سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی تازەی پەرلەمانتاران و وەزیرەکان وەک رۆتین ئاڵوگۆڕ دەکرێن، ئەوەی وەک خۆیەتی و نەهامەتی زیاتر و زیاتر دەبینێت ژنانی دەڤەرەکەمە (لە دەروازەی راپەڕین) کە دیسانەوە رێژەی توندوتیژی زیاد دەکات و تەنها لەماوەی یەک هەفتەی رابردوودا (5) حاڵەتی کوشتن و خۆسووتاندن هەبووە و رۆژانە گوێبیستی قەتڵوعامی ژنان دەبینین و تا نووسینی ئەم بابەتەش ئەمڕۆ کچێکی 16 ساڵ لە بەرەبەیاندا ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و گیانی سپارد، جگە لەوەش دەبیستین پیاوێک ژنەکەی کوشت، کچێک خۆی خوشت، کوڕێک خۆی کوشت... ژنێک لێیدرا ... هەڕەشەی لێکرا... ستەمی لێکرا و هتد.


باشە لەگەڵ بوونی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان و رێکخراوەکان، سەنتەرەکان کە بودجە و کارمەندی تایبەت بەم دۆخە دابین کراوە، ئەوا دەبینین خراپبوونی وەزعەکە لە زیادبووندایە. ژن کوشتن و خۆسووتاندن بووەتە دیاردە و ئەوەندە ئاسان بووە وەک ئەوەی دەبیستین و دەبینین .. دەکرێ بپرسین تا کەی بەردەوام دەبێت و چارەسەر نابێت؟ کێ بەرپرسیارە؟ بۆ دواتر چی بکرێ؟ ئەی ئایندەی ئەم وڵاتە و نەوەی نوێ؟ ئەی ژنانی بێ دەسەڵات و لانە و کەسوکار؟

جەنابی سەرۆکی حکومەت: جەنابت فەرمانێکت دەرکردبوو کە ئەوکات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووی بە ژمارە (4516) لە بەرواری (2013/5/15 ) و وا بڕیار بوو بۆ خۆت سەرپەرشتی بکەی کە لە هەموو شار و شارۆچکەکان دەستەی باڵای حکومی کار بکات بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کە بەڕاستی بەرنامەو ئەجێندای جوانی تێدا بوو بۆ جێبەجێکردن، بۆ 13 شوێنی پەیوەندیدار نێردراوە بۆ کارپێکردن، بەڵام بەداخەوە کوا بەرهەمەکەی و کوا کارەکان و ئەنجامەکەی، کوا بەدواداچوونی جەنابت بۆ فەرمانەکەت. من وەک بەشەکەی خۆم لەشارەکەم تەنها یەک دانیشتنمان کرد و تێیدا بڕیاری باش و پێشنیازی باش خرایەڕوو بۆ خزمەتی دەڤەرەکە، کەچی ئەمە یەکەم و دوا دانیشتن بوو، ئیتر نەمانزانی بێ بودجەیی بوو یان پشتگوێخستنی قەزیەکە یان هەر هۆکارێکی دیکە. دەقی فەرمانەکەش لام هەیە و پاراستوومە، ئەوەی دەیبینین ئەمڕۆ ئەوەیە کە نەکراوە، من تەنها رووی قسەم لە جەنابتە وەک سەرۆکی حکومەت کە ئەمڕۆ ئەرکێکی دیکەی نیشتمانی و ئاینی و مرۆیی کەوتووەتە ئەستۆت و تۆ یەکەم بەرپرسیاری لە روودانی هەر حاڵەتێک کە روویدات، بەتایبەت بەرامبەر مافخوراو و ستەملێکراو و کوژراو و سووتاو.

بۆیە تکا دەکەم خۆت وەرە سەرخەت. وەرە بۆ ئێرە بۆ مەملەکەتی ژنە سووتاوەکان و ستەملێکراوەکان، بزانە کێ بەرپرسیاری یەکەمە لەم رووداوانە و رێگاچارە دابنێ . یان هەموو ئەو دەزگایانە دابخە کە بەبێ کار کراونەتەوە و بودجە و فەرمانبەریان هەیە و کەچی ئەوەش بەرهەم، تکایە با یەکەم کارت خزمەتکردنی ژنانی دەڤەرەکەم بێت و چیتر بەم شێوەیە تووشی بێهیوایی نەبن و مەرگ هەڵنەبژێرن.

دوا پەیامم ئەوەیە کە وەڵامت دەبێت یان نا بەلای منەوە گرنگ نییە، چونکە ئەمە بابەتێکی تاکەکەسی نییە و باسی ژیانی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەیە کە ئەمڕۆ دەناڵێنێ و لەزیندانی ستەمکاردایە، ئەوەی منیش تەنها بۆ مێژووە و لە لاپەڕەکانیدا دەنەخشێت و هەرگیز ون نابێت.

هەمەجۆر
رووداو
ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11



## هەڤاڵ بووە سەرۆک

**ڕێکەوت سەلام- هەولێر**

دوای هەڵبژاردنی ستافی ئۆرکێسترای کوردستان، هەڤاڵ حەمەد بووە سەرۆکی ئۆرکێستراکە و دەشڵێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا چەندین چالاکی دەکەن. هەڤاڵ حەمەد سەرۆکی نوێی ئۆرکێسترای کوردستان کە پێشتریش یەکێک بوو لە ئەندامانی گرووپی ئۆرکێسترا بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "وەک سەرۆکی نوێی ئۆرکێسترای کوردستان لە ڕێگای دەنگدانەوە هەڵبژێردرام و ئێستاش خەریکی خۆ ئامادەکردنین بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هونەری". گوتیشی یەکێک لەو چالاکیانە بریتییە لە کارێکی گەورەی هونەری بۆ پێشمەرگە کە لەلایەن هونەرمەندی موزیکژەن چەتۆ نەورۆز کاری ئامادەکردنی موزیکی بۆ کراوە.

# لوبنانیەک گۆرانی بۆ پێشمەرگە دەڵێ

**رووداو- هەولێر**

گەنجێکی لوبنانی دانیشتووی هەولێر گۆرانییەک بەناوی "پێشمەرگە" تۆمار دەکات.

هونەرمەندی لوبنانی هەیسەم سەعد بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "من وەک لوبنانیەکی دانیشتووی هەولێر دڵ و گیانم لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستانە، بۆیە گۆرانییەکم بە عەرەبی بۆ پێشمەرگە تۆمار کردووە، لەم ڕۆژانەشدا ڤیدیۆ کلیپی بۆ دەکەم و بڵاوی دەکەمەوە".

تێکستی گۆرانییەکە کە لوبنانییەک نووسیویەتی، باس لە قارەمانێتی گەلی کورد و پێشمەرگە و خۆڕاگرییەکانی دەکات.



# مەکسیکی شێنێ ڕادەهێنن



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

دوای خۆپاڵاوتنی بۆ پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان، شێنێ عەزیز بانگهێشت دەکرێ بۆ چەند ئاهەنگێکی هەڵبژاردنی شاجوان لە وڵاتانی بەرازیل، مەکسیک، میسر و ئوردن.

شێنێ عەزیز، یەکەمین شاجوانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "وەک ئەندامی لیژنە بۆ چەند پێشبڕکێیەک بانگهێشت کراوم کە لە ماوەی داهاتوودا لە چەند وڵاتێکی وەک بەرازیل و مەکسیک و میسر و ئوردن ساز دەکرێت".

بڕیارە ڕۆژی 2014/12/14 لە بەریتانیا پێشبڕکێی دیاریکردنی شاجوانی جیهان بەڕێوەبچێ کە شێنێ یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی و نزیکەی 200 وڵات کێبڕکێ لەسەر نازناوەکە دەکەن.

شێنێ گوتی "کوردستان تاکە شوێنە کە وەک هەرێم بەشداری دەکات، لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ ئەم پێشبڕکێیە دەکرێت، بڕیارە لەم ڕۆژانە ستافێکی مەکسیکی بۆ ڕاهێنانی من بگەنە کوردستان، بۆ ئەوەی چۆنیەتی ڕۆیشتن و ئەتەکێت و مێژوو و سیاسەت و ڕێنماییەکانم لە سێ هەفتەدا فێر بکەن".



# هۆ کاکی پێشمەرگە نوێ دەکرێتەوە

**ڕێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

گۆرانی "هۆ کاکی پێشمەرگە" کە لەلایەن هونەرمەندی کۆچکردووی کورد محەممەد جەزا لە سەردەمی شاخ گوتراوە، لەلایەن هونەرمەند حەمید عوسمان لە کلیپێکدا نوێ دەکرێتەوە.

حەمید عوسمان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "کارەکانی گۆرانی هۆ کاکی پێشمەرگە تەواوبووە و کاری کلیپیش لە جێبەجێکردندایە".

گۆرانی هۆ کاکی پێشمەرگە یەکێکە لە شاکارەکانی هونەرمەندی کۆچکردووی کورد محەممەد جەزا کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تۆمار کراوە.



# بەختی رووداو



**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی**
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
پەرە بە بیرۆکەکانت بدە ڕەنگە بگەیتە ئەنجامێکی باش، یان ببنە پرۆژەیەک. هەوڵ بدە تەنها بە بابەتە گرنگەکانەوە خۆت سەرقاڵ بکەیت، وا باشە کاتی زیاتر بەو کارانە بدەی کە دەبنە هۆی باشکردنی ژیانی داهاتووت.

**گا**
ئەو گۆڕانکاریانەی تۆ دەتەوێ هەر ڕوودەدەن، بەڵام دەبێت زیاتر خۆڕاگر بیت، کارەکانت بەرەوپێش دەچن، بەڵام ڕەنگە نەگەنە دوایین ئەنجامی چاوەڕوانکراو. هەست دەکەن کەسایەتیتان کاریگەر و بەهێزتر دەبێت، بەمەش سەرنجی زیاتری خەڵک بۆ خۆتان ڕادەکێشن.

**جمک**
کاتی ئەوە نییە ئەوەندە هەستەکانی ناخت لێک بدەیتەوە، چاونەترسانە هەرچی لەناختدا هەیە دەریبڕە و خۆت لەو هەموو ئاڵۆزییە ڕزگار بکە. کاتێکی باشە بۆئەوەی هەوڵەکانتان لەڕووی دەرامەت چڕ بکەنەوەو بەختیش هاوکارییەکی باشتان دەکات.

**قرژاڵ**
کارەکانت وەک شەپۆلی دەریا دێن و دەچن، ئەگەر ڕێکخستنێکی باشیان تێدا نەکەیت ئەوا ماندووت دەکەن و دیسان دوادەکەونەوە، بەڵام ئێستا فرسەتێکی زێڕینە کار بۆ سەرکەوتن بکەیت و ببیتە جێی سەرنجی چواردەورەکەت.

**شێر**
هەمووشتە ونبووەکانی ژیانت جارێکی دیکە سەرهەڵدەدەنەوە، وەک سۆزداری و بەختەوەری و کارکردنی نوێ، چواردەورەکەت زیاتر گرنگیت پێدەدەن. کاتێکی باشە بۆ کارەکانت بەڵام هەوڵ مەدە هەموو هەنگاوەک لەیەک کاتدا بگەیەنیتە ئەنجام.

**گوڵەگەنم**
کاتێکی کەمێک قورسە بۆ هەنگاوی پراکتیکی لە کارەکانتدا، بەڵام باشە بۆ خۆئامادەکردن و بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو. هەمیشە دەتوانی پارێزگاری لەو شتانە بکەیت کە پێشتر ماندووبوونت بۆ کێشاون. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز دەبن.

**تەرازوو**
لەباری سۆزدارییەوە کاتێکی باشە. دەرگاکانی بەختەوەری بەسەرتاندا دەکرێتەوە و گۆڕانکارییەک لە ژیانتاندا ڕوودەدات. کاتی هەنگاوە نوێیەکانە، بەڵام دەبێت پشت بەتوانای خۆت ببەستی، لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە خێزانەکەت هاوکاریت دەکەن.

**دووپشک**
هەواڵەکان و گۆڕانکارییەکان زۆر دەبن، ڕەنگە هەندێکیان دڵخۆشت نەکەن، بەڵام دەروونت ئاسوودە دەبێت و لە ڕاڕایی دووردەکەویتەوە. پێویستە بڕیارێک یەکلایی بکەیتەوە ئەمەش ڕێگریت بۆ دروست ناکات بەڵام بە وردی بیر لەهەموو ئەگەرەکان بکەرەوە.

**کەوان**
کاتی جێبەجێکردنی ئەو کارانەیە کە مانگی ڕابردوو ئامادەکاریت بۆ کردوون. خۆت لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە بپارێزە، بیرکردنەوە و چالاکیەکانت زیاد دەکات، ئەو کارانەی تا ئێستا بەئەنجام نەگەیشتوون فرسەتی ئەنجامدانیان دێتە پێشێ.

**کارژۆلە**
کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستن و پلاندانان، بۆ تەواوکردنی کارە گرنگەکان باش نییە. هەموو دۆخەکان لە قازانجتان دەبێت بەمەرجێک بڕوای تەواوتان بەخۆتان هەبێت. کاتێکی زیاتر بۆ نزیکبوونەوە لە کۆمەڵ بەسەردەبەن و هەوڵدەدەن دەروونیان بخوێننەوە.

**سەتڵ**
دەتوانی کارە ناتەواوەکانی ڕابردوو تەواو بکەیت و خۆت بۆ ئەنجامدانی کارە گرنگەکان ئامادە بکەیت. کاتێک بۆ پشووی خۆت دیاری بکە و بەردەوام سوود لە گوێگرتن و پێشنیاری چواردەورەکەت وەربگرە. لەباری سۆزداریدا بڕوایەکی زیاترتان بەخۆتان دەبێت.

**نەهەنگ**
فرسەتی کاری نوێتان بۆ دێتە پێشەوە یان کارێکی زیاتر دەکەن. هەنگاوەکان ڕێچکەیەکی باشیان وەرگرتووە دەبنە کاری گەورە وەک ئەوەی پێشبینی دەکەن. ئێستا کاتی قسەکردن و خەیاڵ نییە، کاتی ئەوەیە بە چالاکییەکانت وەڵام بدەیتەوە.



# یەکەم بەرهەمی پەرواز کۆکتێلە

**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی چەند گۆرانییەکی کۆنی هونەرمەندە کۆچکردووەکانی دووبارە کردەوە، پەرواز حوسێن ئێستا سەرقاڵی یەکەمین بەرهەمی خۆیەتی کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە. گۆران ساڵح، هاوسەری پەرواز بە (رووداو)ی گوت "دەمێکە خەریکی بەرهەمێکی نوێین بۆ پەرواز و ئێستا گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی، لەو ڕۆژانەشدا کلیپێکی مۆدێرنی بۆ دەکرێت". ئەمە یەکەمین بەرهەمی پەروازە دوای ئەوەی بەشداری بەرنامەی عەرەب ئایدڵی کرد، گۆرانیەکەشی بە زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت. گۆران گوتی "چەند میلۆدییەکمان بەدەست گەیشتووە کە لەلایەن چەند ئاوازدانەرێکی بەناوبانگی عەرەبەوە دانراون، تێکستە عەرەبییەکەش لەلایەن هۆزانڤانی بەناوبانگی عێراقی کەریم عێراقی نووسراوە، بەڵام تێکستە کوردییەکە هێشتا ئامادە نییە".

# مەم و زین دەچنە میسر



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

شانۆگەری مەم و زین کە لە دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعادە، دوای ئەوەی لە هەولێر نمایشکرا، ئێستا داوەتکراوە بۆ ئەوەی لە میسریش نمایش بکرێت.

دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە شانۆگەری مەم و زین لە سێ شاری گەورەی میسر نمایش بکرێت، ئەوەش لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیریی میسر بووە، بۆیە لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکەین تاوەکو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو شانۆگەرییەکە نمایش بکرێت".

# شەممەری نەمبەر وەنە

**رووداو- ئاژانسەکان**

کچە پێشکەشکاری عێراقی عەلیا شەممەری کە بێژەری کەناڵی سەمای دوبەیە، دەڵێت من لە نێو پێشکەشکارە عەرەبەکاندا نەمبەر وەنم.

عەلیا شەممەری لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا عەلیا چۆن پێناسەی خۆی وەک پێشکەشکارێک دەکات، ئەو گوتی "هەرچەندە دەبێت جەماوەر ئەو پرسیارە وەڵام بداتەوە، بەڵام شوکر بۆ خوا من توانیومە خۆم بسەلمێنم و خۆم وەک نەمبەر وەنی پێشکەشکارەکانی ئیمارات دەبینم".

عەلیا شەممەری لەساڵی 2005 بەشداری بەرنامەی ئەستێرەکانی خەلیجی کردووە وەک گۆرانیبێژ، بەڵام دواتر بووە پێشکەشکار لە کەناڵی سەما.

# شنگال کۆبوونەوەیەکی لوتکەی بە ئۆباما جێهێشت



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

36 کاژێر پێش دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر چەکدارانی داعش، ئۆباما لەپێناو هەرچی زووە بڕیاردان لەسەر دۆخی کوردستان و عێراق کۆبوونەوەیەکی لوتکەی لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی وڵاتانی ئەفریقا بەجێهێشت.

میدیاکانی ئەمریکا ئاشکرایان کرد، ئەوکاتەی باراک ئۆباما زانیاری بە پەلەی لەسەر دۆخی کوردستان و عێراق پێگەیشتووە، لە کۆبوونەوەی لوتکەی دۆستایەتی ئەمریکا و ئەفریقا بووە و بە پەلە کۆبوونەوەکەی بەجێهێشتووە.

سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن، کە ئۆباما لەو کۆبوونەوەیەدا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەخێرایی چووەتە دەرەوە و بەرەو لیمۆزینەکەی بە پەلە هەنگاوی ناوە، هەروەها چەند بەرپرسێکی کۆشکی سپیش خۆیان گەیاندووەتە لیمۆزینەکەی ئۆباما و بەخێرایی بەرەو کۆشکی سپی ڕۆیشتوون، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئەو دەستە تایبەتەی کۆشکی سپی، کە زانیارییەکانیان لەسەر چەکدارانی داعش و دۆخی ناوچەکە و ڕەوشی کوردی ئێزدی لە چیای شنگال بۆ ئۆباما ئامادەکردبوو.

کوردی ئێزدی هۆکاری بڕیارەکەی ئۆباما بوون

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە، دوای 36 کاژێر لە بەپەلە جێهێشتنی کۆبوونەوەکە لەلایەن ئۆباما، هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بە فڕۆکەی ئێف- ئەی 18 و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر پێگەکانی چەکدارانی داعش دەستپێکرد.

لە کۆبوونەوە بەپەلەکەی کۆشکی سپیدا، ئۆباما بۆ ماوەی چەند کاژێرێک، لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی و بەرپرسە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیدا گفتوگۆی چڕوپڕی کردووە و ئەو بڕیارەی لێ بەرهەم هات کە لێدان بوو لە پێگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش.

لەوبارەیەوە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی نووسیویەتی، هەرێمی کوردستان کلیلی ستراتیژە نوێیەکەی ئۆباما بووە لە عێراق و دۆخی ئەو هەرێمە و کوردی ئێزدی و گیرخواردنیان لە چیای شنگاڵ و ترسی جینۆسایدکردنی ئەو کوردانە لە خاڵە گرنگەکانی کۆبوونەوەکە بوون و بوونەتە هۆکاری سەرەکی بڕیارەکەی ئۆباما.

ئەو ڕۆژنامەیە هەروەها نووسیویەتی، تەنانەت لە دوایین ساتەکانی کۆبوونەوەکەدا کاتێک خانمی یەکەمی ئەمریکا چاوەڕێی ئۆبامای کردووە بۆ نانخواردنی ئێوارە، ئۆباما لەکاتی هەستانیدا بە ئامادەبووانی کۆبوونەکەی گوتووە، کوردی ئێزدی پێویستیان بە هاوکاری بە پەلە هەیە و دەبێت ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ وەستانی میلیشیاکان بەرەو ناوچە کوردییەکان ئەنجام بدرێت.

## کوردستان کلیلی ستراتیژی ئۆباما بوو

دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 7ـی ئابدا بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بە زووترین کات ئەپدەیتی ڕووداوەکانیان لەڕێگەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کردووە و بەوردی ئاگاداری سات بە ساتی ڕووداوەکان بوون. باس لەوەش دەکرێت ئەمریکا لە ڕێگەی کوردستان و عێراق هەروەها دەزگا هەواڵگرییەکانی چاودێری وردی ناوچەکەی کردووە و ئاگاداری هەموو ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکانی کوردستان بووە، بە تایبەت ئەو ڕێگایانەی دەیبەستێتەوە بەو ناوچانەی شەڕیان تێدا بەردەوام بووە و خەڵکی لەو ناوچانەوە بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵدەهاتن.

هەر هەمان ڕۆژ ئۆباما لە کاژێر 10ـی سەرلەبەیانی بەکاتی ئەمریکا، کۆبوونەوەیەکی 90 خولەکی لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی لە کۆشکی سپی ئەنجامدا و زۆر بە وردی باسیان لە ڕەوشی کوردی ئێزدی کردووە کە چۆن ژیان دەگوزەرێنن و ڕاپۆرتی ورردیان لەوبارەیەوە لە بەردەستدا بووە کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕەوانەی کۆشکی سپیان کردبوون. بەرپرسێکی کۆشکی سپی بەبێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بکرێت بە واشنتن پۆستی ڕاگەیاندووە، لەکاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکاندا لەسەر کوردانی ئێزدی ئۆباما پێداگری لەسەر ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانی کردووە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە، هەر لە کاتی کۆبوونەوەکەدا جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و چەک هەیگڵ، وەزیری بەرگری ئەمریکا، بە ڤیدیۆ سکرین چوونەتە ناو کۆبوونەوەکە و زانیارییەکان بە هەموو لایەک دراون. لەهەمانکاتیشدا سامانتا پاوەر، باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی ڤیدیۆوە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا کردووە.

لەو کۆبوونەوانەدا ئۆباما بڕیاری دوو ئۆپەراسیۆنی جیاوازی دا، یەکێکیان هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش و ئەوی دیکەیان گەیاندنی بە پەلەی هاوکاری مرۆیی بۆ خەڵکی مەدەنی بە تایبەت کوردی ئێزدی لە چیای شنگاڵ.



# "بێوەژنە ڕەشەکە" کچانی ئیسپانیا بۆ ناو داعش ڕادەکێشێت

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**ڕووداو- بەرشلۆنە**

کچێکی موسڵمانی تەمەن 14 ساڵ کە دانیشتووی ئیسپانیایە، لە بەندیخانەیەکی هەرزەکارانی ئەو وڵاتە دەستبەسەرکرا، پاش ئەوەی دانی بەوەدا نا کە هەوڵیداوە بڕواتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ جیهادکردن.

ئەو کچە کە ناسنامەکەی ئاشکرا نەکراوە و هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ فەوزییە محەممەد، تەمەن 19 ساڵان دەستگیرکرا، گوتبووی بەنیاز بووە لەگەڵ فەوزیە بڕۆنە عێراق و سووریا بۆ جیهادکردن.

ڕۆژنامەی ئێل پایاس بڵاویکردەوە کە ئەو کچە لە بەندیخانەیەکی هەرزەکارانی ئەو وڵاتە دەستبەسەرکراوە، بەڵام کچە تەمەن 19 ساڵەکە بە کەفالەت ئازادکراوە، پاش ئەوەی نکۆڵی کرد لەوەی پەیوەندی بە گرووپە جیهادییەکانەوە هەبێت.

ئەوە یەکەمجارە دەزگا ئەمنییەکانی ئیسپانیا ئەو ژنانە دەستگیر دەکەن کە هەوڵی پەیوەندیکردن بە گرووپە جیهادیەکانەوە دەدەن.

ئێل پایەس لە زاری سەرچاوەیەکەوە بڵاوی کردبووەوە کە بەپێی گوتەی خێزانەکەی، ئەو کچە هەرزەکارێکی ئاسایی بووە و لە قوتابخانە خوێندوویەتی، هەتا چوار مانگ لەمەوبەر کاتێک بەهۆی وتارەکانی ئیمامی مزگەوتی شارەکەی بیری توندڕەوی لا دروست بووە.

ئەو کچە هەرزەکارە بە دەسەڵاتدارانی ئیسپانی گوتووە کە ئەو تەنیا گەنج نییە هەوڵی پەڕینەوەی بۆ مەغریب دابێت و لەوێشەوە بۆ شەڕکردن. کچانی دیکەش هەوڵی پەڕینەوەیان لەگەڵ ئەو داوە.

گوتبووشی کە پەیوەندی کردووە بە فەوزیە محەممەدەوە تا هاوکاری بکات لە پەڕینەوە بۆ مەغریب. فەوزییە کە نکۆڵی کردووە لەوەی پەیوەندی بە تیرۆرستانەوە هەبێت، بە کەفالەت ئازادکراوەو دەبێت هەفتانە لەبەردەم نزیکترین دادگای ماڵەکەی ئامادە بێت. هەروەها ڕێگەی پێنادرێت گەشت بۆ دەرەوەی ئیسپانیا بکات.

بەپێی گوتەی وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا، ئەو دوو کچە لەکاتی هەوڵدانیان بۆ پەڕینەوە بۆ مەغریب و لەوێشەوە پەیوەندیکردن بەو تۆڕەی کە دەیانبات بۆ جیهادکردن دەستگیرکرابوون. ئامانجی ئەوان ڕۆیشتن بووە بۆ سنوورەکانی نێوان عێراق و سووریا و پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوی داعشەوە.

ڕۆژنامەی ئێل پایاس لە زاری سەرچاوەیەکی پۆلیسەوە بڵاوی کردبووەوە کە کچە 14 ساڵەکە خەڵکی هەرێمی غیوتای ئیسپا نیا یە.

چەند ڕۆژێک بەر لە دەستگیرکردنی دیارنەماوەو خێزانەکەی پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کردووە و ڕایانگەیاندووە کە ترساون لەوەی پەیوەندی بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە کردبێت.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئیسپانیا ئەندامانی سێ تۆڕی جیهادییان دەستگیرکرد کە هەوڵی ناردنی خەڵکیان بۆ جیهادکردن داوە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە حەوت پیاوی خەڵکی چیوتا لە سووریا کوژراون.

ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە هەزاران گەنج لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە ڕۆیشتوونەتە عێراق و سووریا بۆ پەیوەندیکردن بە گرووپە تیرۆریستەکانەوە. توێژینەوەکانی ئەم دواییە دەریدەخەن لەنێو ئەو 10 هەزار چەکدارە بێگانەیەی شانبەشانی گرووپە جیهادیەکان دەجەنگێن نزیکەی 3 هەزاریان لەوڵاتانی ڕۆژئاواوە ڕۆیشتوون.

ساڵح موسلیم لە سەردانێکی ئەم دواییەیدا بۆ بەرشەلۆنە هۆشداری دا لەوەی ئەورووپا بووەتە لانکەی بەرهەمهێنانی جیهادییەکان کە بە هەزارانیان لە سووریا دەجەنگێن. موسلیم گوتی "چوار هەزار کەس لە ئەورووپاوە هاتوون بۆ شەڕکردن لە دژی ئێمە. ئەورووپا کەموکورتییەکی هەیە کە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی خەڵکانێک بەم عەقڵیەتەوە" موسلیم گوتیشی "پێویستە ئەورووپییەکان دانیشن و بیربکەنەوە لەوەی چی بکەن دەربارەی ئەمە".

دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام دەستی بە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی کردووە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانەی دەیانەوێ جیهاد بکەن. بەشێوەیەکی سەرەکی ئافرەتان پەیوەندی بە گرووپەکەوە دەکەن وەک ژنی جیهادییەکان و چاودێریکردنی منداڵ و خواردن دروستکردن. ڕۆژنامەکە لە زاری پۆلیسەوە بڵاویکردەوە کە "ئەو کچانە بەرەو مردنی حەتمی دەڕۆیشتن".

زۆر لەو ژنە موسڵمانانەی کە بەرەو توندڕەوی چوون، سەرسامن بە فاتیحە مەجاتی تەمەن 53 ساڵ کە خەڵکی مەغریبە و نازناوەکەی "بێوەژنە ڕەشەکەیە". مەجاتی لەگەڵ مێردەکەی و دوو منداڵەکەی لەکاتی 11ی سێپتەمبەر لە ئەفغانستان بوون.

پاش بەندکردن و لەدەستدانی مێردەکەی و منداڵێکی، بەم دواییە لەدەستی هێزە ئەمنییەکانی مەغریب هەڵهات و پەیوەندی بە داعشەوە لە سووریا کرد.

ڕۆژنامەیەکی مەغریبی ڕایگەیاند کە مەجاتی شووی بە یەکێک لە نزیکەکانی بەغدادی کردووە.



# "چەکی ئەمریکی داعشی سەرخست"



**ڕووداو ـ ئیلاف**

سەرەڕای کەمیی ژمارەی چەکدارانی، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش توانی لەماوەیەکی کەم ڕووبەرێکی فراوان لە باکووری عێراق کۆنترۆڵ بکات، شرۆڤەکاران ئەو پێشکەوتنە لەناکاوەی ڕێکخراوی داعش بۆ پێنج فاکتەری سەرەکی دەگێڕنەوە.

### 1 ـ ئەو چەکانەی بەم دواییانە دەستیان بەسەرداگرتووە:

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە کاتی هێرشەکانیدا دژی سوپای عێراق دەستی بەسەر ژمارەیەک تانکی جۆری همفی و مووشەک و چەکی قورسدا گرتووە کە زۆربەیان چەکی ئەمریکین.

ئەنتونی کوردسمان لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان لە واشنتن دەڵێت "چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی دەستیان بەسەر بڕێکی زۆری پێداویستی سەربازیی سوپای عێراقیدا گرتووە، کە زۆر پێویستیان پێی هەبوو".

کوردسمان دەشڵێت "بە بەراورد لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق تاڕادەیەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان باشە، بەڵام چەکی پێشکەوتووی نییە و ئەو پێشمەرگانەی ڕووبەڕووی سەدامیش دەبوونەوە نەماون".

### 2 ـ ئەزموونی سووریا:

داعش سوودی لە جەنگی سووریا وەرگرتووە بۆ مەشقپێکردنی چەکدارەکانی، کۆمەڵەی (سۆفان) ی ئەمریکی تایبەت بە کاروباری هەواڵگری پێیوایە "جەنگی سووریا هەلی ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانی لەبەردەم داعش فەراهەم کردووە".

### 3- هەڵبژاردنی شەڕەکان بە شێوەیەکی باش:

ڕێکخراوی داعش ناوچەکانی سوننەنشینی هەڵبژارد بۆ دەستپێکردنی جەنگ بە ئامانجی بەدەستهێنانی پشتگیریی دانیشتووان و بنیاتنانی ژێرخانێکی ئابووریی ستراتیژی.

جۆن دریک لە کۆمەڵەی (AKI) دەڵێت "لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا چەکدارانی داعش ڕووبەڕێکی فراوانیان کۆنترۆڵ کرد، بەڵام ڕووبەڕووی بەرگرییەکی ئەوتۆ نەبوونەوە".

مایکل نایتس لە پەیمانگای واشنتن پێیوایە "دەوڵەتی ئیسلامی بەهرەیەکی بەهێزی هەیە بۆ ترساندنی دوژمنەکانی کە لە بنەڕەتدا لاوازن".

### 4- پڕوپاگەندەی کاریگەر:

ڕێکخراوی داعش ڕوو لەهەر شوێنێک بکات پێشتر لەڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک تەرمی دوژمنانی بەسەربڕاوی بڵاودەکاتەوەو ترس و دڵەڕاوکێ پەخش دەکات.

پاتریک سکینر، لە کۆمەڵەی (سۆفان) پێیوایە داعش وێنەی وا پەخش دەکات کە "لەسەرووی پێشبینییەکانی مرۆڤەوەیە".

داعش لە شارۆچکەی شنگالی سەر بە پارێزگای نەینەوا پێش ئەوەی دەست بە هێرش بکات، ترس و دڵەڕاوکێی لەنێو خەڵکی بڵاوکردەوە و خەڵکەکەش لەترسان هەڵاتن و ناوچەکانیان جێهێشت.

درێک، پێیوایە "بەکارهێنانی ترس تاکتیکێکی زۆر گرنگە بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی".

### 5 ـ دوژمنێکی لاواز:

لاوازیی هێزی بەرامبەر هۆکارێکی دیکەی پێشکەوتنەکانی ڕێکخراوی داعش بوو لە عێراق.

# 64%ی بەساڵاچووانی کوردستان خەمۆکییان هەیە



**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێــی توێژینەوەیەکــی زانســتی، زیاتر لە نیوەی خەڵکانی ســەرووی 65 ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا خەمۆکن و وەک پێویست گرنگی بە باری دەروونییان نادرێت. پزیشکێکی دەروونیش دەڵێ بەتەمەنەکان توێژێکی ناسکن و دەبێت لە بنکە و یەکە تەندروستییەکاندا یەکەی تایبەت بە چارەسەری دەروونی و جەستەییان بۆ بکرێتەوە.

دکتۆرە شێنێ فریا فایەق، پزیشکی تەندروستی کۆمــەڵ لە ســلێمانی توێژینەوەیەکی زانســتی لەســەر بەربڵاویــی خەمۆکــی لەنێو کەســانی بەتەمەن لە هەرێمی کوردســتان کردووە و بۆی دەرکەوتووە کە ڕێژەکە لە ســتانداردی جیهانی زۆر زیاترە.

بەشدارانی توێژینەوەکە 650 کەسی بەتەمەن (398 پیــاو و 252 ژن) بوون کە لە ســلێمانی 348 بەساڵاچوو، لە هەولێر 168 و لە دهۆکیش 134 بەساڵاچووی گرتەوە.

تێکڕای ڕێژەی خەمۆکی لەنێو بەتەمەنەکانی هەرێمــی کوردســتاندا 64،2% بــووە و بەپێی شــارەکانیش بەم جۆرە بووە: هەولێر 61.9%، سلێمانی 61.5 % و دهۆکیش 73.9%.

## ستانداردی جیهانی تێپەڕاندووە

بەپێی زانیارییەکانی پزیشکە توێژەرەکە، لە تورکیا ڕێژەی خەمۆکی لەنێو ئەو بەساڵاچووانەی لە ماڵەوە دەژین 29%یە، بەڵام لەنێو ئەوانەی لە خەڵوەتگەی پیری دەژین 41%ە.

لــە ســعودیە ڕێژەکــە 40%ە، بــەڵام لــە وڵاتێکــی وەکو کەنەدا ڕێژەکە کەمترە لە 6%. توێژەرەکــە دەڵێــت لە هیچ وڵاتێــک ڕێژەکە لــە 40% تێنەپەڕیوە "لە راســتیدا ئەو رادەە بــەرزەی خەمۆکــی لــە کوردســتان بــۆ مــن چاوەڕواننەکراو بوو".

بــەڵام پزیشــکێکی پســپۆڕی دەروونــی دەڵێت بەرزیی ڕێژەی خەمۆکی لە کوردستان چاوەڕوانکراوە "بە ســەرنجدان لە ناجێگیریی دۆخی سیاســی و ئابووری و دارایی ناوچەکە، نــەک هەر لەنێــو بەتەمەنەکانی کوردســتان، بەڵکو لەنێو گەنجانیشدا خەمۆکی و ڕەشبینی و نائارامیــی دەروونــی بڵاوە". ئەمە قســەی پزیشکی دەروونی دکتۆر ڕێبوار حەمە غەریبە.

## پیرەکان پشتگوێخراون

بەهــۆی کۆنترۆڵکردنی منداڵبوون لەلایەک و باشــبوونی بــاری تەندروســتیی گشــتی و کەمیی ڕێژەی مردنــی بەتەمەنەکان لەلایەکی دی، ڕێــژەی خەڵکی بەتەمــەن لە کۆمەڵگەدا روو لــە زیادبوونە، ئەمەش پێویســت دەکات گرنگییەکــی زیاتریان پێبدرێت. بۆ نموونە لە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان لە ســاڵی 1900دا ڕێــژەی ئەو کەســانەی تەمەنیان ســەروو 65 ســاڵ بووە تەنیا 4،1% بووە، بەڵام لەســاڵی 2000 ڕێژەکە بەرز بووەتەوە بۆ 12،6%.

لەگەڵ ئەم زیادبوونەی کەسانی بەتەمەن، لــە کوردســتان گرنگیدانێکــی تایبــەت بــە تەندروســتی دەروونــی و جەســتەیی ئــەوان نابینرێت و هەروەک کەســانی ئاسایی و گەنج تەماشا دەکرێن.

دکتــۆر ڕێبوار دەڵێت، هــەروەک چۆن لە بنکە تەندروستییەکاندا بەشێکی تایبەت هەیە بۆ منداڵانی تازە لەدایکبوو یان ژنانی دووگیان، دەبێ بەشــی تایبەت هەبێت بۆ تەندروســتی دەروونی و جەســتەیی کەســانی بەتەمەن کە کارمەندەکانیان خولی پسپۆڕییان بینیبێت.

## چارەسەریان دەوێت

بەپێــی توێژینەوەکــەی دکتــۆرە شــێنێ، لــەو 64%ی خەمۆکەی لە کوردســتان هەن ، 41،4% یــان خەمۆکیی هێواش و 22،8% یان خەمۆکــی توندیان هەیە. دکتۆر ڕێبوار دەڵێ، هەموو خەمۆکییەک چارەســەری پێویســتە، کە مــەرج نییە تەنیا دەرمــان بێت "ئەوانەی خەمۆکــی هێواشــیان هەیە، دەبێ پاڵپشــتی دەروونــی و راوێــژی دەروونییــان پێشــکەش بکرێت. ئەوانەش کە خەمۆکیی توندیان هەیە زۆریان دەرمانیان دەوێــت، تەنانەت لەوانەیە پێویستیان بە تەزووی کارەباش هەبێت".

## لە کوردستان دەستنیشان ناکرێن

وەک توێژینەوەکــە دەڵێــت، هیچــکام لەوانەی بەهۆی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە خەمۆکییــان هەیــە، پێشــتر حاڵەتەکەیــان دەستنیشــان نەکــراوە، چجــای ئــەوەی چارەسەری دەروونی یان دەرمان وەربگرن.

هــۆکاری دەستنیشــاننەکرانی خەمۆکــی لەنێــو بەتەمەنەکانی کوردســتاندا ئەوەیە کە لە بنکە و مەڵبەندە تەندروســتییەکاندا کاتی پێویســت نییە بۆ گفتوگــۆی تەواوەتی نێوان پزیشک و نەخۆش.

هەروەها کاتێک خەمۆکی وەک نیشانەیەکی جەســتەیی خۆی دەنوێنێت، تەنیا سەرکوتی نیشــانە جەســتەییەکە دەکرێــت و لایەنــە دەروونییەکە کە هۆکاری سەرەکی نەخۆشیی کەسەکەیە، دەستنیشان ناکرێت.

## نیشانەکانی خەمۆکی

1- خەمبارییەکــی بەردەوام بە تایبەتی لە بەیانیاندا.
2 - نەبوونــی ئــارەزوو لــە چالاکییە ڕۆژانەییەکان.
3- هەستکردن بە ماندوێتی و بێهێزی.
4- خەوزڕانێکی نائاســایی، یان خەواڵویی بەردەوام.
5- نەمانی توانای تەرکیزکردن.
6- متمانە بەخۆنەمان.
7- تێکچوونی ئارەزووی خواردن.
8- حەزکــردن بە مردن، یــان بیرکردنەوە لە خۆکوشتن.

## کێ زیاتر تووش دەبێت؟

1-ڕەگــەزی مێ: رادەکە لەنێو ژنان 77% و لەناو پیاوان 55%ە.
2-ئەوانــەی تەمەنیــان زیاتــرە: رادەی خەمۆکی لەنێوان ئەوانــەی تەمەنیان 65-74 ســاڵە 60% بووە، بەڵام ئەوانەی لە 75 ساڵ زیاترن ڕێژەکە 74%ە.
3-ئەوانەی باری داراییان خراپە.
4 -ئەوانــەی لــە هاوســەرەکانیان جیابوونەتەوە.
5-ئەوانەی ناتوانن وەک پێویســت جووڵە بکەن.
6- تووشــبووانی نەخۆشــیی شــەکرە یان لەرزۆکی.
7- کرێچییەکان.

# کەنەدا بەرماڵێکی تەندروستی دروست دەکات

**نەسرین چاوشین**
**رووداو- لەندەن**

کــە مانگــی ڕەمــەزان بــەرەو کۆتایی دەچێــت، زۆر لــە ڕۆژووانــان هەســت بــە ماندووبــوون دەکــەن. لەڕاســتیدا ماندووبوونەکــە تەنیا پەیوەســت نییە بە ڕۆژووگرتنەوە، بەڵکو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نوێژی تەراویح کە بە درێژایی ئێواران لە مزگەوتەکاندا دایدەبەســتن و تا ماوەیەکی زۆر لەسەر بەرماڵ دەمێننەوە.

ئێستا پێدەچێت کۆمپانیایەکی کەنەدی ڕێگەچارەیەکــی باشــی دۆزیبێتــەوە و بەرماڵێکی زیرەکی داهێناوە.

بەرماڵــی (تایمز 5) کە نرخەکەی 300 دۆلارە، لــە 5 خانــە و لا پێکدێت. بــە شێوەیەک دروستکراوە کە ئاسوودەییەکی زیاتــر دەدات بــە نوێژکــەر بــە جۆرێــک کــە چۆکی نوێژکــەر لە کاتــی داهاتنەوە دەپارێزێت و تەنانەت هاوســەنگی دەدات بە جەستە و کێشی.

نــادر ســابیر، بەڕێوەبــەری گشــتی لە تایمــز 5 دەڵێــت: "ئێمــە 5 ســاڵمان بۆ لێکۆڵینــەوەی چڕ لەوبارەیەوە تەرخانکرد بــۆ ئــەوەی بە باشــی لە شــێوەی ژیانی موسڵمانان بگەین.

لێکۆڵینەوەکــە ئــەوەی دەرخســتووە کــە ئەوانەی بەشــێوەیەکی بەردەوام نوێژ دەکەن، لەڕووی جەســتەییەوە ڕووبەڕووی هەندێــک ئاســتەنگ دەبنــەوە. بەپێــی لێکۆڵینەوەیــەک لــە ئیماراتــی عەرەبی، هەســتان و داهاتنەوە لە کاتی نوێژکردندا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەی ئەژنۆ و کێشی زۆر.

## نەشتەرگەریی ئەژنۆ لە کوردستان زیاد بووە

پرۆفیســۆر دیاری قادر، نەشــتەرگەری پســپۆڕ لــە بواری ئێســقان لــە بەریتانیا کــە دوو مانــگ جارێک بۆ نەشــتەرگەری و وانەگوتنــەوە دەگەڕێتەوە کوردســتان، دەڵێــت "پێدەچێت لە کوردســتان گرفتی زۆری ئەژنۆمــان هەبێــت کــە یەکێکیــان گرفتــی کاســەی ئەژنۆیە. مــن دڵنیا نیم لەوەی ئەم نەخۆشــییە پەیوەست بێت بە نوێژکردنەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە قەڵەوی و کێشی زۆر کاریگەرییان هەیە".

ئــەو هەروەهــا دەڵێــت "نوێژکــردن وەرزشــێکی زۆرباشــە، چونکە وا دەکات کاســەی ئێســقان لە جموجۆڵــدا بێت. تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نیشانی نەداوە کــە داهاتنەوە کاریگەریی خراپی لەســەر کڵاوەی ئەژنۆ هەبێت".

ئەگەر تەنانەت بڵێین نوێژکردن گرفتی ئەژنــۆ زیــاد ناکات، بەڵام بــە دڵنیاییەوە زۆر لــە بەســاڵاچووان ئازارێکــی زۆریــان پێــدەگات کاتێک لە کاتی نوێژدا دادێنەوە و هەڵدەستنەوە.


تایمــز 5 دەڵێــت بەرماڵەکــەی ئــەوان یارمەتــی نوێژکــەر دەدات و لــەو جــۆرە کێشانە دووری دەخاتەوە.

نادر ســابیر دەڵێت "بەرماڵەکەی ئێمە بەشــێوەیەک داهێنراوە کە وەڵامدەرەوەی کێش و جووڵە و باڵای نوێژکەرەکەیە. هەر کە نوێژکەر لەسەر بەرماڵ داهاتەوە، کۆی بەرماڵەکە چالاک دەکرێت و دەکەوێتەکار"


ســابیر هەروەها دەڵێــت بەرماڵەکەیان یارمەتی ئەو کەسانەش دەدات کە بەهۆی وەرزشــەوە زیــان بــە پشــت و ئەژنــۆ و کەمەریان گەیشتووە.

نرخی بەرماڵەکە ڕەنگە زۆر بێت، بەڵام ئامینــە هەورامــی کە لە لەنــدەن دەژیت، دەڵێــت بەکارهێنانی بەرماڵەکە لە ئازاری ئەژنۆ و پێی کەم کردووەتەوە.

ئامینــە دەڵێت "باوکم لــە کاتی نوێژدا بەرماڵەکــەی لە شــوێنێکی نــەرم دادەنا بــۆ ئــەوەی ئەژنــۆ و مەچەکــی ئازاریان پێنەگات. بەڵام ئێســتا کە من خۆم تایمز 5 بەکاردێنــم هەســت بە ئاســوودەییەکی زیاتر دەکەم".




# ئــیـبـۆلا... هەڕەشەیەکی نوێ لەسەر جیهان




**رووداو- ئاژانسەکان**

نەخۆشــیی تــای خوێنبەربــوون کــە بە نەخۆشــیی ڤایرۆســی ئیبــۆلا ناســراوە، تووشــی مرۆڤ دەبێت و زۆربــەی ئەوانەی تووشی دەبن، دەمرن.

ئێســتا ئەو نەخۆشــییە لــە هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقا بڵاوبووەتەوە و بیانییەکانی ئــەو وڵاتانەی ناچارکردووە ئەو کیشــوەرە جێبهێڵن. هەفتەی رابردوو تیمێکی ئەمریکی گەڕانــەوە، بەڵام لە کاتی گەیشــتنیاندا بۆ ئەمریــکا، لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتــەوە جیاکرانەوە بۆئەوەی پشــکنینیان بــۆ بکرێــت، پێشــتریش تووشــبوویەکی ڤایرۆســەکە گەڕێنرایەوە ئەمریکا و ئێســتا لە ژێر چاودێریی وردی پزیشــکیدایە، جگە لەوەش تا ئێســتا نزیکــەی 900 کەس بەو ڤایرۆســە مردوون و 1600 کەسی دیکەش تووشی بوون.

ڕێژەی مردنی تووشــبووان بەو ڤایرۆسە لە ئەفریقا 90%ە. ســەرەتا ڤایرۆســەکە لە ئاژەڵەوە بــۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە، ئێســتا لــە مرۆڤــەوە بــۆ مــرۆڤ دەگوازرێتــەوە. تاوەکو ئێســتا هیچ جۆرە ڤاکسینێک دژی ڤایرۆسەکە نییە.

ڤایرۆســەکە لــە ڕێگــەی خوێــن و شــلەکانی دیکەی لەشــەوە دەگوازرێتەوە، پێشــتر لە جۆرەکانــی مەیمــون و ئاژەڵی کێوییەوە بــۆ مرۆڤ گوازراوەتــەوە، دواتر لــە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ تەشــەنەی کردووە، هەروەها ڤایرۆســەکە دەشێ بە بەرکەوتنی راســتەوخۆش بگوازرێتەوە، ئەگەر برینێک یان رووشاویەک لە پێستدا هەبوو.

هەندێکجــار ڤایرۆســەکە لــە کاتــی ڕێوشــوێنی ناشــتنی تەرمــی کەســێکی تووشــبوودا دەگوازرێتــەوە، بەهــۆی بەکارنەهێنانــی جلوبەرگــی پارێــزەرەرە، هەروەها دەگونجێ لەڕێی بەراز و مەیمونەوە بگوێزرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵیاندا.

## نیشانەکانی

تــای خوێنبەربوون، بە لــەرز و تایەکی لەنــاکاو دەســتپێدەکات و دەبێتــە هــۆی بێهێزی، ئازاری ماسولکەکان، سەر ئێشە و قورگەســۆ، دواتریش ڕشانەوە و سکچوونی بــەدوادا دێ. کاردەکاتە ســەر کاری جگەر و گورچیلە، لە هەندێک کەســی تووشبوودا دەبێتــە هــۆی خوێنبەربوونــی ناوەکــی و دەرەکــی. تووشــبوون بە نەخۆشــییەکە و تروکانی ڤایرۆســەکە لە لەشدا لە ماوەی 2 تاوەکو 21 ڕۆژدا دەبێت.

## چارەسەر

تا ئێســتا ڤاکســین نییە بۆ بەرگرتن بە نەخۆشــییەکە، چارەســەر یان دەرمانێکی تایبەتــی نییــە بــۆ بنەبڕکردنــی. ئەوانەی تووشــی نەخۆشــییەکە دەبن دەبێ بخرێنە ژێــر چاودێریــی وردی پزیشــکییەوە و بەردەوام شلەمەنییان پێبدرێت.

## خۆپاراستن

لەکاتــی نەبوونی کوتاندا بــۆ ئاژەڵان و مرۆڤیش، دەبێ ئاستی هۆشیاریی خەڵک و ستافە پزیشــکییەکان بەرزبکرێنەوە، دەبێ هەمــوو کەس لــە هۆکارە مەترســیدارەکان هۆشــیار بکرێتەوە، دەبێ بەرکەوتن لەگەڵ ئاژەڵانــی وەک شەمشــەمەکوێرە و بەراز و مەیمون کۆنتــڕۆڵ بکرێ. هەروەها ئەوانەی تووشــی نەخۆشــیەکە دەبــن، دەبێــت بە تــەواوی جیابکرێنــەوە، ئــەو کارمەندانەی لەگەڵ تووشــبوواندا هەڵســوکەوت دەکەن، دەبــێ جلوبەرگ و ماســک و دەستکێشــی تایبەت بەکاربهێنن. دەبێ لە فڕۆکەخانەکان پشــکنین بــۆ ئەو کەســانە بکــرێ کە لەو وڵاتانەی نەخۆشییەکەیان تێدا بڵاوبووەتەوە دێن.

## وەکیل مستەفاییڤ، سەرۆکی کۆماری کوردستانی سوور:

# PKK بە هەڵەی خۆی ئاپۆی خستە دەستی تورکیا



**دواساتەکانی ژیانی هەر بە خەیاڵ و بیرکردنەوە لە دووبارە دامەزراندنەوەی کوردستانی سوور بەسەردەبات. ئەو کوردستانەی لە 25ی ئایاری 1923 دامەزرا و لە 8ی ئابی 1930 کۆتایی هات کە ناوەندەکەی شاری (لاچین) بوو، بەڵام بەهۆی فشارەکانی (مستەفا کەمال ئەتاتورک)ی یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیا و ئەو رێککەوتنە نهێنییەی لەگەڵ ستالین و باگیرۆفدا هەیبوو، توانرا دەست بەسەر کوردستانی سووردا بگیرێت.**

**وەکیل مستەفاییڤ، سەرۆکی پێشووی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستانی قەفقازە، لە ساڵی 1992 لەسەر داوای رووسیا و ئەرمەنستان کوردستانی سووری دامەزراندەوە، بەڵام تەمەنەکەی زۆر کورت بوو، چونکە وەک خۆی دەڵێت "کورد پشتگیری نەکرد". بەڵام ئەو ئێستاش خەون بە کوردستانی سوورەوە دەبینێت و دەڵێت "هەزار و پێنجسەد ساڵیش تێپەرن، کوردستانی سوور هەر دادەمەزرێ".**

**هەڤپەیڤین: خۆشەوی محەممەد**

**رووداو: بزووتنەوەی ئازادیی کوردستانی قەفقاز کەی دامەزرا و ئامانجی چی بوو؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** بزووتنەوەی ئازادیی کوردستانی قەفقاز کە ئامانجی دامەزراندنی کوردستانی قەفقاز بوو، یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە 9/6/1992 بەست، لەکۆنگرەکەدا من بە سەرۆک هەڵبژێردرام و شەرەف عەشیری پرۆفیسۆری مێژوو بە جێگری یەکەم و عەلی خانی مەمۆ توێژەر و نووسەر کە لە پەرلەمانی ئەرمینیاش کاری دەکرد، بە جێگری دووەم هەڵبژێردران.

**رووداو: بۆچی کورد دژایەتی رووسیای قەیسەری دەکرد؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** بەڵێ کورد بوونە دوژمنی روسیای قەیسەری، ئەمەش دوای ئەوەی قەیسەر نیکۆلای یەکەم لە ساڵی 1828 فەرمانی دا کوردی موسڵمانی ئەوێ قڕبکرێن و ئەرمەنی و یۆنانی و ئاشووری و میللەتانی دیکەی دۆستی ئێمە بخرێنە شوێنمان، چونکە کوردستانی قەفقاز شوێنێکی ستراتیژی بوو بۆ رووسیا، دەیتوانی لەوێوە هێرش بکاتە سەر ئێران و عوسمانییەکانیش، هەر بەو هۆیەشەوە زۆرینەی عەشیرەتەکەی ئێمەیان قڕکرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو لەو کاتەدا کورد لە دژی دەسەڵاتی قەیسەری رووسی پاڵپشتی عوسمانیەکانیان دەکرد، ئەو دوژمنایەتییە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، ئەوان تائێستاش باوەڕ بە کورد ناکەن، ئەو ئەرمەنی و یۆنانی و ئاشوورییانەی هێنرابوون بۆ قەفقاز نەیانتوانی لەوێ درێژە بەژیان بدەن، چونکە ئەوێ ناوچەیەکی چیاییە، بۆیە رووسەکان ناچار بوون تورکەکانی ئێران کە ئێستا پێیاندەڵێن (ئازەری) لەو ناوچەیە نیشتەجێ بکەن. تورکمانیان لە ئێرانەوە هێنان و ئازەربایجانیان بۆ دروستکردن، بۆ ئەرمەنەکان ئەرمینیایان دروستکرد، هەرچی کوردی قەفقازیش بوو، رەوانەی کازاخستان و قیرغیزستان کران، تائێستاش میللەتی ئێمە لەناو ئەواندا ماوە، من ژمارەیەکی زۆری ئەرشیفی نهێنی ئازەربایجان و ئەرمینیام بەدەستخستوون لە پەرتووکەکانیشمدا چاپم کردوون.

**رووداو: ئەی چۆن بوو لە نەوەتەکان بیرکردنەوە و سیاسەتی رووسەکان گۆڕانی بەسەرداهات و پشتیوانی خۆیان بۆ راگەیاندنی کوردستانی سوور لە ئازەربایجان راگەیاند؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** ئەمە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بوو، رووسیا قەفقازی لەدەستدابوو، نەیدەزانی چۆن بیگەڕێنێتەوە ژێر رکێفی خۆی، ساڵی 1991 کاتێ ئازەربایجان سەربەخۆیی راگەیاند و لە سۆڤیەت جیابووەوە، پەرلەمانی ئازەربایجان فەرمانێکیان دەرکرد کە ئێمە تورکین، زمانی ئێمە تورکییە، زەوی ئێمە زەوی تورکیایە، هەروەها قسەیەکی ئەوان هەیە، یەک میللەت و دوو دەوڵەت، واتە ئەوان هەردووکیان تورکن، بەڵام خاوەنی دوو دەوڵەتن، رووسەکان و ئەرمەنەکانیش خۆشییان لەمە نەهات، بە منیان گوت: کوردستانی سوور دروست بکە، ئێمە بەهەموو شێوەیەک پشتیوانیتان دەکەین، لەڕووی چەک و سەرجەم پێداویستییەکانی دیکە، ئەم پشتیوانییە لەبەرچاوی جوانی ئێمە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەرچی نەوت و گازی ئازەربایجان هەیە بەرێدەکرا بۆ تورکیا، ئەگەر بهاتبا و کوردستانی قەفقاز هەبووایە، ئەو نەوت و گازە بەرێدەکرا بۆ رووسیا، ئەوان ناچاربوون جارێکی دیکە دۆستایەتی کورد بکەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. لەڕووی ئەمن و ئاسایشەوە رووسیا دڵنیاتر دەبوو کە هاوسنووربێت لەگەڵ کوردستانی قەفقاز، نەک ئازەربایجان و تورکیا. ئەرمەنەکانیش رێگایان پێویست بوو بۆ ئەوەی لەو زیندانە دەربچن و رێگایان لەگەڵ رووسیا بۆ بکرێتەوە، پێویستیان بە کوردستانی قەفقاز بوو، کوردستان دروست نەبێت ئەرمینیا دەخنکێ. ئەو رۆژانە پەیامنێری رووداو لە ئەرمەنستان چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەکێک لە بەرپرسە ئەرمەنەکان کە لە سەرۆکایەتی ئێش دەکات کردبوو، گوتی کورد با بێن، ئەمە زەوی ئەوانە، گوتیشی "ئێمە زۆر هەوڵماندا کوردستان دروست ببێت، بەڵام ئەوان خۆیان نەیانویست، ئێستاش ئەمە زەوی ئەوانە و بابێنەوە سەر زەوییەکانی خۆیان".

**رووداو: کۆماری کوردستانی سوورت راگەیاند، بەڵام تەمەنی کورت بوو، بۆ؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** ساڵی 1992 کاتێک کوردستانی سوورمان راگەیاند، شاری لاچین بووە پایتەخت و شارەکانی (کەلبەژەر، گوبەدلی، زەنگیلە، جەبرایل)ی لەخۆدەگرت، دوو مانگی بەسەردا دەرباز بوو، لەسەر بانگهێشتی رووسەکان چوومە مۆسکۆ کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ سەرپەرشتیاری سیاسەتی دەرەوەی رووسیا بۆ مەبەستی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانمان. دوای ئەوەی کۆبوونەوەکەم لەگەڵ بەرپرسە رووسەکە تەواوبوو، دوو برا کە کوردی تبلیسی جۆرجیا بوون و لە ماڵی کورد لە مۆسکۆ کاریان دەکرد، سێ کەسی دیکەیان راسپاردبوون بۆ لای من، بانگی منیان کرد بۆ ژوورێک، پێیانگوتم: ئازەربایجان سێ ملیۆن و نیو دۆلارت پێدەدەن و لە مۆسکۆ خانووت پێدەدەن، پلەیەکی باش دەدەنە کوڕەکەت. بەس تۆ دەست لە کوردستانی قەفقاز بکێشەوە و بڵێ ئەوە زەوی ئازەربایجانە نەک کوردستان، من زۆر بەتوندی وەڵامم دانەوەو هەموو شتێکم رەتکردەوە و پێمگوتن: کوردستان شەرەفی ئێمەیە، ئێمە هیچ کات شەرەفی خۆمان بە پارە نەفرۆشتووە. بەڵام بەداخەوە ماهیر وەلات، بەرپرسی پەکەکە لە رووسیا و وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو و ئەورووپای رۆژهەڵات، لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکە بەدزی چوونە باکۆ و بە حکومەتی ئازەربایجانیان گوتبوو کە ئێمە وەکیل مستەفاییڤ دەردەکەین ئەگەر ئێوە چوار ملیۆن دۆلار و چەکمان پێبدەن، ئەوەبوو حکومەتی ئازەربایجان بڕی چوار ملیۆن دۆلار و ژمارەیەکی زۆر چەکیان پێدابوون، ئەم چەکانەشیان بە ئۆتۆمبێلی شەهید "مەناف" گواستەوە بۆ ناوچەی وان، کە تورکەکان بەمەیانزانی مەنافیان شەهیدکرد، مەناف خزمێکی نزیکی من بوو، هەڵبەت ئەمە مێژوویەکی زۆر تاڵە، بەڵام ئەوانە کوردستانی قەفقازیان کردە قوربانی. پاش ئەوەی پارە و چەکیان وەرگرت، بە منیان گوت کە پێویستە بچمە لای سەرۆک ئاپۆ، گوتیان داوای تۆ دەکات، منیان دەرکرد.

**رووداو: لە کوێ ئۆجەلانت بینی و باسی چیتان کرد؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** لە دیمەشقی سووریا ئۆجەلانم بینی، بانگهێشتەکەی بۆ ئەوە بوو، من دەست هەڵبگرم لە باسکردن و خەباتکردن بۆ کوردستانی قەفقاز، ئاپۆ پێیگوتم: ئێمە کوردستانی مەزن دروست دەکەین، بۆیە منیش بەخۆشحاڵییەوە پێشوازیم لە قسەکەی کرد، بەڵام بە ئۆجەلانم گوت، سەرۆکی من، ئەگەر تۆ دەتەوێ کۆمۆنیزم دابمەزرێنی، دەبێ ئێمە زیاتر لە 70%ی میللەتی کورد قڕبکەین، چونکە زیاتر لە

70%ی میللەتی کورد باوەڕیان بە خودا هەیە، لە ناو کورد موسڵمان، عەلەوی، ئێزیدی، ئەهلی حەق، شەبەک و کاکەیی و ئیسماعیلی هەن، هەموویان باوەڕیان بە خودا هەیە، هیچ کاتێک میللەتی ئێمە قبوڵی بێ خودایی ناکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە 30%یە، ئەوانیش وڵاتانی دراوسێ دەڵێن ئەوانە کافرن و هەموویان قڕدەکەن.

**رووداو: باسی پاڵپشتی ئەرمەنستان و رووسیات کرد بۆ ئەم کۆمارە؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** بە ئاپۆم گوت سەرۆکی ئەرمەنستان بەردەوام پێمان دەڵێت، دوو سەد گەریلایەک بێننە ئەرمەنستان، بۆ ئەوەی کوردی قەفقاز باوەڕ بە ئەرمەنستان بکەن، هەروەها وەرنەوە سەر زەوییەکانی خۆتان و هێزی چەکداری خۆتان دروست بکەن. ئاپۆ گوتی: تۆ بچۆ لای سەرۆکی ئەرمەنستان پێی بڵێ، ئەزێ 200 گەریلا بنێرمە ئەوێ، هەروەها بە ئاپۆم گوت: تۆ خۆشت وەرە بۆ ئەرمەنستان لەوێ تۆ سەرۆکایەتی بکە، کوردستانی قەفقاز شوێنێکی ئازادە و ئارامە، پێمگوت لەناو عەرەبان چی دەکەی؟ ئەسەد و سوورییەکان هیچ کاتێک رێگە نادەن دەوڵەتی کوردستان دروست ببێت، بەڵام وا ئەرمەنستان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، تەنانەت ئێستاش بەشێک لەبەرپرسە ئەرمەنەکان دەڵێن ئێرە خاکی کوردە و بۆخۆتان وەرنەوە سەر خاکی خۆتان، بەڵام PKK گەریلاکانی ناردە باشووری کوردستان و شەڕی براکانی باشووری کوردستانیان کرد، رۆژئاوای کوردستان ئازاد کرا، بوونە هاوکاری بەشار ئەسەد و رۆژئاوای کوردستانیان دابەشکرد. ئەوانە دەوڵەتی کوردستانیان ناوێ، ئەوان رۆژئاوای کوردستانی یەکپارچەیان کردە سێ کانتۆن.

**رووداو: ئۆجەلان هیچ پەیامێکی سوپاسگوزاری بۆ بەرپرسانی ئەرمینیا نەنارد؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** ئۆجەلان نامەیەکی نووسی و گوتی بیگەیەنە دەستی سەرۆکی ئەرمینیا، نامەکەی دایە دەستم، کاتێ ویستم سەفەر بکەم، لە فڕۆکەخانەی دیمەشق هێزە ئەمنیەکانی فڕۆکەخانە پشکنیانم و نامەکەیان دۆزییەوە، ئیدی ئەوان بە عەرەبی قسەیان کرد و نامەکەیان برد. هەر ئەوکات تەلەفۆنم بۆ ئاپۆ کرد پێمگوت کاغەزەکەیان لێ ستاندم، گوتی کێشە نییە، من نامەیەکی دیکە دەنووسم لەو چەند رۆژە بۆت رەوان دەکەم، من تائێستاش لە نهێنی بردنی ئەم نامەیە تێنەگەیشتم.

**رووداو: ئاپۆ نامەکەی بۆ ناردی؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** پێنج رۆژ لە مۆسکۆ چاوەڕێی نامەکەی ئاپۆم کرد، دواتر ماهیر وڵات هاتە لام و گوتی سەرۆک ئاپۆ گوتوویەتی با وەکیل نەچێتە لای سەرۆکی ئەرمەنستان، تۆ خۆت بچۆ نامەکە بگەیەنە، منیش گوتم: ماهیر تۆ زمانی رووسی نازانی و ئەرمەنیش نازانی، سەرۆکی ئەرمەنستانیش نە تورکی دەزانێ نە کوردی، ئێوە بە چ زمانێک قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن؟ ماهیر گوتی: وەرگێڕ لەگەڵ خۆم دەبەم. گوتم: لە رێگای وەرگێڕەوە هیچ کەسێک ئامادە نییە نهێنی دەوڵەت بە تۆ بڵێت، لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵچوونێک لە نێوانمان روویدا، ئەوەبوو پاشان ماهیر وڵات کەسێکی نارد، بەڵام ئەرمەنەکان قبوڵیان نەکرد و تائێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو نامەیە نەگەیشت و پاشانیش ئاپۆ دەستگیرکرا.

**رووداو: بەرلەوەی دەستگیر بکرێت داوات لە ئۆجەلان نەکرد بچێتە ئەرمەنستان؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** بەڵێ، من چەند جارێک بە هەڤاڵانم گوت ئێوە بە دەستی خۆتان ئاپۆتان خستە دەستی تورکیا، باوەڕتان بە من نەکرد، باوەڕتان بە روسەکان و چێرنۆفسکی کرد و ئاپۆتان ناردە لای ئەو، بۆیەش ئۆجەلان کەوتە زیندان. PKK هەر بەوەش نەوەستان کە کوردستانی قەفقاسیان بە چوار ملیۆن دۆلار فرۆشت. رێگرییان لە میللەت دەکرد، دەیانگوت نەچنە لای وەکیل، ئێمە پێویستمان بە سێ چوار گوند نییە، بەڵکو ئێمە دەخوازین کوردستانی مەزن دروست بکەین و گەنج و لاوانی کوردستانی قەفقازیان بردە باکووری کوردستان بۆ دروستکردنی کوردستانی مەزن، گەنجان باوەڕیان بەم قسانە کرد، تەنانەت منیش چوومە ناویان و لە کەنەکەدا بووم، باوەڕم پێکردن ئەگەر کوردستانی مەزن دروست بکرێت باشترە. من زۆر رێز لە خەبات و ماندووبوونی گەریلا دەگرم، بەڵام ئەو فەقیرانە نازانن کە PKK کوردستانی مەزن ناخوازن، بەڵکو کۆمۆنیزم دەخوازن، من هەمیشە دەڵێم باشە ئەگەر ئێوە بۆ کوردستان تێدەکۆشن، بۆ ئاڵای کوردستان بەرزناکەنەوە؟! لەکاتێکدا ئاڵا سیمبولی ئێمەیە، عەشیرەتی جەلالی کە عەشیرەتی ئێمەیە، لە ئارارات لە ساڵی 1927 تا 1931 کوردستانی ئاراراتیان راگەیاند، باوکی منیش لەو شەڕەدا بەشداربوو، عەشیرەتی ئێمەیان قڕکرد لە گەلی زیلانێ، لەو کاتدا ئاڵای کوردستان بەرزکراوەتەوە، ئاڵاکەی ئەوکاتیش خۆری تێدابوو، بەڵام ئەوان ئاڵایەکیان هێناوە کەس نازانێ لە کوێوە هێناویانە.

بەم هەڵوێستەیان بۆم دەرکەوت کە ئەوان تەنیا خەڵک دەخەڵەتێنن بەناوی دروستکردنی کوردستانی گەورە، لە ناو خەڵکیش وا بڵاودەکەنەوە کە بارزانی ناخوازێ دەوڵەتی کوردستان دروست ببێت، ئێ باشە کێ دەستی ئێوەی گرتووە، فەرموون ئێوە دروستی بکەن، بەڵام ئەوان ئەوە ناخوازن، ئەگینا ئەرمەنستان هەمیشە دەرگای کراوە بووە، بە کردەوەش پاڵپشت و هاوکارمان بوون، PKK هەمیشە رازی بوون لە ژێر دەسەڵاتی عەرەب لە سووریا خەبات بکەن کە هەمیشە کوردی سەرکوتکردووە، من خۆم ئەوەم بە ئۆجەلان گوت، بەڵام نەهاتن بۆ ئەرمەنستان، یەکێکی دیکە لە شاشییەکانیان ئەوەیە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 200 هەزار کوردی کوردستانی سوور، لە ژێر چادر دەژین، تەنیا لەبەر ئەوەی ئینتیمایان بۆ ئەوان نییە هیچیان بۆ ناکەن، گەنجەکان بەردەوام لە پەیوەندیدان لەگەڵم، دەخوازن کۆمەڵە و گرووپی لاوان دروست بکەن، بەڵام ناتوانن چونکە ئەوان رێگرن.

**رووداو: بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی تاوەکو چەند بە پێویست دەزانیت؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستییەکی ئەم قۆناغەیە، کورد ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەیەک گوتاری هەیە، بەڵام بەداخەوە کەسانێک بەربەست و کۆسپی بۆ دروست دەکەن و ناخوازن ئەم کۆنگرەیە سەربگرێت، خەڵکانێک خۆیان بەزۆرینە دەبینن، بۆیە پێیانوایە دەبێت پشکی ئەوان زیاتر بێت لە کۆنگرەکە، هەروەها ناخوازن سەنتەری کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر بێت و بێنە ژێر سیاسەتی بارزانی و حکومەتی کوردستان. ئەوانە هەمیشە دەڵێن سەرۆکی کورد و کوردستان ئاپۆیە، بەردەوام کێشە دروست دەکەن. بارزانی مرۆڤێکی ژیرە، سیاسییەکی بەهێزە، ئەو ئاگاداری نهێنییەکانی جیهانە و پێشبینی دەکات و دەزانێ چ روودەدات، بۆیە بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی بەدیلی بارزانی نییە، پێویستە میللەتی کورد تێبگات، بارزانی چ دەڵێ ئێوە ئەوە بکەن.

**رووداو: ئێستا مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان باسێکی گەرمە، پێتوایە کاتی سەربەخۆیی هاتووە؟**

**وەکیل مستەفاییڤ:** بارودۆخەکە زۆر لەبار و گونجاوە، هەندێ لە سەرکردە و نووسەرەکانمان دژی ئەو بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان قسە دەکەن و دەنووسن، تەنانەت بەشێکیان خەریکی پیلانگێڕین بۆ شکستهێنان بە ریفراندۆم، چەند رۆژێک لەمەوبەر خەتیب دیجلە بابەتێکی نووسیبوو دەڵێ کەرکوک هی کورد نییە، بەڵکو هی هەموو میللەتانە، ئێمە کوردستانمان ناوێ، منیش بۆم نووسی تۆ کێی کوردستانت بوێت یان نا! چەند جارێکیش بۆ ساڵح موسلیمیشم نووسیوە: تۆ بۆ وا دەکەی؟ لە لایەک میللەتت کردە دوژمنی موسڵمانان، لەلایەکی دیکە کردتە دوژمنی ئەسەد، ئێستاش دەتەوێ بەهەمانشێوە میللەت بکەیتە دوژمنی برایانی باشووری کوردستان. ئێستا لەرۆژئاوای کوردستان رێکخراوی تیرۆرستی داعش کورد دەکوژن و دەڵێن ئەوانە کافرن، PYD هۆکاری ئەمە بوو. یەکێک لە هەڵە هەرە گەورەکانی ئەوان ئەوەبوو رۆژئاوای کوردستانیان دابەشی سەر سێ کانتۆن کرد، ئێستا کوردستان بووەتە حەوت هەشت پارچە، لۆژیک و رەوایەتی ئەمە لەکوێدایە؟! پاشان ساڵح موسلیم ئەو ماوەیە رایگەیاند، ئێمە دەوڵەتی کوردی ناخوازین، باشە بۆ پشتگیری لە بەشار ئەسەد دەکات؟ بەشار دوژمنی ئێمەیە، ئەسەدی باوک جینۆسایدی کوردی کرد، بەشار چەندین جار گوتوویەتی من ناهێڵم لەوێ کوردستان دروست ببێت، باشە چۆن بڕوا بکەین بە بەشار ئەسەد، بەشاریش رازی بێت ئێران ناهێڵێت.

من بەهەموو قەناعەتمەوە دەڵێم هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکیش زۆر لەبارە بۆ سەربەخۆیی. ئەوانەی ناخوازن و رازی نین و پاساوی نابەجێ دێننەوە بۆ ئەم بابەتە، لەژێر کاریگەری ئێرانن، ئێران چۆن بخوازێت، ئەوان وا دەکەن.

پێویستە گەلی کوردستان بڕیاری خۆیان بدەن، ئەمەش قوربانیدانی دەوێ، ستالین تا یەکێتی سۆڤیەتی دروستکرد، 30 هەزار مرۆڤی حەپس کرد، دەیان هەزار مرۆڤی ئەکادیمی و جەنەراڵی سەربازی و خەڵکی ئاسایی گوللەباران کرد، ئەمریکاش تا دروستبوو لە باکوور و باشووری قڕکردن کرا. ئەوان قوربانییان دا تا دەوڵەتی خۆیان دروستکرد، ئەمڕۆ زەحمەتە ئێمە بتوانین بە دیموکراتی دەوڵەتی کوردستان دروست بکەین، هەر کات کوردستانمان دروستکرد، ئەوکات دەتوانین دیموکراتی پەیڕەو بکەین.

> رووس و ئەرمەنەکان داوایان لێکردم کوردستانی سوور دابمەزرێنم

> ئازەربایجان 3 ملیۆن دۆلاری دامێ بۆ ئەوەی واز لە کوردستانی سوور بهێنم




> PKK کوردستانی سووری بە 4 ملیۆن دۆلار فرۆشت

> ئاپۆ پێیگوتم واز لە کوردستانی سوور بێنە، کوردستانی مەزن دادەمەزرێنین

ڕووداو

ژمارە (321) دووشەممە 2014/8/11



مەسعود بارزانی

# کورد پێویستی بە هاوکاریی ئەمریکایە

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان و عێراق لەژێر هەڕەشـەی ڕێکخراوێکی توندڕەو و هۆڤی و تیرۆریسـتیدان کە دەیەوێت دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا بگرێـت. ئێمەش سـوورین لەسـەر ئـەوەی بـە هاوکاریـی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دۆستەکانمان لە جیهان ئەو هەڕەشەیە بشکێنین .

ناتوانرێـت ئـەو مەترسـییە بـە کـەم وەربگیرێت . هێرشـە لەناکاو و توندەکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی ، عێراق و سـووریای گرتووەتـەوە و ئامانجـی ئەوەیـە ناوچەی فراوانـی دیکـەی جیهانیـش داگیربکات . لەکاتێکدا کە هەندێ لە ئامانجە دوورەکانی ڕەنگـە ئێسـتا نەیێنـە دی. عێـراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاست لەو مەترسییە بەدوور نین.

کوشتن و بڕین و وێرانکارییەکانی سووریا و هەنـدێ ناوچـەی عێـراق، نموونەیەکـی نەشـاراوەن لـەوەی کـە دەکـرێ لەهـەر جێگەیەکی دیکەی ئەم جیهانە ڕووبدات کە ئەم گرووپە حوکمی بکات. ئێمە هاوپەیمانی بەهێـزی ئەمریکاین لە ناوچەکـەدا و تاکە هێزێکیـن کە خاوەن ئیـرادە و هۆکارین بۆ پاراسـتنی ژیانی هەزاران کەس لە دێوەزمە و ترسـی ئەم تیرۆریسـتانە، بەڵام بەتەنیا ئەو کارەمان پێناکرێت.

ڕاسـتە کـە ڕەگەکانـی ئـەم قەیرانـە سیاسـین. هەمـان شـت بۆ سـەرهەڵدانی نازیزمیـش ڕاسـت بـوو، بـەڵام ئێسـتا تیرۆریسـتەکان بوونەتە هێزێکی سەربازی. چیـدی قەیرانێکی سیاسـی نییـە، بەڵکو قەیرانـی ئاسایشـە و پێویسـتە جیهـان بجوڵێت و ڕێگە لە جینۆسـاید و کوشـتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوان بگرێت. پێویستە هەمـوو پێگەیەکـی تیرۆریسـتان بکرێتـە ئامانـج، نەک تەنیا لە دەوروبەری هەولێر و شـنگال. پێویستە جیهانی شارستانیی ئەم جەنگـە ڕابگەیێنێت. بەڵام تاوەکو درەنگتر دەستپێبکات ، جەنگەکە سەختتر دەبێت.

هێزەکانـی پێشـمەرگەی ئێمـە ئامادەن لەچەندیـن بـەرەوە ببنـە ڕێبـەری دنیای شارسـتانی. ئێمە لـە ڕابردوودا، لەسـاڵی 1991 و 2003دا هـاوکاری ئەمریکا بووین لەدژی سەدام حوسێن و، ئێستاش جارێکی دیکـەش هەمـان کار دەکەین . بەڵام دوای ڕووداو و گۆڕانکارییەکانـی ئـەو دواییـەی دەوڵەتـی ئیسـلامی، ئێسـتا 600 میـل سـنوورمان لەگەڵ تیرۆریستان هەیە و زۆر پێویسـتیمان بە هاوکاری و هاوئاهەنگییە. هیواداریـن هێرشە ئاسـمانییەکانی ئەمریکا کـە ڕۆژی هەینـی دەسـتیانپێکرد ، تەنیا سەرەتایەک بن. توانای هەوڵگریی ئەمریکا دەتوانێ توانای تیرۆریستان کەمبکاتەوە لە ئەنجامدانی هێرشـی لەناکاو. لە هەمانکاتدا لـە گەیاندنی چەکی قورس بۆ پێشـمەرگە گرنگـە، تاوەکـو بتوانـێ لەسـەر زەوی پێشڕەویی بکات .

تیرۆریسـتان بڕێکی ئێجگار زۆر چەکی ئەمریکییـان لەهێزەکانـی عێـراق گرتووە . لەگـەڵ داگیرکردنـی ناوچـەی نوێـش، خەڵکـی زیاتـر دەتۆقێنـن، بیـری خۆیان بڵاودەکەنەوە، پیاوانی تەمەنی سـەربازیی دەهێننـە ڕیزەکانیانـەوەو لەڕێگـەی باج و کۆنترۆڵکردنـی سـەرچاوە نەوتییەکانـەوە داهاتیان زیاد دەکەن و هەواڵگرییان فراوان دەکـەن. هەتـا زیاتـر بەهێزبن، شکست پێهێنانیان سەختتر دەبێت.

ئێمە سوپاسی دۆست و هاوپەیمانەکانمان دەکەین لە کۆشـکی سـپی و کاپیتۆڵ هیڵ بـۆ ئـەو پشـتگیرییانەی سـاڵانێکە پێیان بەخشـیوین. ئێسـتاش تەنیـا لەبەرئەوەی کە بارودۆخەکە ئێجگار وادەخوازێت ، بۆیە دووبارە داوای هاوکاری دەکەین.

ئەم هەفتەیە تیرۆریستان هێرشی نوێیان ئەنجامداو ڕاسـتەوخۆ ئەو شـارۆچکانەیان کـردە ئامانج کـە لەژێـر کۆنترۆڵی کورددا بوون، لەوانەش بەنداوی موسـڵ ، ناوچەی شـنگال و سـنووری ڕەبیعـە. چەندیـن سەدەیە ئەم ناوچانە شوێنی چەندین ئاینی جیاواز بوون، بەڵام ئێسـتا وا نەماوە. وەک یەکـەم کاریان، تیرۆریسـتان فەرمانیان بە کریسـتیانەکان کـرد کـە بەزۆرەملێ ببنە موسـڵمان ، باجێکی قورس بـدەن یاخود دەرئەنجامـی کوشـندە هەڵبژێـرن. ئـەو کەسانەش کە پابەند نەبوون، بەترسناکترین شـێوە کـوژراون. بۆ یەکەمجـار لەمێژوودا شاری مووسـڵ خاڵیی بووە لە کریستیان. سـەدان هـەزار دانیشـتووی مەسـیحی و ئێزدی لەبەردەم هەڕەشەی کۆمەڵکوژیدان. ئەمەش بێگومان پێناسەکەی جینۆسایدە .

لەهەمانکاتـدا، لەئەنجامـی جەنگـی سـووریاو پێشـڕەوییەکانی تیرۆریسـتان لەعێـراق، هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر لە یەک ملیۆن پەنابـەر و خەڵکی ئاوارەی بۆ هاتووە .

پێشمەرگە ڕووبەڕووی دوژمنێک بووەتەوە کە چەکی زۆر پێشکەوتووی ئەمریکی هەیە . هەربۆیـە گرنگـە کە ئێمەش لـە ئەمریکا و دۆسـتەکانی دیکەمانـەوە بەزووتریـن کات هاوکاریـی سـەربازی وەربگریـن، تاوەکـو ڕۆژێـک زیاتـر تیرۆریسـتان بەئـازادی بجوڵێنـەوە، ژیانـی زیاتر لەدەسـتدەچێت و، قەیرانـی مرۆیی و وێرانـکاری و ترس و تۆقاندن زیاتر دەبێت.

هەمـوو ئایـن و دەوڵـەت و کۆمەڵگەکان پێویستە پشتگیریی خۆیان بۆ شارستانییەت ڕابگەیێنـن. ئەو وڵاتانەش کە لەتوانایاندایە هـاوکاری بکـەن، بەتایبـەت ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، پێویستە تێبگەن کـە بارودۆخەکە ترسـناکەو بەوپێیەش کار بکەن . پێویستە ئێستا ئەم تیرۆرە ڕابگرین ، بـە هـاوکاری ئاسـمانی و کەرەسـتەی سەربازی دەتوانین ئەوە بکەین .

***لە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکییەوە وەرگیراوە**



د.ئازاد ئەحمەد عەلی*

# داعش و کۆتایی گەمەی ئەمریکا

بە نهێنی و بێدەنگ، برووسکەیەکی بەریتانی گەیشتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا . ناوەڕۆکی برووسـکەکە ئەوە بوو کە ئەسـتەمە بەریتانیا چیـدی بتوانـێ هەژموونـی خۆی لەسـەر زۆر ناوچـەی جیهـان بپارێزێ و بەر بە داکشـانی کۆمۆنیـزم بگرێـت، بەتایبەتـی لـە تورکیا و یۆنان.

ئـەو نامەیـە بانگهێشـتێکی ڕاشـکاوانەی ئەمریکا بوو لەلایەن بەریتانیاوە بۆ پڕکردنەوەی ئـەو بۆشـاییەی لـە ئەنجامـی پاشەکشـە ڕانەگەیێندراوەکەی بەریتانیاوە دروست دەبوو، لەترسـی ئـەوەی نەبـادا یەکێتی سـۆڤیەتی پێشوو شوێنی بگرێتەوە .

ئـەو نامەیـە بـووە خاڵـی وەرچەرخـان لـە شـوباتی 1947دا. وا دیـارە لەگـەڵ ئەم برووسـکەیە، یان ئەم بانگهێشتەدا قۆناغێکی نـوێ لە چڕبوونەوەی هێـز و نفوزی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێدەکات، تا ئەو ئاستەی کە جۆرج مارشـاڵ وەزیری دەرەوەی ئەوکاتـی ئەمریکا، گوتارێکی تایبەت بۆ گەلی ئەمریـکا دەدات و هانیـان دەدات بۆئـەوەی بەرپرسـیارێتی پاراسـتنی ئارامی و ئاسایشی جیهان بگرنە ئەسـتۆی خۆیان. مایڵز کۆبلاند لـە کتێبەکەیـدا The Game of Nations (گەمەی گەلان- بەیروت- 1970) جەخت لەمە دەکاتەوە و دەشڵێت: سیاسەتی نوێی ئەمریکا پشتی بە پرەنسیپی ترۆمان و هەروەها پرۆژەی مارشـاڵ بەسـتبوو. جەوهەری ئەو سیاسەتە، ئامانجەکـەی بریتی بـوو لـە هەیمەنەکردن و دزەکـردن بـۆ ناوچەیەکی فراوانـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بـە میتۆدێکـی ئاشـتیانە، کە لە دۆکیومێنتـە دیپلۆماسـیە نهێنییەکانـدا بـە "پلانی سیاسـی بۆ ململانێ لەسەر ناوچەکانی دەسەڵات لە جیهاندا لەڕێگەی شەڕی ساردەوە" ناوی هاتبوو.

ئەوەی دوای تێپەڕبوونی 60 سـاڵ بەسـەر بەگەڕخسـتنی ئـەو دیبلۆماسـیەتە نهێنییەی ئەمریکادا سـەرنج ڕادەکێشـێ، ئەوەیە کە ئەو پلانـە لە سـووریاوە دەسـتیپێکرد: "دەبووایە ئامانجـی یەکەممـان عێـراق بێـت، چونکـە حکومەتێکی پۆلیسیی ڕەزاقورسی هەبوو، بەڵام تاقمی ڕاسـپێردراو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە، نەیانتوانـی بەبـێ ئـاگاداری و ڕەزامەندیـی بەریتانییـەکان دەسـتبەکاربن. مەسـەلەی دەستێوەردانیشـمان لـە کاروبـاری لوبنـان و ئـوردن و میسـر لەبەر چەندین هـۆکار، لە مێشکی خۆمان دەرکرد، بۆیە تەنیا سووریامان لەبەردەم بوو" لاپەڕە 66.

سـووریا وەک کلیلی گۆڕانـکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرایە ئامانج، لەسەر ئەو بنچینەیەش ئەمریـکا بڕیاری دا بە سـەرۆکایەتی شـوکری قوەتلـی فەرمانڕەوایـی مەدەنـی لە سـووریا بگۆڕێـت، بـۆ ئەو مەبەسـتەش ئەفسـەرێکی کوردی سـەرەڕۆ و ئاواتخـوازی ئامادەکرد کە ئەویش حوسـنی زەعیم بوو بۆئەوەی یەکەمین کودەتای سەربازی لەسەر ئاستی جیهان لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە سووریا ئەنجام بدات. ئەمریکا هەوڵیدا سووریا بکاتە گۆڕەپانی یەکەمی ئەو یارییـە نێونەتەوەییە: "کودەتای 30 مارسی 1949 بە پلان و ئامادەکاریی ئێمە بوو". لاپەڕە 73.

کودەتـای جەنەراڵ زەعیم، یەکەم هەنگاوی کردەیی سیاسـەتی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا و وەک یاریزانـی باوەڕپێکراوی ئەمریکا خرایە مەیدانەکەوە، بەڵام حوسنی زەعیم سەرکەوتوو نەبـوو لـە فەرمانڕەوایی سـووریا و لە تاقمی دیبلۆماتکارانی نهێنی هەڵگەڕایەوە، پابەندیش نەبوو بـە جێبەجێکردنی سیاسـەتی ئەمریکا وەکـو خـۆی، لەبەرئەوە بەشـوێن کەسـێکی دیکەدا گەڕان بۆ تەواوکردنی ئەرکەکە.

ناوەندی گەمە نێودەوڵەتییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پلانەکـە بـە پشتبەسـتن بە بنەمـای "ئەگەر گەمەکـەت نەبـردەوە، یاریزانەکانـت بگۆڕە". ئەمجارە پشـتیوانیی کودەتایەکی سـەربازیی کرد لە میسـر کـە مەلیک فاروقـی ڕووخاند. ئەفسـەرانی ئازادیخـواز لەژێر ناوی شۆڕشـی یۆلیۆی 1952 حوکمیان گرتەدەست. یاریزانی ئەوجـارەی ئەمریکا ئەفسـەرێکی بە هەڵپەی نێـو ژینگەیەکـی هەژار بـوو بەنـاوی جەمال عەبدولناسـر. ئەمریـکا بە نهێنی پشـتیوانیی ناسـری کرد تاوەکو بووە سەرکردەی جیهانی عەرەبـی و یەکێـک لـە سـەرکردە دیارەکانی جیهـان و یـەک لـە دامەزرێنەرانـی وڵاتانـی بێلایەن.

چالاکییەکانی سیاسـەتی ئەمریکا لە دوای سـاڵی 1947ەوە هەڵکشـانی زیاتری بەخۆوە بینی بۆ پڕکردنەوەی پاشەکشـەی سیاسەتی کۆڵۆنیالی کلاسـیکیی بەریتانیا و وەستاندنی پێشڕەویی شیوعییەکان و هەروەها زامنکردنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەمریکا، سـەرباری دەسـتەبەرکردنی ژینگەیەکـی لەبـار بـۆ لەدایکبوون و بەردەوامیی دەوڵەتی ئیسـرائیل لەڕێی دامەزراندنی سیسـتمێکی فەرمانڕەوایی نـوێ کـە بـە کـردەوە خزمەتی ئـەو پلانە و ئامانجەکانـی بکات و بە دروشـمیش دژایەتی ئەمریکا بـکات. بنەمای گەمە ئەمریکییەکەش بریتـی بـوو لـە "ئەمریکا بـاش دەزانێـت دوژمنەکانی خۆی دروستبکات".

ئیدارەکانی دواتری ئەمریکاش هەر لەسەر ئەو سیاسـەتە بەردەوام بوون کە ئەو گرووپە دیبلۆماتـکارە هەوڵگرییـە لەسـاڵانی 1947 تاوەکـو 1958 دایانڕشـت و نەیانتوانی خۆیان لە دیلێتیی پلانەکانی دەرباز بکەن.

خوێندنەوە و وەبیرهێنانەوەی سـەرەتاکانی دەرکەوتنـی ڕۆڵـی ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ناسـینی ژینگـەی ئـەوەی کـە پێیدەڵێـن مەڵبەنـدی گەمـەی نێودەوڵەتی، هەروەهـا دامەزراوەی CIA لە دواتردا، کارێکی پێویسـتە، چونکـە ئـەو سیاسـەتانەی کـە گیرانەبەر، پرسیاری زۆر دەورووژێنن دەربارەی ڕەگوڕیشـەی مێـژووی هاوچەرخـی سیاسـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ڕۆڵـی CIA لەکودەتا و شۆڕشـەکاندا و تەنانـەت پێکەوەنانی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیسـتەمدا. چاودێر و شـرۆڤەکار پێویستی بە ڕاستی و زانیاریی زیاترە دەربارەی ئەو پلان و چالاکیانەی کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بە "دیبلۆماسیەتی پشتی پەردە" ناودەبران.

خوێندنەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێستا وای دەردەخات کە ئەمە لە هەریەک لە سووریا و میسـر بەفۆرمی جیاواز دووبـارە دەبێتەوە. دوای تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر ڕاپەڕینەکانی گەلانی عەرەب و وردبوونەوە لە هەڵوێستەکانی ئەمریـکا، بەئاشـکرا دەریدەخـات کە ئەمریکا لـە ڕۆژانـی یەکەمـەوە سـووربووە لەسـەر دەسـتێوەرنەدان و سـەبر گرتـن، بەتایبەتـی لەلایەن هیلاری کلینتنی وەزیری دەرەوە. بەڵام چالاکییەکانـی ڕۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی ئەمریکا لە دیمەشق- کە لێرەدا بواری ژماردنیمان نییە- وای دەردەخسـت کە ولایەتـە یەکگرتووەکان حـەزدەکات درێـژە بـە موتابەعەکردنی گەمە سیاسـییەکەی لـە سـووریا بـدات و تەنانەت سەرجەم بنەماکانی گەمەکەش بگۆڕێ.

کۆبلانـد لـە سـاڵی 1969دا گوتبـووی سـەرکەوتنی ئەمریـکا لە سـووریا پێویسـتی بـە پیاوێکی بەهێـز و تینووی دەسـەڵاتە کە دەسـتەبژێری فەرمانـڕەوا یارمەتیـی بـدەن بۆئەوەی وڵاتەکە سەقامگیر ببێت. ئەمەش لە ساڵی 1970دا بەدیهات.

ڕۆبـەرت فـۆرد لە کارە دیبلۆماسیەکەیدا شکستی هێنا کە سیاسەتێکی بەتەواوی پشتی پەردە نەبوو. بۆیەشە دەستی لەکارکێشایەوە. بەڵام سـەرەڕای ئەوەش، هێشـتا سـەرەداوی گەمەکە هەر لەدەستی ئەمریکادایە، ئەگەرچی ئـەو ئیدارەیـە بـە سـەرکردایەتی ئۆبامـا — تـا کۆبوونەوەکـەی ئـەم دواییەشـی لەگـەڵ شـاندی ئیئتیلافی هێـزە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی سـووریا- بڕیـاری نـەداوە لەبـارەی چۆنیەتی بەدەسـتهێنانەوەی دەرفەتە لەکیسـچووەکە، یـان هەر گەمەیەکی دیکە کە بەشـداریی تێدا دەکات، بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە ئەمریکا یەکەم هەنگاوی سیاسـەتەکەی لە سـووریاوە دەسـتپێکرد و ڕێگەی کودەتای سەربازیشـی هەڵبژارد بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی.

لـە سـیاقی وەبیرهێنانەوەی ئـەم ڕووداوە مێژووییانـەدا، ئەمـڕۆ پرسـیارێک خـۆی دەسـەپێنێ: ئاخـۆ وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکا هیچ برووسـکەیەکی نهێنـی نەداوەتە ڕووسیا سـەبارەت بە ئارەزووی کشانەوەی لە ناوچەکە، یاخود لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی نزیک؟ برووسکەیەکی هاوشـێوەی ئەوەی بەریتانیای 60 ساڵ لەمەوبەر کە ڕووسیا بانگهێشت بکات بـۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە سـتراتیژییەی لـە ئەنجامـی کشـانەوەی ئـەو دروست دەبێـت و لەلایـەن هێزە لۆکاڵـی و ڕێکخراوە توندڕەوەکانـەوە پڕدەکرێتـەوە؟ لەوانەیـە بەڕاستی پەیامێکی ئاوا نێردرابێت، ئەگەرنا ئەو هەموو بێ سەروبەرییەی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هۆی چییە، یان ئەو شکسـتە ڕوون و دووبارەیـەی لـە سـووریای گۆڕەپانی هەرە گونجـاوی یارییەکەیدا تۆمـاری دەکات؟ تەنیا مەگەر ئەوە نەبێت کە سیاسـییەکانی ئەمریکا هەمیشە حەز دەکەن گەمە سیاسییەکان درێژە بکێشـن و بەردەوام بن، ئەگەرچی لە هەندێک گێمیشـدا بدۆڕێن. تەنیا لە ڕێی درێژەدان بەو گەمەیەش سەرلەنوێ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەشـف دەکەنەوە و بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە دروست دەبێ چی بکەن لە گێمەکانی داهاتوودا لە گەمەی بەنۆرەی نێوان سووریا و میسر.

سـەرئەنجام سـەرکەوتنی غـەزوەی داعش لـە موسـڵ لـە 10ی حوزەیرانـی ئەمسـاڵ و دەرکەوتنـی سـەرەتاکانی کشـانەوەی لەسـەرەخۆی لە مەیدانەکانی شەڕ لە سووریا، پرسیار و گومانی زۆر دەورووژێنن: ئاخۆ گەمەی ئەمریکا لە سـووریا گەیشتووەتە کۆتایی؟ یان بەشێکی گەمەکە و بنەماکانی پاش هەڵکشانی داعـش گەیشـتووەتە قۆناغـی تەواوبـوون و هێشـتا سـەرەداوی گەمـە سیاسـییەکەی عێراق لە هەمووکات زیاتر بەدەسـتی نێوەندە کاریگەرەکانی ئیدارەی ئەمریکاوەیە .

***توێژەر لە تۆڕی میدیایی ڕووداو**



ئارام باقی

هێلسینکی

# میدیای نەتەوەیی لە شەڕ و لە بنیاتناندا

ڕۆڵـی میدیا لە دنیای تازەدا و لەگشـت بوارەکانـدا ڕۆڵێکـە تـا ئەوپـەڕی گرنگ. ڕەنگـە بشـێت بڵێیـن بەبێ بوونـی میدیا وەک ئەوەیـە هیچمـان نەبێـت. دواجار بۆ هیچ کام لە پرسـەکان بە تایبەتیش پرسە سیاسـییەکان مەحاڵـە چوونەپێـش بەبێ میدیایەکی چالاک و بەکار .

میدیـا لـە دنیـای ئەمـڕۆدا کارکـردی ڕاسـتەوخۆی لەسەر هەڵسـوکەوتی مرۆیی و گەورەکردنی پرسـێک و بچووککردنەوەی پرسـێکی دی هەیـە. میدیـا لە ئاشـتی و ئاوەدانیدا، لـە بەرەنگاربوونەوە و بەرگری لە خۆکردندا ، لە خۆدەرخستن و خۆنواندن و لە پەروەردەدا، میدیا لە کاتی ناڕەحەتی و شـەڕ و خۆبونیاتناندا ڕۆڵێکی سـەرەکی دەگێڕێت.

ئێمـە کە دەڵێین زوڵـم لێکراوین، بەبێ میدیایەکی بەهێز ناتوانین ئەوە بسەلمێنین. کـە دەڵێیـن جەنگاوەریـن و خۆڕاگرین و بەهێزیـن بەبێ میدیا ناتوانین ڕاسـتییەکە دەربخەیـن. ئێمە کەدەڵێین ئاشـتیخوازین گـەر میدیایەکمـان نەبێـت ڕەنگی سـپیی بەرمان دەربخات ئەوا تەڵخ دەبینرێین.

مەبەست لە میدیای بەهێز ئەو میدیایەیە کە جێـی باوەڕە، جێی تەئسـیرەو خەڵک ڕێزی لێدەگرن و خۆشیان دەوێت و دواجار پرۆفیشـناڵە. پرۆفیشناڵی لە ڕاستگۆیی و خولقێنەر و بەپلان و ژیرییەوە کار لەسـەر پـرس و ئاڵوگـۆڕ و ڕووداوەکان بـکات. میدیایـەک کـە بەشـوێن پێشـهاتەکانەوە بێـت و ئـاگادار بێـت لـە پەرەسـەندنی ڕووداو و گۆڕانکارییـەکان لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیی، نیشتیمانی، ناوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیـی. میدیایـەک کـە گوێگر و خوێنەر و بینەر بەرەولای خۆی کێشـبکات و ببێتـە سـەرچاوەیان بۆدەستخسـتنی زانیاری. ئاخافتنی دروسـت و بەبەرنامە و لـە کاتی خۆیدا ئەپدەیتی هەواڵ و زانیاری و وێنـەکان بکات تاوەکـو خەڵک باوەڕیان بمێنێ و پردی پەیوەندی نەپچڕێت. دەبێت ئاگاشمان لەوە بێت بە چەندبارەبوونەوەی هەمـان گرتـە کـە هـاوکات نییـە لەگەڵ ڕووداوە تازەکان بینەر بێزار نەکەین.

میدیـای بەهێـز ناتوانێـت پشـت بـە حەماسـەت و کەفوکوڵ ببەسـتێ. ڕاسـتە لایەنێکی میدیا بە تایبەت لە کاتی جەنگدا کار لەسـەر خەڵـک دەکات و لـە دەوری پەیامێکی دیاریکراو هەسـتیان دەبزوێنێ، بـەڵام مەترسـیدارە تـەواوی مەسـەلەکە بەو شـێوەیە چاولێبکرێـت. چونکە گومان لـەوەدا نییە کە بە کەفوکوڵ ناتوانین هیچ شەڕێک ببەینەوە. حەماسەت و کەفوکوڵی هەرکەس لەلای خۆیەوە و خۆ بە موحەلیل و قسـەکەر و قسـەزان و خۆدەرخسـتن و لێدوانـدان و دروشـمدان کارەسـات دەخوڵقێنێ.

کارکـردی میدیا ئەوەندە گەورەیە کە لە دونیای ئێستادا لەو کاتەوەی کە دەسەڵاتی چوارەمـی لـێ ناونـرا ، شـەڕە گـەرم و گەورەکانیـش بەبـێ چـەک و تەقەمەنـی لەڕێـی میدیاوە دەکرێـن و هیچی لە پلانی سـەربازیی کەمتر نییە. بەپێچەوانەوە گەر میدیـا نەتوانێت بینەر و بیسـەر بەدەوری خۆیـدا خڕبکاتـەوە ئـەوا دواجـار بینەر و بیسـەر بـەدوای جێیەکـی دیکـەدا خـول دەخۆن و ئـەوە ڕوودەدات کە نەخوازراوە! بەهەمـان شـێوە پلانی سـەربازیی تۆکمە بەبێ پلانی میدیای تۆکمە ناکامڵ دەبێت.

بیروڕایـەک هەیـە کـە پێیوایـە، میدیا لەشـەڕدا دەکرێـت بـە سـەر دوو بەرەی گرنگـدا پۆلێن بکرێـت، بەرەیەک لەسـەر ئـەرزی واقیع کە ئەمەیـان جەنگاوەرەکان و پلانە سـەربازییەکان پێی هەڵدەسـتن و میدیـاکاری پەروەردەکراوی خۆی ڕوومالّی دەکات و بەرەیەکیـش کە تێیـدا بتوانرێت هاوسـۆزی و هاودەنگی و جۆش و خرۆش و هەسـتی خەڵکەکـە بدوێنێـت و وەڵام بـە پرسـیار و دڵەڕاوکێکانیـان بداتەوە و کارکـردی خراپی شـەڕی دەروونیی دوژمن کـەم بکاتـەوە و شـەڕی دەروونیی دوژمن بـکات و ئاسـت و پێگەیـان بلەرزێنـێ. پرسـیارگەلێک کـە لێـرەدا خـۆی قـوت دەکاتـەوە، ئەوەیە ئاخـۆ بەبێ میدیایەکی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی دەتوانرێـت ئەو دوو بەرەیـە مسـۆگەر بکرێـن؟ ئاخـۆ بە چەنـد کەناڵیـی بوونـی ڕاگەیانـدراوەکان و فـرە لێدوانیـی کە لە خـودی تێڕامان و خوێندنـەوەی و ڕەنگی دوژمندا هاوڕا نەبن و هەر لایـەو بەپێی تێفکرینی خۆی وێنای دوژمـن بـکات و بـاس لـە دوژمـن بکات، دواجاریـش ئەم فرەڕاییە لە میدیا تایبەتی و حیزبییەکانەوە بە ستایلی جیاواز ڕەنگیان پێدەدرێتەوە.. دەتوانین سەربکەوین؟

ئەوەی کە ئێسـتا هەیـە، زۆر بەداخەوە سەرلێشێواوی و بێبەرنامەیی و پەشۆکاویی زۆر گەورەیـە میدیـا تێیکەوتـووە، کەس نازانێ کامە کەناڵ ڕاسـت دەکات . هەرکام قسە و لێدوان و گرتەکانی ئەوی دی ڕەش دەکات و بەڕاستەوخۆش نەبێت ناڕاستەوخۆ ڕەتیدەکاتـەوە. هـەرکام بۆخـۆی بووەتە میدیایەکـی زمانحـاڵ و وێنـەی کۆمەڵـێ شـەڕڤان و پێشـمەرگە لە سـەنگەرەکاندا دەردەخـات کە تەقە ڕوو بە دوژمن دەکەن و ڕیزێک فیشـەک دەتەقێنـن و چاوێک لە کامێـرا دەکەن. کـە مەخابن ئەمە زیاتر لە نمایش دەچێت وەک لە بەرەی شەڕ!

لە کاتی شـەڕدا شـتێک بەناوی میدیای سەربەسـت یاخود هەرکەس بۆخۆی بوونە دەنگوڕەنگ لەوەیە بمانگەیەنێتە کارەسات، ناکرێت ئەفسەرێک بە جۆرێک وتووێژ بدات و ئەفسـەرێکی دی بەشـێوەیەکی دیکـە و هەر کەناڵە شـوێن کۆمەڵێ پێشـمەرگەی پارتەکـەی خـۆی بکـەوێ. ئێمـە کـە وەزیرمـان هەیە و ناومـان لێناوە وەزیری پێشـمەرگە بەرپرسـی لـق و کۆمیتـە و حیزبی بۆ لێدوانی سەربازی دەدەن.

یەکێـک لـە ڕۆڵـە خراپەکانـی میدیا ئەوەیـە کـە بارێکـی تـرس و دڵەڕاوکێ و پاشـاگەردانی لـە وڵاتدا بەرپـا بکات، هاووڵاتی لەسـەروو توانا و هێزی خۆیەوە بـار بـکات و بەرگەی نەگرێـت، هەم وای لێبکات هەسـت بە شکسـت بکات و هەم وای لێبـکات هەسـت بـە دۆڕان و یاخود ترس لە دۆڕان و کارەسـاتە ناخۆشـەکان بکات.

ئێمـە میدیـا و ئاسایشـی سـەربازی و ئاسایشـی گشـتی چەنـدە بەهەنـد وەردەگریـن. چەنـدە زانیـاری ڕاسـت و لەسـەربنەمای ڕاسـتی داڕێـژراو لەلایەن دەزگا ئەمنـی و سـەربازییەکانمانەوە دەدرێتـە دەر، ئاخـۆ هیـچ پردێکمـان دامەزرانـدووە؟ گـەر وایـە بۆچـی هـەر ڕاگەیاندنـە و بۆخـۆی چ هێزێکـی پـێ خـۆش بێـت کامێـرا و کامێرامانێـک بۆ بـەرەی شـەڕەکەی دەنێرێـت و لەوانەوە ڕووداوەکانمـان بـۆ دەگوازرێنەوە. دەبوو وەزارەتـی پێشـمەرگە وەک وەزارەتێکی سـەربازیی ئـەو ئەرکە بگرێتە ئەسـتۆ و ئەو متمانـە و باوەڕ پێبوونـە بگێڕێتەوە و زانیارییـەکان لـەوەوە سـەرچاوەیان بگرتایـە. زانیارییـەک کـە تۆمارکـراو و پشتڕاسـتکراوە بێت. نـەک ئێسـتا وای لێهاتـووە خەڵکـی هەولێـر دەوری وەزیر بگێـڕن و وەک ئەوەی لـە وڵاتێکی دیکە بن دەڵێن ئێمە وەک پێشمەرگەی هەولێر!

میللەتـی ئێمـە بەدرێژایـی مێـژوو لە ناخۆشـی و ناجێگیریدا بـووە، بۆیە گەر پێمان وابێت بە هەڵکشـانی کەشی ترس و شـەڕی دوژمن هەسـتیان دەجوڵێنین و باوەڕمان پێدەکەن تاوەکو ببنە لایەنگرانی جەنگ، ئەوە ئێمە کارێکی هەڵە دەکەین. پێدەچێت بۆ هەندێک لە نەتەوە و وڵاتانی دی ئەم شـیکارییە شـیاو بێت، بەڵام بۆ کـورد لەوەیـە زەرەری زیاتـر بێت. ئەم تاکتیکە دەشـێ بۆ وڵاتێکی وەک فینلاند بۆ نموونـە بگونجێت ، بۆ ئەوەی فینلاند بچێتـە شـەڕی ڕووسـیاوە و قەناعەت بە خەڵـک بکرێت تاوەکو شـەڕ قبوڵ بکەن هاتوهەڵای میدیایی بەرزبکرێتەوە .

میدیاکانـی ئێمـە بە دەسـتی خۆیان هەولێریـان ورووژانـد، گەر ئـەم کارە بە ئامانـج لای خۆمانـەوە ڕوویدابێت تاوەکو سـەرنجی دونیا بەلای خۆماندا ڕابکێشین ئـەوا کارێکـی زیانبەخـش دەکەیـن ، ئەگەریـش بەسـەرماندا تێپەڕیبێت و بێ بەرنامەیـی و پەشـۆکاوی وای پێکردبین ئەوا دیسـان زیانبەخشـە. ئێمـە دەبێت سـووربین لەسـەر ئـەوەی بـە دوژمـن بڵێیـن بەهێزیـن و نابێـت خۆمـان وەک لاواز و زەلیـل نیشـان بدەیـن. نەکەوینە سـەرکۆنەکردنی یەکتـر ئەگـەر هاتوو لە قوڵێکیشەوە پاشەکشەمان پێکرابێت.

میدیـا ڕۆڵـی هەیە لـە تازەکردنەوەی کۆمەڵگادا، وەک دەگوترێت "میدیا یاسای یارییەکان دەگۆڕێـت". هەر بۆیە ئێمە لە ئێسـتادا لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە میدیایەکی نیشتیمانی و نەتەوەییە کە "یاسای یارییەکان" بگۆڕێت.

جگـە لـەوەش بوونـی میدیایەکـی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی بەزمانەکانـی دیکـە لـە ئێسـتادا و بـۆ ئایندەش ڕوو بـە دونیـای دەرەوە پێویسـتییەکی زۆر هەنووکەییە بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان لە چاوی خۆمانەوە .



گۆران محەممەد

# دارولمولکی بابان

دانانی پارێزگارێک بۆ سلێمانی، لە پێکهێنانی حکومەتی یەکڕیزیی نیشتمانی زۆر قورسترە. ئاخر وا حکومەت کۆن دەبێت کەچی هێشتا سلێمانی پارێزگارسزە. سەردەمانێک سلێمانی دەیتوانی بە نیوسەعات مەلیک بۆ هەموو کوردستان دابنێت، کەچی ئەمڕۆ پارێزگارێکی پێدانانرێت.


جا قوربان بەکوێرایی چاوی ئەوانەی چاویان بە پایەختی ڕۆشنبیری هەڵنایەت، با چاک چاک بزانن سیاسەت لە سلێمانی کە دانیشتووانەکەی هەر ملیۆنێک دەبێت، زۆر لە سیاسەت لە تورکیای سەروو حەفتا ملیۆنی پێشکەوتووتر و ئاڵۆزترە. ئەی ئەوە نییە ئەوان هەر بەفشە بە هەفتەیەک سەرۆک کۆمار دادەنێن کەچی یەکێتی و گۆڕان بە ساڵ و شتێک وا پارێزگار دادەنێن، بابە ئەوە پارێزگارە پارێزگار خۆ فشە نییە وەکو سەرۆک کۆمار، مەبەستم تورکیایە کەس نەیباتەوە لای کاک فوئاد، هەرچەندە دانانی ئەویش، لە پارێزگاری سلێمانی ئاسانتر بوو.

بەینی خۆمان بێت ئیدارەدانی سیاسەت لەناو داعشیش لە سلێمانی ئاسانترە، ئاخر یەک شەو دوای گرتنی مەخموور، داعش قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری هاتوچۆ و پۆستە گرینگەکانی دانان، کەچی سلێمانی پارێزگاری هەر پێدانەنرا. هەقە ئێستا یەکێتی و گۆڕان شاندێکی باڵا ڕەوانەی موسڵ بکەن و سوود لەو ئەزموونەی داعش وەربگرن، قەیچێکە، بەرژەوەندی گەل لە هەرچیەکدا بێت قابیلە درێغی لێبکەن؟

نەک هەر کورد، هەموو دونیا چاوی لەسەر شەنگال و مەخموور بوو، کەچی دادە هێرۆ و کاکە نەوە لە کۆبوونەوەی دیاریکردنی پارێزگار بوون و ئەوجاش نەیانتوانی دیاریی بکەن.

برادەرێک لە سلێمانی بۆی نووسیبووم: سلێمانی ئەوەندەی عەرەب تێدایە ئەگەر یەکی دەمانچەیەکیان هەبێ، بە نیو سەعات هەموو سلێمانی دەگرن، جا قوربان لەم بێ پارێزگارییەدا و کە هەر پێتان دانانرێت، باشترە عەرەبێک بکەنە پارێزگاری دارولمولکی بابان.

---



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# 31ی ئابێکی دیکە بەڕێوەیە؟

31ی ئابی 1996 ڕۆژێکی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە بوو، کۆتایی بە 3 دەیە لە شەڕی ناوخۆیی کوردستان هێنا. ناوی هەرچییەکی لێدەنرێت، با بۆ مێژوو بەجێبمێنێت، بەڵام ڕۆژێکی مێژووییە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدات، بیرم دەباتەوە لای 18 ساڵ پێش ئێستا، چونکە بەشێکی زۆری خەڵک تەنیا 31ی ئابیان وەبیرە و هەندێکی دیکەش ڕۆژانی پێش 31ی ئابیان لە زەینی خۆیاندا سڕیوەتەوە! ڕۆژانی پێش 31ی ئابی 1996یش دابەشبوونی ئیقلیمی وەکو ئێستا بوو، 18 ساڵ تێپەڕی و هاوکێشەکان و سەنگەربەندییەکان نەگۆڕان. ناوماڵی کورد ئەوکات و ئێستاش بەسەر بەرەی ئێران و تورکیادا دابەش ببوو. خۆبەخۆ شەڕی بە وەکالەتی ئەو دوو وڵاتە لەسەر خاکی کوردستان لە نێوان PKK و یەکێتی لەلایەک و پارتی لە لایەکەی دیکە بەڕێوە دەچوو.

ئەوکات ئامانج لەناوبردنی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بوو، ئەمڕۆ مەبەست شکاندنی ئیعتیباری ڕوو لە هەڵکشانی بارزانییە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، چونکە بەهەر دیوێکدا سەیری مەسەلەکە دەکەی، دەبینی کە کۆمپلۆیەکی ئیقلیمی و ناوخۆیی هەبوو بۆ تێوەگلاندنی پارتی، سووککردن و شکاندنی هەیبەتی ئەو هێزانەی کە شانازیی پێوە دەکردن. لە دوای 10ی حوزەیرانەوە بارزانی لەلایەن ئێران و ئەمریکاوە (کە هەردووکیان دۆڕاوی شەڕی عێراقن و ئێستا سەریان پێکەوە ناوە) لەژێر گوشاردا بوو بۆ ئەوەی باری لەنگیان ڕاست بکاتەوە. بەڵام بارزانی نەدەچووە بن بار. بارزانی تێکڕای ڕۆژانی جەژنی لە بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا لە بەرەکانی بەرگری بەسەربرد، وەک ئەوەی هەستی بە شتێک کردبێت، هەر ڕێک دوای ئەوە، ئەوە ڕووی دا کە هەموومان بینیمان. بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەوە و ئەو ڕووماڵەی لەلایەن میدیاکانی یەکێتی و PKK بۆ ڕووداوەکان کرا و تا ئێستاش دەکرێت، نیشانی دا کە ناوماڵی کورد پتر لە هەموو کاتێک پەرت و بڵاوترە. دیمەن و هەواڵە درۆینەکانی ئەوەی کە گەریلا و پێشمەرگە شانبەشانی یەکتری دەجەنگن، جگە لە خۆخەڵەتاندن و کردنەوەی جێ پێی هێزی چەکداری PKK لە باشووری کوردستان هیچی دیکە نەبوو. مەبەست لەو هەموو هێز بردن و هێزهێنانە جگە لە نیشاندنی لاوازی و بێ ئیعتیباریی پارتی هیچی دیکە نەبوو. ئامانجەکە هاتە دی، دەبوایە بارزانی بچێتە ژێر بارەوە و شەڕێکی بە وەکالەت بۆ ئەمریکا، ئێران و شیعە مەزهەبەکانی وڵاتی بەناو عێراق بکات.

کێ و چۆن داعشی بەرەو شنگال و ناوچە سنوورییەکانی جێگەی مشتومڕی پارتی و PKKی لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان جووڵاند؟ ئەوە با بۆ مێژوو بەجێ بمێنێت، بەڵام داعشێک کە ئامانجی گرتنی بەغدا بوو، خێر بوو لەپڕ بیریان کەوتەوە کە لەباربردنی پرۆژەی خەندەقی سەر سنوور و پەلاماردانی ناوچەکانی ژێر نفووزی پارتی گەلێک گرنگترە! تا دوێنێ بارزانی بەوە تۆمەتبار دەکرا کە پلانی گرتنی موسڵ بە هاوکاری و هەماهەنگیی ئەو، ئوردن و تورکیا بەڕێوەچووە، بارزانی پشتیوانی لە داعش دەکات، بەڵام هەر ئەو داعشە، هێزەکانی لە هەموو بەرەکانی دیکە کۆکردەوە و پەلاماری ناوچەکانی نفوزی پارتیی پێدا!

شەڕی داعش هەیبەتی پێشمەرگە و پارتیی شکاند، چونکە ئەمریکا سەرباری ئەوەی نیشانی دا کە ناچارە بۆ پاراستنی کۆمپانیا نەوتییەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل دەبێ کارێک بکات، بەڵام ئەو پەیامەشی دایە بارزانی کە واز لە سەرکێشییەکانی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی بهێنێت. بیر لەوە نەکاتەوە چارەنووسی کوردستان لە عێراق جیابکاتەوە. بەڵام مەرج نییە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لە درێژماوەدا هەمان ئەنجامی هەبێت، چونکە ئێستا پارتی لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەدا، هەم چەکی قورسی دەستدەکەوێ و هەمیش ئەو شوێنانەی لەمەودوا بە هاوکاریی ئەمریکا دەیانگرێتەوە، مەشروعیەتی دەستکەوتی جەنگیان پێدەدات، چونکە پێشتر چوونی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان بە داگیرکاری هەژمار دەکرا.

شەڕی داعش بە قازانجی پارتی دەشکێتەوە و پارتی ئەگەرچی دەبێ تا ماوەیەک باسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم نەکاتەوە، بەڵام لانیکەمی ئەوەیە کە توانا سەربازییەکانی خۆی بۆ دەرکەوت و بۆی سەلما کە ئەگەر سبەی ڕۆژێ بچێتە ناو شەڕی سەربەخۆییەوە چی بەسەر دێت، بۆیە لەمڕۆوە دەبێ بە هەموو حساباتی خۆیدا بچێتەوە.

ئەوانەی لەو سەنگەرەشدا پاشقولیان لە بارزانی گرت، تەنیا لە ڕووی تاکتیکییەوە ڕەنگبێ دەستکەوتی کاتییان هەبێ، بەڵام 18 ساڵە کە ئێران تامی یەکەم شکستی خۆی لە کوردستان چێشتووە، دوو مانگ پێش ئێستاش لە موسڵ دووەم شکستی خۆی بینی و دەبێ ئەویش بزانێ کە چیدیکە بەر بە ڕێڕەوی مێژوو ناگیرێت.

---



قەرەنی قادری

# بەغدا، کورد و پێکەوەهەڵکردن

لە ڕوانگەی فکری و کردەییەوە، پێکەوەهەڵکردن (Tolerance)، پرۆژەی مۆدێرنیتەیە و لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا گەشە دەکات. لەو کۆمەڵگەیانەدا، دەسەڵات بە ڕێگای هەڵبژاردن، پێکەوەهەڵکردن و دیالۆگەوە دەستاودەست دەکرێت. بنەمای ئەمەش ئازادییە بەرفراوانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەم ئامانجە دەپێکێت.

هاووڵاتیانی ئەم کۆمەڵگەیانە تەنانەت بەبێ ئەوەی بیر لە کودەتای سەربازی، جموجۆڵی چەکداری، توندوتیژی، گوشارهێنان، چەمکی دەمارگیری و سڕینەوەی یەکتر بکەنەوە، بە ڕێگایەکی مەدەنی و لەسەر بنەمای مافی بەرانبەر، کێشەی دەسەڵات، پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان یەکلادەکەنەوە. لەو دەڤەرانەدا ئازادیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی دەستەبەرکراون و دەسەڵاتی یاسا و عەقڵ جێگیرکراون.

بە گوێرەی بۆچوونی کۆمەڵناسە لیبراڵەکان، پلۆرالیسم و پێکەوەهەڵکردن پەیوەندی بەوەوە هەیە کە "کۆمەڵگە مەودا بۆ کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراو، بیروڕای جیاواز، ڕێکخراوی ناحکومی و تاک کە بە ڕەسمی دان بە بەرژەوەندیی جیاوازدا دەنێن، دروست بکات". هەروەها بە ڕێگای کێبەڕکێی سیاسی، ئاشتییانە و دیموکراتیانە، کێشەکان چارەسەر بکەن.

لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەنیشتمانی وەکو عێراق، ئێران... دەبێ کولتووری سیاسی و دانپێدانان بە یەکتر ئاستێکی ئەوەندە بەرزی هەبێت کە گشت نەتەوەکان بتوانن لە دەسەڵاتدا بەشدار بن. بەڵام ئەزموونی زیاتر لە 10 ساڵەی عێراق ئەوەی نیشاندا کە بەغدا بە تەواوەتی بێبەرییە لەو چەمکە. لە بەغدا ئەقڵ حوکمڕانی ناکات، بەڵکو ئەوە هەڕەشە، فریودان، نانەوەی دووبەرەکی و هەڕەشەیە کە بنەمایە. عێراق لە کۆتایی ژیانی خۆیدایە و هەوڵدانی کوردیش بۆ پێکەوەهەڵکردن دەگەڵ بەغدا، لە تراویلکە دەچێت. فیدراڵیزمیان جێبەجێ نەکرد، بێشک کۆنفیدراڵییش سەرناگرێت.

## کورد و سەرکۆماری "عێراق"

هەر کوردێک کە ببێتە سەرکۆماری "عێراق"، دەبێ سەرکۆماری عێراقییەکان بێت و پارێزگاری لە "یەکپارچەیی خاکی عێراق" بکات. ئێستا نزیک بە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەیان لێیە. پەرلەمانی کوردستانیش کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنی لە هەرێمی کوردستان پەسند کرد بۆ ئەوەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی وەڕێ بخات.

ئەو کوردەی کە دەبێتە سەرکۆماری "عێراق"، دەبێ زۆر بە باشی بیر لەو دۆخە تایبەت و لە ڕادەبەدەر ئاڵۆزە بکاتەوە، هەروەها عەرەبە شۆڤێنییەکانیش داوا دەکەن کە پێشمەرگەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکشێنەوە. هەر ئەوان، پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش بە پیلانی ئیسرائیل بۆ تێکدانی "یەکپارچەیی خاکی عێراق" دەزانن. ئەو کوردەی کە ببێتە سەرکۆماری "عێراق"، دەبێ یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت و دژی "پیلانەکانی زایۆنیزم"یش بێت و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیشی لەگەڵ سوپای قودسی کۆماری ئیسلامیدا هەبێت.

## قەیرانی ناوخۆیی

دوای کێشە و ململانێیەکی تەواو لەناو یەکێتی نیشتمانیی کورستان بەهۆی قەیرانی ناوخۆییان و فرەکاندیدییان، فراکسیۆنە کوردستانییەکان پرسی فرەکاندیدییان یەکلاکردەوە و فوئاد مەعسوم بووە سەرکۆماری "عێراقی فیدراڵ". بەهەرحاڵ فرەکاندیدیی ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی بە "دیموکراسی و بیروڕای جیاواز" لەناو (ی ن ک)ەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە قەیران و ململانێ ناوخۆییەکانی ئەو هێزەوە هەیە کە هەرێمی کوردستانی تووشی گرفت کرد. دیموکراسی ڕاستەڕێ نییە تا ئەوەی لەناو کتێباندا هەیە دەقاودەق پیادەی بکەیت، یان لە سەرەتادا چۆنت ئاژۆت، لە ناوەڕاست یان لە کۆتایی ڕێگەشدا هەر وابێت. ئەوەی لە سەرەتادا بەدی دەکرێت، بێشک لە قەدبڕی ڕێگەدا ئەو نییە. دیموکراسی هاوکات کە دەرفەت بە دەربڕین دەدات، بەڵام بەر لە هەموو شتێک پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی، کات و شوێنەوە هەیە. دیموکراسی دەبێ ڕێکخەر بێت و زۆرترین بەرژەوەندی و یەکگرتوویی دابین بکات. لە دۆخی ئێستای عێراقدا، هەرێمی کوردستان بەپێی پێوەرە دیموکراتییەکان، پێویستە پەیڕەوی لە سیاسەتێکی تۆکمە و چڕ بکات، تا بتوانێت زۆرترین بەرژەوەندی مسۆگەر بکات و کەمترین کێشەی هەبێت. هاوکاتیش بەر بە پەرتەوازەیی و تێگەیشتنی لە ڕادەبەدەر چەوت لە دیموکراسی بگرێت.

ئەمجارەشیان عێراق بوو بە هی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش بوو بە هی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمەش لە کاتێکدایە کە عێراق لە دۆخی سەردەمی سەرکۆماریی جەلال تاڵەبانیدا ناژیت، بەڵکو "عێراقی فیدراڵ" لەسەر لێواری هەڵدێرە و بەشێکی ئەو "وڵات"ەش لە ژێر کۆنترۆڵی داعشی سوپای ئیسلامیی سەدەکانی ناوەڕاستدایە و هەرێمی کوردستانیش لە گەرمەی باسی سەربەخۆییدایە. شیعەکانی عێراقیش لە دۆخێکی تەواو پەرتەوازەییدا دەژین. ئاخۆ دەبێ سەرکۆماری کورد بۆ ئەو "وڵات"ە کە لەسەر لێواری هەڵدێرە، چی لەدەست بێت؟

---



مەجید نیزامەدین گلی*

# بۆچی ئەمریکا یارمەتی کورد دەدات

شەوی چوارشەممەی ڕابردوو، میشێل ئۆباما چاوەڕێی ئۆبامای مێردی دەکرد کە بیباتە دەرەوە و پێکەوە کاتێکی خێزانی بەسەربەرن، بەڵام کورد ئەو پلانەی لێ تێکدان. جەنەراڵ مارتن دێمبسی پێش وادەی نانی ئێوارەی میشێل، بە پەلە دەگاتە ئۆباما و لەناو ئۆتۆمبیلەکەی باسی ڕەوشی کوردستانی بۆ دەکات. ئۆباما بە پەلە دەچێتە ئۆفیسی تایبەتی خۆی و زنجیرەیەک لە کۆبوونەوەی بەردەوام لەسەر نزیکبوونەوەی داعش لە هەولێر و ڕزگارکردنی ئێزدییەکانی سەر چیای شەنگال دەستپێدەکات. دوای 36 کاژێر، ئۆباما بڕیار دەدات کە ئەمریکا ناتوانێ وەک تەماشاوان بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی ئێزدی ببینێ.

ئەمە چیرۆکی پەرۆشیی ئۆباما نییە بۆ سەلامەتیی کوردستان، ئەو کەسێکی پراگماتیکە و لەوە ناچێ کوردستان لە لیستی ئەو بابەتانە بێت کە عاتیفەی ئۆبامای بۆ بجوڵێ. بەڵکو ئەوە چیرۆکی گرنگیی کوردستانە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

دوای چوار ساڵ و بۆ یەکەمین جار لە دوای شەڕی لیبیا، باراک ئۆباما بڕیاری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.

ئۆباما لە وتارەکەیدا ئەوەی باسکرد کە بێجگە لە ڕێگەگرتن لە کوشتنی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان، ئەمەریکا هێرشی ئاسمانی لە دژی داعش ئەنجام دەدات بۆ "پاراستنی دیپلۆماتکارانی ئەمریکی لە هەولێر". ئەمریکا دەیتوانی هەموو دیپلۆماتکار و کارمەندە ئەمریکییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەولێر بگوازێتەوە. لە دوای ڕووداوی کوشتنی باڵیۆزی ئەمریکا لە شاری بەنغازیی لیبیا پێش دوو ساڵ، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پرۆگرامێکی تایبەتی دامەزراند بۆ گواستنەوەی دیپلۆماتکارانی لە ناوچە ناسەقامگیرەکانی وەکو عێراق. ئۆباما زیاتر بۆ ئەوەی کورد هان نەدات بۆ جیابوونەوە لە عێراق، ئەوەی بە تەواوی نەدرکاند کە ئامانجی سەرەکیی فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسمانی هەولێر پاراستنی هەرێمی کوردستانە. ئیدارەی ئۆباما لەبەر چوار هۆی سەرەکی یارمەتی کوردی دا لە شەڕی دژی چەکدارانی داعش:

## سەقامگیریی تورکیا

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان ئاژاوەی عێراق و تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا. واشنتن نایەوێ ئەم دیوارە بڕووخێت کە بە درێژایی 370 کیلۆمەتر سنووری باشووری تورکیا دەپارێزێت. ڕاستە تورکیا ساڵانە نزیکەی 20 ملیار دۆلار لەسەر سوپا زەبەلاحەکەی خەرج دەکات، بەڵام سوپای گەورە مەرج نییە بتوانێت ڕێگە بگرێت لە گواستنەوەی ئاژاوەی سەر سنوورەکان. عێراق خاوەن سوپایەکی پڕ چەکە و پارەیەکی زۆر لە کڕینی چەک خەرج دەکات، بەڵام ئەمە ڕێگەی نەگرت لەوەی ئاژاوەی سووریا بێتە موسڵ و ناوچە سوننییەکان و عێراق ناسەقامگیرتر بکات.

خاڵی لاوازی حکومەتی عێراق ناڕەزایی عەرەبی سوننەیە کە زەمینەی سازکردووە بۆ باڵادەستیی چەکدارانی داعش. لەکاتی ناسەقامگیربوونی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە پرۆسەی ئاشتیی نێوان کورد و دەوڵەت لە تورکیا شکست بهێنێ. ئەمەش بەهۆی نەمانی ناوبژیوانیی کوردی باشوور و ئاڵۆزبوونی دۆخەکە. ئەوکات کوردی باکوور دەبنە خاڵی لاوازی تورکیا و ئاژاوەی عێراق و سووریا دوور نییە تورکیا ناسەقامگیر بکات. ناسەقامگیربوونی هەرێمی کوردستان دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا و ناوچەکە ناسەقامگیرتر دەکات. ئەمەش پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەمریکایە لەم ناوچەیە.

## عێراق بێ کورد چاک ناکرێتەوە

لەبەرژەوەندی ئەمریکایە عێراق سەقامگیر بێت. ئەمەش زیاتر بۆئەوەی ئەمریکا ناچار نەبێت ئۆپەراسیۆنی سەربازی هاوشێوەی ئەوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی نزیک هەولێر ئەنجام بدات. ئیدارەی ئۆباما لەو باوەڕەدایە کە ڕازیکردنی سوننە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ناسەقامگیری لە عێراق. ئەم بۆچوونەش هەڵە نییە. چەکدارانی داعش بێ پشتیوانی خەڵکی سوننەی عەرەب ناتوانن کۆنترۆڵی شارێکی وەکو موسڵ بکەن. کێشە ئەوەیە نوری مالیکی و زۆربەی سەرکردە شیعەکانی دیکە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی ئەمریکا بگرن و سوننە ڕازی بکەن. شیعە پشتی بە ئێران قایمە و تاوەکو ئێستا دانی بە "کێشەی سوننە"دا نەناوە لە عێراق. کورد تاکە لایەنە لە عێراق کە پێشمەرگەکانی لەبەرەکانی شەڕ لەدژی داعش ڕاناکەن و سیاسییەکانی ئامادەن سازش بکەن بۆ ڕازیکردنی سوننەی عێراق. کورد تاکە هیوای ئەمریکایە لە عێراق.

## کورد "ئەخلاقی ئەمریکی" هەیە

لە بازاڕ و مۆڵەکانی هەولێر، مەسیحی و ئێزدی و تورکمان و عەرەبی سوننە و ئاین و نەتەوە جیاوازەکان بێ کێشە دەسووڕێنەوە. کاتێک خزمەکانیان لە موسڵ تووشی هەڕەشەی گرووپە چەکدارە سوننەکان دەبنەوە، کورد پێشوازییان لێدەکات. ئەم دیمەنە فرەئاینی و فرە کەلتوورییەی کورد نزیکە لە دیمەنی پێکەوە ژیانی ڕەشپێستێکی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی لەگەڵ سپی پێستێکی بە ڕەچەڵەک ئەورووپی لە ئەمریکا. لێبووردەیی و فرەئاینی شتێکی دەگمەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕۆژانە تێیدا دەیان کەس لەسەر ناوی عەلی و عومەر دەکوژرێن. کاتێک تۆماس فریدمان، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی لە ئۆبامای پرسی چۆن بڕیاری یارمەتیدانی سەربازیی کوردی دا لە عێراق، ئۆباما زیاتر باسی لە لێبووردەیی کورد کرد بەرامبەر بە نەتەوە و ئاینەکانی دیکە.

ئۆباما دەیەوێ وەکو ڕزگارکەری مەسیحی و ئێزدییەکانی عێراقیش باسبکرێت لەناوخۆی ئەمریکا و جیهان. لە کۆتاییدا، ئۆباما خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی وەرگرتووە و باوەڕناکەم بیەوێ لە مێژوودا وەکو ئەو سەرۆکە ناوببرێ کە ڕێگای بە جینۆسایدکردنی کەمینەیەکی عێراق دا. هەموو ئەوانە سەرباری ئەو وێنە کاریگەرانەی ئاوارەکان کە میدیا دەیگەیاندنە ڕای گشتیی ئەمریکا.

## هاوپەیمانی هاوبەش لەنێوان کورد و ئەمریکا

ئەمە سەردەمی بوش نییە کە ئەمریکا زۆر گوێ نەداتە ڕای هاوپەیمانەکانی. ڕاستە ئەمریکا زۆربەی جار بۆ کاری سەربازی پێویستی بە پشتگیریی وڵاتانی دیکە نییە، بەڵام ئەگەر وڵاتانی زلهێز و هاوپەیمانەکانی لە دژی هێرشکردنە سەر داعش بوون، ئەوە ئۆباما لە ئەمریکا دەکەوێتە بەر ڕەخنە و فشاری زۆرەوە. ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە سیاسەتی ئەمریکی و لە شەڕی سووریاوە سەری هەڵدا. هاوینی 2013 ئۆباما ڕایگەیاند کە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەمریکا هێزی سەربازی لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد بەکاردێنێ. دوای چەند ڕۆژێک، پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری دا کە وڵاتەکەیان پشتگیری لە ئەمریکا ناکات لە لێدانی سووریا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕووسیا و چین بە تەواوی لە دژی لێدانی سووریا بوون. لە دەرئەنجامدا زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی و کەسایەتییە ناسراوەکانی میدیای ئەمریکی دەیانگوت ئەو کارەی ئۆباما هەڵەیە و بەڵگەش ئەوەیە بەریتانیای هاوپەیمانی لێدانی سووریا بە هەنگاوێکی خراپ دەزانێت.

بە پێچەوانەوە، بەریتانیا، فەرەنسا، تورکیا، ئیتالیا و چەند وڵاتێکی دیکەی هاوپەیمانی ئەمریکا، هەرزوو پشتگیریی خۆیان بۆ کورد ڕاگەیاند لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی داعش. ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا. جگە لە ئێران، هیچ لایەنێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە دژی بڕیارەکەی ئۆباما قسەی نەکرد.



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# شەڕی داعش بە ئەزموونی ئیسرائیلی

هەرچەندە کوردستان لەڕووی دیپلۆماسییەوە سەرکەوتووتر بوو لە بەغدا و توانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدژی داعش بجووڵێنێ، بەڵام ئەگەر پێمانوابێت بە تێکشکاندنی داعش لە فڵان بەرە و دەرپەڕاندنی لە فیسار شارۆچکە شەڕەکە تەواو دەبێت و داعش لەناودەچێت، نیشانەی ئەوەیە هێشتا نازانین چی ڕوویداوە. ئەوەی ئەمڕۆ لە سنوورەکانی باشوور دەگوزەرێت لە کورتمەودادا قورس دەبێت و زیانمان لێدەدات، بەڵام بۆ درێژمەودا بەهێزمان دەکات.

هێشتا دیمەنی ئەو بزە و لێدوانە تەوسئامێزانەم لەبیرە کە کاربەدەستانی کوردستان لەدوای گیرانی موسڵەوە لەسەر سەرکەوتنەکانی داعش بە روخساریانەوە دیاربوو. ئەو لێدوانانە وایان لە خەڵک کردبوو کە هەستبکەن داعش دوژمن نییە. بەیانییەک لەخەو هەڵساین و بیستمان داعشێک کە کەمتر لە ساڵێک پێش ئێستا لەنێوجەرگەی شاری هەولێردا کردەی تیرۆریستیی ئەنجامداوە، دەوڵەتێکی لە دووریی شەست کیلۆمەتر لە هەمان شارەوە دروستکردووە. کەچی ئێمە پێکەنین. وامان دانابوو داعش دەبێتە شەقێکی ئیلاهی و نووری مالیکیمان لەسەر هەڵەکانی بۆ تەمبێ دەکات، کەچی بەیانییەکی دیکە لەخەو هەڵساین و دەنگی بەرەکات عیسای پەیامنێری رووداومان بیست کە لە چیای شنگالەوە هەواڵی جینۆسایدکردنی کوردە ئێزدییەکانی لەسەردەستی داعش پێگەیاندین!

دەبێ ڕاشکاو بین، پێشمەرگە بۆ ئەو شەڕە بەرەییەی داعش دەیکات نە ئامادە بوو و نە پێشبینیشی دەکرد ئەوەی ڕوویدا ڕووبدات. لەوەتەی سەدام نەماوە، کوردستان هێزی پێشمەرگەی بەتەواوەتی مەشقپێکراو و پڕچەککراوی بۆ داکۆکیکردن لە سنوورەکانی نەبووە. بەشێکی گەورەی هێزی پێشمەرگە لەوانە پێکهاتبوو کە لەبەرامبەر دەنگدان بە یەکێک لە دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان مانگی هەفتەیەک دەوامیان دەکرد و مووچەیەکیان پێوە وەردەگرت. حکومەتی مالیکیش کەمتەرخەمیی نەکرد لە هەڵگوشین و پڕچەکنەکردنیان. بەیانییەک ئەو پێشمەرگانە لەخەو هەڵسان و سوپایەکی مەشقپێکراو و تیرۆریست و پڕچەکیان بەرامبەر خۆیان بینییەوە کە هێرش دەکات.

ئەوەی لە شەڕەکانی ئەم دواییەدا بەسەر پێشمەرگە هات، بۆ کورتمەودا باش و چاوەڕوانکراو نەبوو، بەڵام بۆ درێژمەودا بەهێزتری دەکات. لەوە گەڕێ کە حیزبەکان و میدیاکانیان دەستیان لە خووی چل ساڵەیان هەڵنەگرتووە و یارییەکی ناشیرینی سنگ دەرپەڕاندن دەکەن لە شەڕەکاندا، بەمەش ناهەقی دەکەن بەرامبەر ئەو پێشمەرگە و گەریلا ماندووانەی وڵاتەکەیان دەپارێزن نەک حیزبەکانیان، بەڵام کاتێک پێشمەرگە لە سنوورە ڕاستەقینەکانی باشووری کوردستاندا شەڕبکات و پڕچەک بکرێت و سەنگەری لێدابێت، کەواتە بۆ قۆناخی دوای داعشیش پێشمەرگە ئامادەیە بۆ پاراستنی ئەو خاکەی سەد ساڵە شۆڕش بۆ ئازادکردنی دەکرێت. ئەمەش کەم نییە.

ئێمە دەزانین "خەلافەتەکەی داعش"، بەو هەڵسوکەوتانەی لەخۆی نیشاندا، بووە منداڵێکی ساوا کە هەر لە بێشکەدا مەحکووم بێت بە مردن، بەڵام کەسمان ناتوانین بڵێین لەدوای نەمانی "خەلافەت"، داعش لەناودەچێت. ئەمریکا سێزدە ساڵە هەڵەی ئەوە دەکات کە دەیەوێ بە ڕێگەی سەربازی قاعیدە لەناوببات، بەڵام تەنانەت بە نەمانی بنلادنیش لەناونەچووە و ناشچێت. وەک لە میدیای ئەمریکیشدا باسدەکرێت، تەنیا ئەمساڵ زۆرتر لە شەست ملیۆن دۆلاری لەبەرامبەر ئازادکردنی هاووڵاتییە ڕفێندراوەکانی داوەتە ئەو ڕێکخراوە. داعش و هاوشێوەکانیشی هەروا دەبن، بەڵام لەجیاتی ئەوەی هەڕەشەی جەنگێکی بەرەیی لەسەر کوردستان دروست بکەن، ڕەنگە لە ئایندەدا ببنە هەڕەشەیەکی ئەمنیی هاوشێوەی حەماس و گرووپە توندئاژۆکانی فەڵەستین بۆ سەر ئیسرائیل. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەش عەقڵ و ئەزموونی ئیسرائیلیمان دەوێت.






ئاکۆ محەممەد

# سنووری کوردستان و حیزبحیزبێنە

جیهان، گرنگیی کوردستان دەبینێت، هەربۆیەش ئەو ئەمریکایەی دیموکراتەکان کە کەم بایەخ بە جیهانی دەرەوە دەدات، زۆر زوو لەسەر کوردستان هاتە دەنگ. ئەو هەڵوێستە سیاسییەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر پێویستی پاراستنی کوردستان پێشانی دا، تەواو پێچەوانەی ئەو بێدەنگی و ڕەتکردنەوەی هاوکاری کردنە بوو کە بەرامبەر حکومەتی نووری مالیکی و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا پێشانیدا. ئەوەش بە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بۆ سیاسەت و دیپلۆماسیەتی کوردستان تۆمار دەکرێت.

بەشێکی زۆری هۆکاری دروستبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هەروەهاش مانەوەو گەشەکردنی، بەهۆی گونجانی بوو لەگەڵ ڕوانگە تازەکانی سیاسەتی جیهان و، ئارامکردنی وڵاتانی دەوروبەری و دواتریش دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیان و ئینجاش پێشخستنی ئەو پەیوەندییانە.

ئەوە پوختەی مێژوو و، تێڕوانینی جیهانە بۆ هەرێمی کوردستان لە وێنە گشتییەکەیدا.

بەڵام پرسیاری گەورە کە ئەو ڕۆژانە دەکرێت، ئەوەیە ئاخۆ هەڵوێستە کردەیی و سەربازییەکەی ئەمریکا بچووکترە لە هەڵوێست و پشتیوانییە سیاسییەکەی؟

ئێمە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئۆباما یەک فڕۆکەی بۆ عێراق هەڵنەستاند، بەڵام بۆ کوردستان فڕۆکە جەنگییەکانی هەڵفڕاندن و ڕۆژی شەممەش دووپاتیکردەوە کە کاتی ئەو هێرشە ئاسمانییانە لە کوردستان بۆ سەر داعش دیاریکراو نین، واتە پەیوەست نین بە کاتەوە، بەڵکو پەیوەستن بە مەترسیی داعشەوە بۆ سەر کوردستان.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، پێویست بوو کوردستان خەمی ئەو سنوورەی بێت کە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەرشارە سوننەنشینەکان، لە ئەنجامی شکستی سوپای عێراق و پێشڕەوی پێشمەرگەدا بەدیهاتبوون. ئێستا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ورە و تاڕادەیەک خۆڕێکخستنەوەی پێشمەرگە و ڕووخانی ورەی داعش و کۆبوونەوەی پشتیوانی جیهان بۆ کوردستان لەبەرامبەر داعش، دەستوبردکردن لە گرتنەوەی هەموو شوێنەکانی پارێزگای موسڵ و دیالە، بەتایبەتیش شنگال، زۆر گرنگە. چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەمریکا هەموو دەرفەتێک لە بەرژەوەندی هێشتنەوەی یەکپارچەیی عێراقدا دەقۆزێتەوە، لە هەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکیشدا، زمانێکی گونجاو لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بەکاردێنێت، بەڵام بە ئامانجی یەکپارچە هێشتنەوەی عێراق لەو سنوورانەی تازەدا بەکاردێنێت. بۆیەش، لەوانەیە ئەمریکا ئارەزوویەکی هەبێت کە وەک پێشتر هێزی هاوبەش لە پێشمەرگە و سوپای عێراق، لە ناوچەکانی سنووری مادەی 140دا دروستبکاتەوە، ئەمەش گەڕانەوەی کوردستان دەبێت بۆ قۆناخی پێش کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە کوردستانیانە. ئەوەش بەکورتی دۆڕانێکی گەورە دەبێت بۆ کورد، بەڵام چەسپاندنی دیفاکتۆییانەی ئەو سنوورانە لەو ناوچانەی پێشمەرگە لە دوای شکستی سوپای عێراق کۆنترۆڵی کردبوون، چەسپاندنی ئەوەش لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراقدا، لەڕووی ئیداری و لە بودجەی عێراقدا، سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێت بۆ گەلی کوردستان.

ئەو هەوڵە کودەتاییەی کە مالیکی ئەنجامیدا، دەرفەت و پشتیوانی زیاتری ئەمریکا و جیهان دەداتەوە بەپێشڕەویکردنی جوگرافیانەی زیاتر بۆ کورد، بۆ پاراستنی ئارامی لە فراوانترین جوگرافیا لە عێراقدا لە مەترسیی داعش. لە هەمانکاتیشدا عێراق و لەگەڵیشیدا کوردستانیش دەکەوێتە بەر مەترسییەکی زیاتری داعش، چونکە هاتنەناوەوەی داعش بۆ عێراق لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی ئەو تەوافوق تێکدانەبوو کە مالیکی لە پرۆسەی سیاسی و لە بەڕێوەبردنی عێراقدا کردی.

بەڵام ئەوەی کورد لە ئامانجە گەورەکانی دووردەخاتەوە، ئەو حیزبحیزبێنەیە کە لەو کاتە هەستیارەدا دەکرێت. بەتایبەتی ئەو یارییە سیاسییەی لە 3ی ئەو مانگەوە لە دوای گرتنی شنگال لەلایەن داعشەوە، لەسەر ئازارەکانی کوردی ئێزدی دەکرێت لەپێناو قازانجی حیزبیدا. ئەوەش بەتایبەتی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، بەهەموو باڵەکانییەوە ئەنجامدرا. بەو مەبەستەی وەک خۆیان دەیانگوت "پارتی بەمیوانی بچێتەوە شەنگال نەک وەک خاوەن".

خەڵکی کوردستان پێیخۆشە کە دیمەنی یەکبوونی نەتەوەیی لەناخۆشییەکاندا دەبینێت، ئەوە ورەی نەتەوەی کورد بەرزدەکاتەوە، بەڵام کە دەبینێت ئازارەکانی بەشێک لە کورد لەلایەن حیزبێک یان چەند حیزبێکەوە بۆ قازانجی حیزبی بەکاردەهێنرێت، ئەوا بێزی لێدەبێتەوە.

ئەوەی میدیای PKK لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کردی، بریتی بوو لەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بەزیو نیشانبدات بۆ ئەوەی خۆی بەسەرکەوتوو نیشانبدات و قازانجی حیزبی بکات. هەروەها بۆ ئەوەبوو کە سەرکردایەتی پارتی بە کەمتەرخەم بزانرێ و زۆرجاریش دەیانگوت خاین و شنگالفرۆش. ئەوەش هەڵوێستێک بوو، بۆ نموونە تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پێشمەرگەی ئەوان بۆ پاراستنی خەڵکی باشووری کوردستان چوونە بەرەی پێشەوەی شەڕ و هێرشیانکردە سەر داعش و دیلی داعشیشیان هەبوون و تەسلیمی وەزارەتی پێشمەرگەیان کردن، هیچ کارێکیان نەکرد بۆ شکاندنی سیاسی و جەماوەریی پارتەکانی باشووری کوردستان.

ئێستا لەو ڕووداوە خێرایانەی عێراق و ناوچەکەدا ڕوودەدەن، دەرفەتەکان هێندەی مەترسییەکانن بۆ کورد، بۆیەش بیرکردنەوە لە ئامانجی گەورە، سیاسەتی کوردی گەورە دەکات و دەیگەیێنێتە ئاستی قۆناغەکە، بەڵام حیزبحیزبێنە ئەوەی ئێستاش لەنێودەبات.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# شکستی ئۆباما بەرامبەر داعش

زۆر کەمن ئەو جەنگانەی کە ستراتیژ و ئەخلاقی لایەنە تێگلاوەکان بەڕوونی نیشانبدەن وەک ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام حاڵی حازر نیشانی دەدات. ئەوانەی بوونەتە دوو بەشەوە دەتوانن تا کۆتایی شەڕە قسە بکەن لەبارەی پشتگیری و تێڕوانینەکانیان بۆ جەنگی ئیسرائیل و فەلەستین کە دەرئەنجامەکەی قسەوباسێکی زۆری نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام بە کردەوەیەکی زۆر کەمەوە. ئۆکرانیا بە شێواوی ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی چەند کەسێکی کەم دڵنیان لەوەی چی بکەن لەسەر ئەم کێشەیەو کەی بیکەن. سووریا بژارەیەکی سەختی خستە بەردەم ڕۆژئاوا سەبارەت بەوەی ئایا ئەسەد شەیتانە یان جیهادییەکان، هەروەها وای کرد بڕیاربەدەستانی واشنتن و شوێنەکانی دیکە ئیفلیج بن لە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ ئەو کێشەیە. شەڕو پێکدادانەکانی ناوچەی بیابانی ئەفریقا ئەوەندە ئاڵۆز و دوورە، هەرگیز نەکەوتووەتە ژێر ڕاداری ستراتیژی ئەوان، هەرچەندە جیهان هێشتا هەست بە تاوان دەکات کاتێک وەبیری دێتەوە کە هیچ هەڵوێستێکی نەبوو لە شوێنەکانی وەک ڕواندا و دارفور و کۆنگۆ.

بەپێچەوانەی کێشە نێودەوڵەتییەکانی دیکەوە، دڕندەیی دەوڵەتی ئیسلامی ئەرکێکی ڕوونی خستە ئەستۆی جیهان و بەتایبەت ئەمریکا. بۆ ئەوەش دەبێ سوپاسی لێدوان و گرتە ڤیدیۆییەکان بکەین کە تیرۆرستانی داعش خۆیان لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوی دەکەنەوە. کەس گومانی لەوە نییە کە ئەوان کێن: گوللەبارانکردنی دەستگیرکراوان و هاووڵاتیانی مەدەنی، سەربڕینی ئەوانەی کە ئاینیان جیاوازە لەوان، دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و تەماشاکردنیان وەک غەنیمە، تەقەکردنی هەڕەمەکی لە هاووڵاتیانی مەدەنی، تەقاندنەوەی مەزارە ئاینییەکان و شوێنەوارەکان، تەقینەوەی خۆکوژی، ئاژاوە نانەوە لە ناوچەکە و گۆڕینی دەوڵەتان بۆ خەلافەتی ئیسلامی کە لە سووریا و عێراقەوە دەستپێکرد و ئێستا بەرەو لوبنان و ئوردن و غەززە دەکشێ، فراوانکردنی مەودای شەڕەکەیان ئەوەندەی بتوانن لە هەر شوێنێکی جیهان.

وەک ئەوەی ئەمانە هەموو بەس نەبن، ئێستا قەسابەکانی داعش هەڕەشەی کۆمەڵکوژی لەو لێقەوماو و گوندنشینانە دەکەن کە لە ناوچەکانیان هەڵاتوون. لە چوارچێوەی پاکتاوی ڕەگەزی لە مانگی حوزەیرانەوە موسڵ بە تەواوی لە دانیشتووانی مەسیحی چۆڵکراوە، ئەو شارەی کە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵە لێی نیشتەجێن. لەوکاتەوەی داعش شاری شنگالی کۆنترۆڵ کردووە، دانیشتووانی ئێزدیش کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی کۆمەڵکوژی. نیوەی ئەو چوار سەد هەزار ئێزدییەی جیهان کە ئاینێکی کۆنیان هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مەسیحیەت و ئیسلام، ئێستا بێ ماڵ و حاڵ بوون و لە پرۆسەی ڕاگواستنتدان بۆ دوورخستنەوەیان لە هەڕەشەی داعش. لەکاتێکدا سەرقاڵی ئەم نووسینەم، هێشتا هەزاران هاووڵاتی ئێزدی بە گەنج و پیرەوە لەسەر چیایەک کە پلەی گەرما لەوێ 45 پلەیە، گیریان خواردووەو داعش گەمارۆی چیاکەی داوە. بەکورتی دڕندەیی داعش وایکردووە ئەلقاعیدە وەک کۆمەڵێک منداڵ دەرکەون، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە قاعیدە خۆی لێ بێبەری کردوون. قاعیدە زیاتر ئایدیۆلۆژیا و کۆمەڵێکی پەرتەوازە بوون، بەڵام داعش زۆر لەوە زیاترە. چەکدارانی داعش زیاتر خۆیان لە سوپایەکی نیزامیی دەوڵەتیدا ڕێکخستووە لەسەر بەشێکی زۆری خاکی سووریا و عێراق. پارەیەکی کاشی زۆریان لەدەستە لەگەڵ ئەو چەکە ئەمریکیانەی کە سوپا هەڵاتووەکەی عێراق بۆی جێهێشتوون. پێشڕەوییە سەربازییەکانی ئەم دواییەی گرووپەکە وایکردووە عەرەبە سوننەکان داعش و ڕۆڵیان بە گرنگ تەماشا بکەن. لەلایەکی دیکەوە، کەسیش لەم ناوچەیە نایەوێت لایەنگری لاوازەکان بکات. ئەو توێژەرانەی چاودێریی ئەم شتانە دەکەن، پێشڕەوییەکانی داعش بە "ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو" ناودەبەن. ڕەنگە ئەمڕۆ ئەوە جددیترین هەڕەشە بێت بۆ تەواوی ناوچەکە.

هەموو ئەو توێژەر و ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمیانەی چاودێریی ئەم بارودۆخە دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت: هێزە عەلمانییەکانی کوردستان دەبێ پڕچەک بکرێن کە ئێستا ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە. بەهۆی بڕینی بودجەکەیان لەلایەن بەغدا و نەبوونی هیچ یارمەتییەکی سەربازی، کوردی عێراق تووشی شکست بوون لەبەرامبەر ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییە پێشکەوتووەی ئەمریکا کە لە دەستی داعشدایە. کوردی سووریا پێشڕەوییان کردووە بۆ یارمەتیدانی کوردی عێراق لە دژی داعش، بەڵام ئەوانیش هیچ یارمەتییەکیان پێنەگەیشتووە سەرەڕای ئەوەی بۆماوەی دوو ساڵە لە سووریا لە دژی داعش شەڕدەکەن.

هەموو ئەمانە بەرهەمی سیاسەتەکانی ئۆبامان، نەیارە کۆمارییەکانی کەمێک لەو باشتر دەردەکەون، ڕەنگە ئەوانیش یان بەباشی تێنەگەن لەوەی چی دەگوزەرێ حاڵی حازر، یان نایانەوێ جەنگەکەی ساڵی 2003 وەبیری خەڵک بهێننەوە. خۆبەدوورگرتنی ئۆباما و پشتگوێخستنی کێشەکانی عێراق، سەرۆکێتیەک کە هەرگیز نەیویستووە مامەڵەی لەگەڵ بکات، وای کرد سیاسەتەکان بۆ بیرۆکراتەکانی وەزارەتی دەرەوە جێبهێڵرێت. ئەولەویاتی ئەمانیش سەلماندنی ئەوەیە کە هەڵە نەبوون لە پشتگیریی بێ مەرجەکانیان بۆ مالیکی لەماوەی ئەو هەموو ساڵە. لەبری ڕاوەستانەوە لەدژی کۆمەڵکوژی و ئەو هەڕەشە گەورەیەی لەسەر هەموو کەسێکە، زیاتر جەخت دەکەنە سەر پاراستنی "یەکپارچەیی خاک"ی وڵاتێک کە ئێستا هەر بەناو بوونی هەیە.



بێستون عوسمان

bestoon.othman@rudaw.net

# وانەکانی "مامۆستا داعش"

بەیانییەک بەخەبەر هاتین و تەماشامان کرد چەکدارانی یەکێک لە تۆقێنەرترین گرووپە تیرۆرستەکانی جیهان، شەنگالی داگیرکردووە. نەگەیشتینە ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەواڵی ئاوارەبوونی دەیان هەزار کوردی ئێزیدیمان بیست. فرمێسک و هاوارەکانی خاتوو ڤیان دەخیلی پەرلەمانتاریش هەموومانی تاساند و دڵمانی پڕ کرد لە گریان. ڕۆژی دواتر، مقۆ مقۆ و وتی وتی بڵاوبووەوە کە گوایە "داعش بەڕێوەیە بۆ هەولێر". بۆ یەک چرکەش باوەڕم نەکرد هەولێری تاکە پایتەختمان بکەوێتە دەستی ئەو دڕندانە، بەڵام تەنها بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی ئەوەی هەولێر لە ژێر هەڕەشەی تیرۆردایە و کاردانەوەی بەشێک لە خەڵکی هەولێر، زۆر خەمباری کردم.

قەت ئەو مافە نادەم بە خۆم ڕەخنە لەو پێشمەرگانە بگرم کە گیانی خۆیان کرد بە قەڵغان بۆ پاراستنی سەر و ماڵی هاونیشتیمانیانی ئەم وڵاتە. بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم کەم و کورتی گەورە هەبوو لە بەڕێوەبردنی هێزەکانی پێشمەرگە. پێموایە پێشڕەوییەکانی داعش لەناو سنووری باشووری کوردستان، زەنگێکی مەترسیداری ئاگادارکەرەوەن و پێویستە وانەی لێ وەربگیرێت.

ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن ئێستا کاتی ئەوە نییە باس لەم قسانە بکرێت. بە پێچەوانەوە ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەڵەکانمان ببینەوە و کەم و کورتییەکانمان دیاری بکەین و هەنگاوی جددی بنێین بۆ چارەسەریان. بە پێویستیشی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بە ڕای من تاک بە تاکی هاووڵاتیانی کوردستان شانبەشانی سەرجەم پارتە سیاسییە کوردییەکان بەشدارن لەم کەموکوڕییانەدا و ئەرکی سەرشانی هەموومانە بە خۆماندا بچینەوە و لێپرسینەوە لەگەڵ خۆمان بکەین، نەک ڕاکردنی داعش لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە ئەمریکییەکان شاگەشکە و سەرخۆشی سەرکەوتنمان بکات.

زۆر جێگەی دڵخۆشی بوو کە پێشمەرگەی پارتی و یەکێتیمان بینی شانبەشانی یەک لە بەرەکانی شەڕدا بوون. لەوە دڵخۆشکەرتر هاوکاری و یەکهەڵوێستیی گەریلاکانی پەکەکە و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بەڵام خودی ئەمانەش گەواهی دەدەن لەسەر بوونی کەمتەرخەمی لە سیستم و پلاندانان. سەرەکیترین کێشەمان نەبوونی سوپایەکی یەکگرتوو بوو کە لەلایەن یەک فەرماندەیی گشتییەوە بەڕێوەببرێت و بجوڵێنرێت. کەموکوڕییەکی دیکەمان ئەوە بوو چەند هێزێکی دیاریکراوی لێدەرچێت زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە مەشق و ڕاهێنانیان وەکو پێویست نەبوو، چەک و تەقەمەنی تەواویشیان پێ نەبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەکدارانی داعش بتوانن پێشڕەوی بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی پێکەوە بوون لە بەرەکانی شەڕدا، بەڵام هێشتا بە ئاشکرا دووبەرەیی دیار بوو. جاروبار ڕاگەیاندنەکانی هەریەک لەو پارتانەش بۆنی حیزبایەتییان لێدەهات. لەوەش گرنگتر بینیمان بە دەیان کەسایەتی سیاسی ناو حیزبەکان بەبێ ئەوەی پۆستی فەرمییان هەبێت لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی بەرەکانی جەنگ. خودی وەزارەتی پێشمەرگەش کە لە دوای هەڵبژاردنە گشتییەکان درایە بزووتنەوەی گۆڕان، ڕۆڵێکی باڵای نەبوو. لەمانە خراپتر ئەوە بوو، کاتێک لە بەرەیەک هەڕەشە دروست دەبوو، زۆربەی هێزەکان دەبرانە ئەوێ و بەرەکانی دیکە لاواز دەبوون. ڕاستە شەڕەکە لەپڕ و دەستە و ئێخە بوو، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە و بەرپرسیارانی سەربازیی ئەم وڵاتە مافی ئەوەیان نییە "بڵێن ئێمە ئامادە نەبووین". چونکە 25 ساڵە حکومەتین و 16 ساڵە شەڕی ناوخۆ نەماوە. دەبووایە لەو ماوەیەدا کارێکی جددی بکرایە بۆ پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتووی خاوەن سیستەم.

لەسەر ئاستی تاکە کەسیش، بە دەیان پێشمەرگەشمان بینی لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن، باسیان لە پلانەکانی هێرشبردن دەکرد و هەر یەک تەلەفۆنێکیان بەدەستەوە بوو خزم و کەسیان لە دوایین پێشهاتەکانی بەرەکان ئاگادار دەکردەوە. لە هیچ سوپایەکی نیزامیی جیهاندا نەبینراوە سەربازەکانی لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ مۆبایلیان پێبێت و سەرقاڵی پەیوەندیکردن بن.

ئەگەر لە پێشنیازی من دەپرسن، گرنگترین شت بە لای منەوە ئەوەیە کە عیبرەت لەم ئەزموونە وەربگرین و بەسەرماندا تێنەپەڕێت. دەبێت چی زووە سوپایەکی نیزامی یەکگرتوو پێکبهێنرێت. لەوەش گرنگتر بۆ سڕینەوەی مۆرکی دووبەرەکی بە پێشمەرگەوە، یاسای خزمەتی سەربازیی ئیلزامی دەربکرێت. هەموو گەنجێک لەگەڵ گەیشتنی بە تەمەنێکی دیاریکراو، بەبێ گوێدان بە بۆچوونی سیاسی، بخرێتە بەردەم خزمەتی سەربازی و لە یەکێک لە یەکە سەربازییەکان دابنرێت. ئەمە هەم مۆرکی حیزبایەتی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا دەسڕێتەوە و هەم ئەو هەستە لای هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان دروست دەکات کە بەشدارە و لێپرسراوە لە پاراستنی خاک و ئەمنیەتی وڵاتەکەی. لەوەش گرنگتر ئەوەیە مەشقی بەردەوام بە پێشمەرگە بکرێت و بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو مانۆڕی سەربازی ئەنجام بدرێت. پێشمەرگە بە بەردەوامی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەک کە ڕووی تێدەکات. چونکە ئێمە لە شوێنێکدا ناژین لە چواردەورمان ئەمین بین، بە پێچەوانەوە لە ناوەڕاستی دۆزەخدا هەوڵی بنیاتنانی بەهەشت دەدەین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more





وەنەوشە :
زۆر رۆمانسیم » 10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدولّلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



www.farukmedicalcity.com




## چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆریی تواناداری کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین رادەی خزمەتگوزاریی چرووپڕی پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000

fmc
FARUK MEDICAL CITY

